# هونەرستان

## خوێندنەوەگەلێکی هونەرییە
## بۆ دەقگەلێکی ئەدەبی و هونەریی

ئازاد گەرمیانی

چاپی یەکەم

کەرکوک – ٢٠١٢



ناوی کتێب: هونەرستان

بابەت: کۆمەڵە وتار

ناوی نووسەر: ئازاد گەرمیانی

تایپ و هەڵەچن: ئومێد جاف

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (١٦٠)

چاپخانە: کارۆ

چاپی یەکەم– ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠) دانە

پێش خوێندنەوە:

به کوردی و به کورتی

(زێڕ لەلای زێڕنگەر بەنرخە)

پوختەی پرۆژەی ئەزموونی هونەر بە گشتی و داهێنان بەتایبەتی، بزاڤی چالاکوانی ژیانی (بوون، هزر)ی مرۆڤەکانە، لە هاوکێشەی (نوێباوی و گۆڕانکاری ڕەسەنایەتی بیرۆکە)، کە چەندایەتی و چۆنیەتی و جۆرایەتی هەست و سۆز و ئاست و قۆناخ و مێژوو ژینگە و ڕەهەندەکانی دیکەی بوونی مرۆڤ دەسەلمێنێت.

هەر لەو پێودانگەوە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ هەر خوێندنەوە و ڕووانین و ئەزموون و پرۆژەیەکی هونەری خوێندنەوەیەکی هزری و بابەتیانە و ڕەخنەسازییانەی زانستیانە و هونەرییانەیە بۆ پۆلێنکردن و ئاراستەکردنی ئەقڵانی و دامەزراندنەوەیەکی ئەکادیمیانەیە بۆی.

لەم خوێندنەوەیانەدا چەند ئامانجێك دەردەکەون وەك:

* ڕۆشنکردنەوەی بانەی مێژوو و ژینگەی بوونی ڕەگەزیی و مرۆڤانەی کرۆك و بیرۆکە و بابەتی هونەری.

دەرخستن و ڕوونکردنەوە و تاوتوێکردنی ڕەخنەسازییانەی لایەنە هونەرییەکانی بەرهەمەکە وەك: (شێواز، شێوە، تەکنیك، بونیادی زمانەوانی و هونەری، ئاستی داهێنان و ڕەسەنایەتی، شیتەڵکردنی ڕەگەزە هونەرییەکان...، هتد).



بۆیە لێرەدا هەر خوێندنەوەیەك دەبێت بۆ هەر ژانرێکی هونەری لەم پێودانگەوە پیادە بکرێت، دوور لە هەر نەشتەرگەری و تیر و توانجی سیاسی و مەزاجی خوودانەی بەدەر لە ڕاڤەی هونەری.

ماڵی خوێندنەوە ئاوەدان

نووسەر

کەرکوك _٢٠١١/٩/١٥

ئازاد گەرمیانی

## هونەرمەند فوئاد شاکر هەمەوەندی
## ئاوازی دیمەن و.. نیگاری دەروون
## لە وەڵامی ڕۆژانەی کۆچە میللییەکان

(کامێرا) چاوی سێیەمی مرۆڤ هەر لە کاتی دۆزرانەوەی لە نیوەی یەکەمی گرێی سێیەی سەدەی نۆزدەم مرۆڤ و شارستانی و هونەری نیگاری بە ڤۆناغی(انطباعي) لە نێو چوار دیوارەوە گواستەوە بۆ دەشتی بەرفراوانی سروشت و خەیاڵاوی تر.. بۆیە هونەری فۆتۆگرافی یەکەم هەنگاوی تازەی خۆی لە ئامێزی سروشت و ژیان ناو دەروازەیەکی زانستی لە ڕووی مرۆڤ واڵا کردو مەودای هەست پێ نەکراوی دی پێ ئاشنا کرد هونەرمەند فوئاد شاکر. هەمەوەندی یەکێکە لەو هونەرمەندە کوردانەی لە عێراق و دەرەوە ئەنجام و دەنگدانەوەی زۆری هونەرەکانیان بە جیهان گەیاندوە وا لە خوارەوە نوێشکێ لە ژیان و بەرهەمەکانی و ئاماژەیەکە سەرنج و ڕوانینی هەندێ لە وێنەکانی دەخەینەڕوو:

★هونەرمەند ساڵی ١٩٤٩ لە بەغداد لە دایك بووە.

★١٩٦٢ دەستی بە وێنەگرتن کردووە و گرنگی بە سروشتی و ڕووداوەکانی ژیان داوە.

★ تائێستا هەژدە پێشانگەی کردۆتەوە.



★ ١٩٩٦/٦/١٢ دوا پێشانگەی لە هۆڵی (یزن) بە هاوبەشی چەند شێوەکارێك.

★ تۆژینەوە لەسەر وێنە و پێشانگەکانی کراوە و لە چەند ڕۆژنامەیەکی عێراقی بڵاوکراوەتەوە.

★ چەند بەشدارییەکی نێودەوڵەتی کردووە و بەرهەمەکانی لە هۆڵەکانی جیهانی نمایش کراوە و زۆربەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبییەکان بڵاوکراونەتەوە.

★ چەندین پاداشتی لە بواری وێنەی فۆتۆگرافی وەرگرتووە و هەروەها وەکو ڕەخنەسازێکی هونەری فۆتۆگرافی بەشداری کردووە.

★ بەرهەمەکانی هەڵبژێردراوە و لە کتێبی (فۆتۆگرافییە عێراقییەکان) لەلایەن خانەی نیشتیمانی بڵاوکراوەتەوە ١٩٨٧

پێشانگەکانی:

★ ئاوازی شوێنەکان.. بەغدا مرکز الفنون ١٩٩١

★ خولگەکانی ڕووناکی.. بەغدا هۆڵی نەسر ١٩٩٣

★ وێنە عێراقییەکان.. پاریس ١٩٩٢

★ دبلۆمی لە لایەن ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسی جیهانییەوە لە پێشانگەی جیهانی بۆ وێنەی ڕۆژنامەنووسی بەغدا/١٩٨٧

★ ئەندامی چڤاتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقە.

★ ئێستا وێنەگرە لە ڕۆژنامەی الجمهوریە.

★ ١٩٩٥ پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی لە عەمان(سەنتەری ڕۆشنبیریی شانشینی)

**وێنەکانی فوئادی**

هونەرمەند تەنها هونەری پەتی و مامەڵەکردن بە ئامرازی چاوی سێیەم(کامێرا) نییە وەکو(گەمەیەکی خودی دێرینەی منالآنە) بێ و کاتێکی شادی لە گەڵدا ڕابوێری و (بۆشایی)شەو و ڕۆژی پێ بەریتە سەر بەڵکو سەرەتا(ڕامان) و(قوڵبوونەوە) لەو بابەتە کۆمەڵایەتییانەی خەڵکی و ڕۆژانە کە دەربارەی ئەو مرۆڤانەی لە(گەمەی ژیان) لە نێو(ماڵ) و(پەیوەندی کۆمەڵایەتی) و (ڕوانینی) و (ڕێگەی ڕەفتار و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرو) و چۆنیەتی لێکگەیشتن) و (گۆڕینەوە) ی (گەلە چەمك و کارلێکەری) و (شوێنەواری کاریگەری) ژیان و مرۆڤ لە ڕوانگەی(چاوی هونەری هەستیار) و بە(هەستی هونەری) و (هونەری سادەی ڕۆژانە) ی لای هەمووان (دەستەمۆ) بە (هۆزان وەرگیراو).. هەروەها وێنەگرتنی تراژیدیای(گەمەی مەرگ) بە پەرەمووچی قژی (هەتاو) و (ئەندازەی تارمایی ڕەشاو لە (هەڵوێستی ڕۆژانە) و (تێبینی ناسك) و وروژاندنی (هەستی پێوانەبەدەر) لە کێشانی (هێڵ و پەڵەکانی ڕۆژگار) لەسەر ڕوخساری (پیرەمێرد) و بزەو ڕوانینی چاوی گەشاوەی(منالآن) و بەرجەستەکردنی(دیاردەکانی ناو بازاڕ) و (کارەپیشەییە دێرین و) و (کەلەپورییە ڕەسەنەکان) و دەرخستنی دەنگدانەوەی بارستایی ساختمان و باڵەخانە دێرین و گەڕەکە میللییەکان بە هاودەنگی مرۆڤ(تاك) و (کۆمەڵ) هونەرمەند فوئاد شاکر وێنەی (بارە



هاوبەشەکان) ی خولخواردوی(نەستگەلی- اللاشعور الجماعی) مان سەرنج پێدەدا کە (کاریگەری مێژوویی) لە ڕووکاریانا تیشکی بەربلاوی لە ئاستمانا ئاشناو دیمەنی نزیکی بیرو ڕەفتارو دەروونی پیادە پێکراون، چوارچێوەیەکی (جەشتاڵتی) سەرتاپاو گشتی و تەواوکراوە پێویست بە ڕونکردنەوەو لێدوان ناکەن هەروەکو سروشتی دەربڕینی جۆری هونەرەکە خۆی و وێنەکان بۆ وەرگیران وتووێژمان لە گەڵدا سازدەکەن هاوبەشی لەگەڵ هونەری (نیگار) و (ئاواز) کە لێرەدا شوێنەکان- ساتەکان- دیمەنەکان- هەڵوێستەکان دیاردەکان بە ژێیەکانی ئەو دیوی تویێ دەروون و پەڵەی ڕەنگا و ڕەنگی ئاوێتە بووی ئاوو هەوایان ڕاوی هەست و نەستی ناخمان دەبن. هونەرمەندی لە مەڕ خۆمان لەگەڵ ئەم ڕۆچوونە مێژووییە بە گیانی دۆزەرەوەی کیشوەری میللی دەروونی تیاژیاومان بێ تخوبی جوگرافی چنراو هەڵکەوتووە و سەرکەوتوانە بە بالآی بڵقەکانی ژینا هەڵمەتی بەزاندنی ڕادە هەڵنیشتووەکانی ڕێی والآکردن و داگیرکردنی بەهای دەوڵەمەندی زیاتری گەنجینەکانی دەدا پاشان خۆت لە ئاست گێتییەکی نوێ دەبینیتەوە کە هەر چاوەو بە شێوە رویەك دەیڕوانێ و لێی دەگات، ئەمەش ڕازو تایبەکاریی و ئاشکراو بێ ململانێ لە حەساری فۆتۆگرافیا سوارچاکانە غارغارێن دەکاو بێ گلان وێنە لای هونەرمەند فوئاد بە چەند قۆناغێك ڕەت دەبێ یەکەم نیشانلێگرتن و دووەم: ڕاوکردنە کە شوێن و ساتەکەی دیاریدەکا ئەزمونگەکەی قۆناغی

سێیەمینێ: کە سێبەشی کارە هونەرییەکانی لێ ئەنجام دەدا بێ ئەوەی لە چەشەی دیمەنەکە بگۆڕێ بەڵکو بەپێزتری دەکا.. کە هەروەکو ڕاوچی نێچیرەکەی خۆی و چێشتی دەکاو سوری دەکاتەوە و قاش قاشی دەکا.. تا ئامادەی خواردنی بێ هەروەکو ئەمیش لە سەر بەربەلەمی هونەری پێشکەش بە بینەر و میوانی وێنەکانی پێشانگەکەی دەکا تا چەشەی هونەری بکەن. ئامانجی وێنەکانی هونەرمەند گواستنەوەی خەونە بۆ پیادەکردنی جگە لە دەرخستنی جوانپۆشی شوێنەکان لەو پەڕی نمونەییدا کە پەیوەستە بە دەروونەوە. کە هەر لە یەکەم پێناسینەوە چاوەکانت. بە چەپکی تیشک سەرسام و ڤانگ دەدەن.



## جۆرج سانتیانا و... چەشەی هونەرییانەی بۆ جوانیی

نوێشکێك لە ژیاننامەکەی:. جۆرج سانتیانا(١٨٦٣- ١٩٥٣) لە دایك و باوکێکی ئەسپانی لە شاری مەدریدی پایتەخت چاوی بە ژیان ئاشنا بووە. هەر بە منالی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچیان کردووە. خوێندنی لە زانستگەی هارڤارد تەواوکردووە و پلەی دکتۆرای تیا بە دەست هێناوە و, تا ساڵی ١٩١٢ بە مامۆستایەتی وانەی فەلسەفەی تێدا وتووە. پاشان پارەو پولێکی زۆری بۆ جێماوەو وازی لە وانە ووتنەوە هێناوە. لە جەنگی دووەمی گێتییەوە بە ژیانێکی دوورە پەرێزی لە یەکێك لە کلێساکانی ڕۆما تا ساتی مردنی بەسەر بردووە.

- ڕێبازی هزرەوانی:.

سانتیانا هۆزانڤان و وێژەوان و فەیلەسوفێکی بلیمەت بووە, پێشڕەوێکی لێهاتووی ڕێبازی (فەلسەفەی سروشتی) بووە کە بە فەلسەفەی هاودەم ناو دەبرێت کە(ڕێبازی سروشتی لە دەروونناسی) لێ هەڵهێنجاوە. دەربارەی ئەو ڕێبازەش کە خۆی تێدا ڤاڵکردۆتەوە:

"ڕێبازێکە سروشت بەسەرچاوەی ژیان دادەنێت, خۆی واتە سروشت ڕاڤەی خودی خۆی دەکات, هەر خۆی گشت ڕاستییەکانە, نە لە پاشی و نە لە سەرووییەوە هیچ شتێك نییە, هەموو شتێك

لەناو جەرگەی سروشت خودی خۆیدایە, مرۆڤ بەجەستەو هزریەوە لە ڕەگەزەکانی سروشتن. ئەمەش وەڵامدانەوە و لێکدانەوەی هەردووبەشی دابڕاوی(مەتریاڵ و گیان) و(جەستە و, هزر)ە. لە پەرتووکەکەیدا (هەستکردن بە چەشەی جوانیی) کە لە ساڵی ١٨٩٦ بڵاوی کردۆتەوە سەرجەم ڕاوبۆچوون و ڕوانینی فەلسەفییانەی خۆی سەبارەت فەلسەفەی جوانیی هونەر و ژیان تێیدا تۆماریانی کردووە بە دوور و درێژی و نمونەی تیۆری و پیادەکردنی لەسەر سەرتاپای ژیان و دەوروبەر بە تێر و تەسەلی ئاماژەی بۆیان کردووە. ئەو چاپکراویشی تێکڕای وانەکانی (مێژووی بیردۆزدی جوانیی)یە کە لە زانستگەی هارڤارد لە نێوان ساڵانی (١٨٩٢- ١٨٩٥) وتوویەتیەوە.

پێشەکی:

لە پێشەکی کتێبەکەیدا تێڕوانینی خۆی نیشانە دەکات کە لە گۆشە نیگای مرۆڤانە و بە چاوێکی چەشەوەرگری هونەریانەی بەرزەوە کە هەست و ڕەگەزەکانی دەکات بە سەرپشك و ئەوجا لە ئاستی جوانی پەرستێکی باڵادا بەختوکەدانی ئەندێشەیەوە باس لە (جوانیی سروشت و مرۆڤ و هونەر و وێژە و بیر و فەلسەفە و بیردۆزەو بەهاکانی و تاوتوێکردنی ژیرانە و هونەرییانە و دەرونییانە و جیاوازی نێوان بەهای ڕەوشتیاری و جوانسازی هونەر و- کارو- یاری هەروەها ماناکانی ڕوونکردنەوەی ئەلفوبێی گشتی سیفەتی جوانیی, چەشەی جوانیی و چەشەی مەتریاڵی,



کاریگەری سۆزیاری ئایینی, سوود و قازانج و بەرژەوەندی جوانیی, خود لە ڕوانینە بەرهەمی جوانییدا, پێشکەوتنی جوانی لە خودەوە بۆ بابەت, دەکات,

- ڕوانینی بابەتییانە:-

هەروەها جیاکردنەوەی بۆ چوونی ڕەخنەسازیی لە هەستکردن بە چەشەی جوانیی لە هەوڵدانێکدا بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی چییەتی جوانی بەپاڵپشتی زنجیرە تۆژینەوەیەکی مێژوویانە و ڕەخنەسازییانە و دەروونیانە ڕاو بۆ چوون و بیردۆزە فەلسەفییەکان لە ئەفلاتوونەوە تا کاتی نووسینەکە بێ سەپاندنی چەشەی تایبەتییانەی خودی خۆی تۆمار دەکات. هەروەکو لەم چەند بڕگەیەی خوارەوەدا بە نموونە دەیهێنینەوە ووتوویە:-

"ئەفلاتوونیزم دەربڕینی (غەریزە- نەوس) ی سروشتیمانن دەربڕینێکی جوانە نیشانەی هەست ناسکی و چەسپاندنی ویژدان و دەربڕینی قووڵی ئاواتەکانمان, سیفەتی کانی خوداوەندە و تەواوی ئەنجامی ڕامان و بیرکردنەوەمانن لێوەیان, ئەوەش دوورخستنەوەی هاودژی و دووفاقییە لە نێوان توانا و ڕوانین. ڕوانینە جوانەکانیشمان بەهرەکانی فامکردنی هەستەوەرەکانمانن سیفەتی تەواو وەردەگرن. کە مایەی ئەزموونی جوانخوازی و بەختەوەریمانن"

- ئامانجی هەستکردن بە چەشەی جوانیی:-

سانتيانا ئامانجى هەستى چەشەكردنى جوانيى بۆ دووخاڵ دەگەڕێنێتەوە:

١- پێويستى فێربوونى ڕوانين

٢- پێويستى جۆشدانى ئەندێشە بۆ ڕوانينى بابەتيانە.

سانتيانا بەمجۆرە ڕاڤەى هەستى چەشەكەرى جوانيى دەكات:

"هەستكردن بەجوانيى تەواوكەرى ناخۆشى و مەرگەسات و كەموكوڕييەكانى ژيانە، لە وێنەيەكى نموونەييدا، كە دروستكەرى مرۆڤە بۆ دەرفەتدان لە ڕووى مرۆڤدا و بەردەوامبوونى و پڕكردنەوەى ئەو بۆشاييانەى لە ماوەى ژيانى ڕۆژانەدا وەكو پێويستييەك لە بەرەنگاربوونەوەى كێشەكانى هەر بۆيەش داهێنان بە ماكى پێويستى پێناسە كراوە"

نموونەيەكى شيعرى بۆ پێناسەى جوانى:-

"جوانيى لەو ئەستێرەيە دەكات لە دوور دەدرەوشێتەوە، كە نەمرەكان نيشتەجێين"

هەروەها لە بەراودكردنى مێژووى جوانيى لە ڕابردوودا بەمجۆرە دەڕوانێت:

"پێشينان جوانييان بە حەق، دەربڕين بۆ بووچوونێكى نموونەيى، يا هێماى بێ خەوشى خوداوەند، يا ڕووخسارى هەستى چاكەخوازى پێناسە كردووە ئەمانە مايەى چەشەكردنن بەڵام ڕوونكردنەوەى بەردەوام هەڵناگرن. لە خۆياندا"



## فيلمى (كوشتنى لۆركا)ى شاعيرى گەلى ئەسپانيا

ساڵى ١٩٣٦ ((فرانسيسكۆ فرانكۆى ديكتاتۆرى ئيسپانى، كودەتايەكى سەربازيى خوێناوى لە ئەسپانيا بەسەر ڕژێمى كۆمارى ئەسپانيا كرد لەو كوشتارەيدا بۆ چەسپاندنى فەرمانڕەواى ديكتاتۆرييانەى خۆى يەك مليۆن هاوڵاتى بێ چەكى ئاشتيخوازى ئەسپانى گوللە باران كران لە نێو ئەو ژمارە زۆرەدا كە ئەو كودەتايەيان ڕەتكردەوە، گابريل گارسيا لۆركاى شاعير بوو(١٨٨٢- ١٩٣٦) كە قايل نەبوو ئەسپانيا جێبێڵێ.. سەرەڕاى ئەوەى كە دەيزانى دەستگير دەكرێ و دەكوژرێ، بەڵام لەكەڵ خەڵكى وڵاتەكەيدا ئازايانە بەرەنگارى ئەو نەگبەتيە بووەوە كە دووچارى گەلى شۆڕشگێڕى ئەسپانيا ببوو.. بە شيعرە جەربەزەو ياخييەكانى ڕووبەڕووى كودەتاكە بووەوە. دەقى ڕووداوى كوشتن و ژياننامەى شاعير و گەلى ئەسپانيا لە ڕۆژانى كۆكوژييەكە لەلايەن نووسەرى ئەسپانى(ريكاردۆ فرانتيس) نووسراوەتەوە كە خۆيشى بەشدارى ڕووداوەكانى ڕۆژانى مەرگەساتەكەو دواى ئەوەيشى كردووە. كە لەوكاتەدا قوتابييەكى قۆناغى سەرەتايى بووە و چاوى بە شاعير كەوتووە و سەرنجى ڕاكێشاوە و خۆشى ويستووە. سەرەتاى فيلمەكە بەمجۆرە دەستى پێكرد:-

(ريكاردۆ) نووسەرى دەقە كە لەگەڵ دايك و باوكى و "هۆرقى"هاوڕێى و جەماوەرێكى زۆر لە يەكێ لە شانۆكانى

شارى(گەرناتە) تەماشاى نمايشى يەكێ لە شانۆسازييەكانى((لۆركا)) دەكەن.. شانۆگەرييەكە بە دەستەواژەى بەهێزو دەربڕينى سەرنجڕاكێش دەستپێدەكات دەبێتە مايەى مقۆمقۆى جەماوەر لەوكاتەدا هەندێ لە جەماوەرهەڵدەستنەسەر پێ و دەيانەوێ دەرچنە دەرەوە لە هۆڵی شانۆكە هونەرمەندەكانى سەر شانۆكە هەڵوێستەيەك دەكەن هەندێ لە هاوڕێكانى لۆركا ئامۆژگارى لۆركا دەكەن تانمايشەكە ڕابگرێ بەڵام شاعير ڕازى نابێ و سەردەكەوێتە سەر تەختەى شانۆو لە بەرامبەر جەماوەر ڕادەوەستێ و دەڵێ دەبێ نمايشەكە بەردەوام بێ.. هەر لەو كاتەوە ناوى دەكەوێتە ناوانەوە وەكو شاعيرێكى ياخى و ئازا و جەربەزە لەم كاتەدا ئەوانەى لايەنگيرى بۆ چوونەكانى لۆركا دەكەن پيرۆزبايى دەكەن و بەرهەڵستكارانى دەردەچنەدەرەوە. كەچى (ريكاردۆ) بەرامبەر لۆركا دەبێتەوە و چاويان يەكانگيرى يەكدى دەبێت و كتێبێكى دەداتێ بۆ ئەوەى مۆرى خۆم لەسەربنێت و پێى دەڵێ: لەبيرم نەكەيت بۆ چەند جارێك ئەم ڕستەيەى پێ دەڵێتەوە. ئەمە يەكەمين و دووامين چاوپێكەوتنى بوو لەگەڵ لۆركادا.. هەر لەو ساڵەدا واتە(١٩٣٦) ساڵى نمايشەكە.. لەپڕ چەتەوڵەكانى فرانكۆ گەڕەك و بازاڕ و شەقامەكانى گەرناتە و شارەكانى دى ئەسپانيا داگير دەكەن و دەكەونە ڕاونانى شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبيران و هونەرمەندان و شاعيرانى ئەسپانيا و خەڵكێكى زۆر دەگرن و زيندانييان دەكەن و بێ داوەرى كردن گوللە بارانيان



دەكەن.. هاوڕێكەى ريكاردۆ, ((هۆرڤى)) لە بەرچاوى دەكوژن و بەمجۆرە زۆربەى خەڵكەكەى دى ئەوانەى كە تواناى خۆ ڕزگاركردنيان دەبێ بەرەو ئەمەريكا و وولاٌتانى دى ڕادەكەن((ريكاردۆ و دايك باوكيشى يەكێك دەبن لەو خێزانانە.. بەڵام ريكاردۆ پاش هەژدە ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەسپانيا و بە دوواى ڕاستى و بەڵگەى كوشتنى لۆركا دەگەڕێ.. بەپرسين لە هاوسێ و هاوڕێكانى و ناسيارانى ئەوانيش لە ناوچەى (ئێنريش) ى سەر بە گەرناتە (نيستەر كونزالينى) هاوڕێى لۆركاى لێدەبێ. هەر لە ماڵى ئەويشدا لۆركا خۆى دەشارێتەوە و لەوێشدا دەيگرن پاش چەندين هەڵوێستى ناهەمووارو هەڕەشە و گوڕەشە لێكردن لە لايەن دەسەڵاتدارانى فرانكۆوە بۆ ريكاردۆ ڕێلێگرتنى و پاشان بەندكردنى و دووايى بەرەڵاكردنى بەومەرجەى يەكسەر ئەسپانيا جێبێڵێ و بەرەو ئەمەريكا بگەڕێتەوە بەڵام نووسەرى لاو ئازايانە بەدوواى تاوانباران دەگەڕێ و يەك بەيەك دانپيانانەكانيان دەبيستێ و لەوانەش(كابينۆ) و (سانتانۆ) و(كۆلۆنيل) حاكمى گەرناتە و باوكى خۆشەويستەكەى و هاوڕێى باوكى كە بۆى دەردەكەوێت لە كاتى كوشتنى لۆركادا ئەوانە هەموو ئامادەبوون و بەر لە كوشتنى لۆركا پيرەمێردێكى ئەسپانى لەبەرچاوى دەكوژن و تا چاوترسێنى بكەن و بەر لە كوشتنى جەستەى گيانى بيروباوەڕو شاعيرێتى لێ زەوت بكەن.. بەڵام ئەو هەروەكو لە شيعرەكانيا چاوگەش و پتەوو ئازاو ڕاستگۆ بووە هەر بەو جۆرەش ڕووبەڕووى

چارەنووسی چاوەڕوانکراوی خۆی بۆتەوە و دەرکەوتیش ئەوانەی کە لۆرکایان کوشتووە ((کۆلۆنیل)) بەدەستی خۆی دەمانچەکەی دەستی سانتانۆی گرتووەتە دەست و یەکەم گوللەی لە سنگی لۆرکا وەشاندووە و دووەم گوللەیش لە ژێر زەبرو پاڵەپەستۆی ناوبراو بەدەستی باوکی ریکاردۆ بووە کە ئەویش یەکێك بووە لەوانەی ڕەشبگیرکراوەو ناچاری ئەو شتەکراوە.. ئەوەی نەزانراوە لۆرکا مۆزیك زانیش بووە و دووا ڕۆژانی ژیانی بەر لە کوشتنی بەپیانۆژەنین بەسەربردووە بۆیە ئەو شاعیرە ڕاستگۆ و شۆڕشگێرە ئازایەی کە ئێستا ئەو نووسەرە لاوە ئەسپانیە یادی کردۆتەوەو ڕۆمانی ڕووداوی کوشتنی ئاشکرا کردووە وەك ڕاستییەك بۆ ڕێزلێنان و یادخستنەوەی ئەو کەڵە شاعیرەی بە کردارو ووشە سەلماندی کە شاعیری ڕاستەقینەی یەکەمی گەلی ئەسپانیایە ئەم فیلمەیش بەلگەیەکی دی هونەرە بۆ بیرەوەری شاعیرێتی لۆرکا یادی بەخێر.



## ڕۆمانی (١٩٣٤)ی ئەلبیرتۆ مۆراڤیا) و(بێ هودەیی)

ئەشێ لە بێ هودەییدا بژیت و پەرۆشی مەرگ نەبیت) ئەم دەستەواژەیە گریمانەی بڕبڕەی پشتی ڕۆمانی (١٩٣٤) ی نووسەری ئیتالی(ئەلبێرتۆ مۆراڤیا) یەو لەشێوەی پرسیاردا و لە خەیاڵی نووسەری ڕۆمانەکەو کەسی یەکەمی ڕۆمانەکە بەسەرزاریدا دێت کە(هەواجس - خەم)ی تاکی ئەورووپاییە بەگشتی و هەردوو هاوڵاتی ئەڵمانیاو ئیتالیا بەتایبەتی لەپای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و ووردوخاش بوونی کەسێتی مرۆڤەکان لە ئەنجامی قوماربازی سیاسی هیتلەر و مۆسۆلینییە کە ئەم ڕەفتارە سەرەکییە کە کەش و ئاوو هەوای جەنگ کوشتارو خوێن ڕشتنی بێ ئەنجامی مرۆڤ بەدەستی برای مرۆڤی خۆی لە ژێر کاریگەری ونبوونی پێوانەی مرۆڤایەتی و بەها پیرۆزەکانی و داڕوخانی بنمیچی گشتی و خۆسەپاندنی بەرژەوەندی و تاکڕەوی هەردوو سەرکردە ناوبراوەکەو بەو ئەنجەتەی سەرەوە لەبەرچاوی گەلەکەیان و ئەنجەتی تێکچوونی شیرازەی یەکسانی و هاوسەنگی نێودەوڵەتی و پیادەکردنی (بیانوو لە گوناە خراپتر) وەکو مۆتەکەی شاخدارو ملۆزمێکی کوشندەو مەترسیدار چارەنووسی گەلانی جیهان و ئاسودەیی و ئاسایشی وڵاتانی دەوروبەر و هاوسێ و هەژارەکانیان بەبێ هیچ پابەندبوونێکی مرۆڤانە مفتەخۆرانە مار ئاسا ئاڵانە گەردنی گەلانەوەو بوونە مایەی دروستکردنی

چەندان ملیۆن ڕووداوو دیاردەی مەرگەسات و کارەساتی جەرگبڕو دڵتەزێن تەوێلی مێژووویان پێ چزاندەوە ئەم ڕستەیەی سەرەوەش بە کەڤاڵێکی نیگاری نیگارکێش (دۆرێر) بەناوی(مانا خولیا) دەچوێنی.. پاش ئەوە بیرەکەی دەگوێزێتەوە سەر ژن و مێردێك کە لەسەر کورسی لە بەرانبەری دانیشتون بە خەیاڵ لەگەڵ ژنەکەدا خۆشەویستییەك لە ڕوانگەی چاوەوە دروست دەکات و بەشێوازی وڕێنەو گێڕانەوەی وەسفی و درێژدادڕانەو دەمەتەقێ و هتد دەست بە داڕژتنی ڕۆمانەکە دەکات لە چەند شوێنێکی جیاوازی ڕۆمانەکەشداچەند ڕوویەکی ڕەشبینی و بێهودەیی پاڵەوانەکە دەبینینەوە کە ئاماژەی هاودژی دەوروبەریەتی وەکو:

(بۆنەی وا هەیە گەر بوێرانە بتوانین ناوی چەپەڵی لێ بنێین بەو پێیەی نیشانەی دڵسۆزی و ڕەسەنایەتییە) خۆکوشتن یەکێکە لە ئەنجامە دیارەکانی ڕەشبینی و بێهودەیی کە ئەمەش سیمایەکی ڕوونی ڕۆمانەکەیە هەروەکو لەم دەستەواژەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

(پێش چەند ساڵێك ڕووداوی خۆکوشتنێك بووە مایەی سەرنجێکی قووڵ کیژێك لە (ئانا کابری) خۆی لەسەرپردی (لامیکلیارا) فڕێدایە خوارەوە لەسەر تاشەبەردێك گیرسایەوە کە دەیڕوانییە هەڵدێرێك بە هەردوو قژە گرێدراوەکەی دووچاوەکانی داپۆشی و ..) هۆی خۆکوشتنەکەی چی بوو.. دیارە لەبەر خۆشەویستی بووە.. کۆتایی ڕۆمانەکەش بە خۆکوشتنی دوو ئافرەت دێت لە



کەناری دەریایەکدا یەکتریان لە ئامێزگرتووە ئەویش خۆکوشتن لە ڕێگەی گازی ژەهراوی (سیانید) ەوە کە هەردوو ژنەکەش شەیدای یەکتریان ئەو دووانەش(پاولا) کە پاش ئەوەی مێردەکەی ئەو پەیوەندییە ناوازەیەی بۆ ئاشکرا دەبێت و وازی لێ دێنێت (بیتی) یش ئەو ژنەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە لە یەکەم نیگاوە شەیدای دەبێت هەروەکو لەسەرەتاوە لە وێستگەکە چاویان یەکانگیری یەکتری دەبن، هۆی خۆکوشتنەکەش بێ گومان بێهودەیی و ڕەشبینی و ناتەباییە لەگەڵ دەورووبەرا، بەڵام ڕەشبینی (بیتی) لە ڕوانگەیەکی ڕۆشنبیری یەوەیە هەروەکو دەیەوێت لاسایی خۆکوشتنی دووقۆڵی (کلاسیت) و(هنریت فوکل) بکاتەوە کە دوو شەیدای فەرەنساوین لە کاتێکدا بەڕووتی باوەشیان لە یەکدی دابوو ئەویش بە ئەو ئەنجامەی کە بێهودەیی بوون لە ژیان سەپاندبووی بەسەریانا کە مەرگ ئەو دوای کاروانی ژیان تەواو دەکات بە دەست پێشخەری خۆیان نەك مردن بە نەخۆشی یا ڕووداو یا هەر ڕووداوێکی سروشتی یا ناکاو ئەمەش ئەگەرمانایەك بگەیەنێ ئەوە دەسەلمێنێ کە تێڕوانینێکی فەلسەفییانە بۆ ژیان و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنێکی ڕۆشنبیرییانەیان گرتووتە بەر. بەڵام وەکو بێچارەیەکی بێهودەو ڕەشبین. پاشان چەند پەرەگرافێکی دی بێهودەییانە لە شێوازی لافیتەو وڕێنەو هەڵوێستە ی فەلسەفییانە لەخۆدەگرێ هەروەکو لە: (ژیان کاڵایەکە نرخی هەیە کاتێ کە ڕێزی ناگرین. مایەی گەندەڵییە نەزانین چۆن وازی لێ بێنین لە

پێناوی کۆتاییە مەزنەکان. ئەو مرۆڤەی توانای هەیە بە ئاسانی پشت لە ژیان بکاو خۆشحاڵ بێ بە ئەنجامەکەی هەر خۆی بە تەنیا توانای بەکارهێنانی چاکخوازی هەیە بەڵام ئەوەی ژیانی خۆش گەرەکە بە قووڵییەوە ئەو کەسە پێشوەخت ڕەوشتێکی مردووانەی هەیە چونکە وزەی داهێنەر و باڵای واتە توانای قوربانیدانی بە ژیانی خۆی کەڕوو هەڵدێنێ کاتێ دەیەوێ بیڕوێنێ) ل ١٣١ هەروەها بەکارهێنانی کرداری سێکسی بۆ ڕابواردنی کات و هەست کردن بە بوونایەتی بە دامرکانەوەی ئارەزووکاری ناوگەڵ وەکو: ( ویستم سۆزانییەکە بەکاربێنم بە ئامرازێك بۆ سەرفرازکردنی لە ئازاری ئارەزووکاری) ل ٩٦ هەروەها دەڵێ: (ئەم ئاڵوگۆڕەی بێهودەیی و ئارەزووکارییە مل کەچم دەکا) ل ٢ هەر لەبارەی بێهودەییەوە بەردەوام دەبێ دەڵێ: (هیچ شتێك بەگوێرەی ژیان سەرکەشی نابەخشێت.. ئەوەت لەبیربێ دەتوانرێ بەڕەفتارێکی سەرکەشانە تووڕ هەڵبدرێ) ل ١٣٢ ئەم بارە دەروونییەی کە ئەنجامی خۆکوشتنی دەبێ ڕەنگدانەوەی پاڵنەری گشتین هەروەکو دەڵێ: (ئەوەی لەپشت پاڵنەری تایبەتی مرۆڤەوە دەوەستێت لە زەوتکردنی ژیانی بە پاڵنەرە گشتییەکان ناوزەد دەکرێت) ل ١٣٢.

سەرچاوە: رواية البرتومورافيا – ترجمة د. فاضل السعدوني ١٩٨٨ الطبعة الاولى منشورات مكتبة التحرير.



**خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی کۆلۆنیل کەس نی یە نامەی بۆ بنووسێ**

ڕۆمانی ((کۆلۆنیل کەس نی یە نامەی بۆ بنووسێ))ی نوسەری ناوداری کۆلۆمبیا((گابریل گارسیا مارکیز)) نووسیویەتی بابزانین خۆی لەبارەیەوە چی وتووە:

((لە ڕۆمانی(کۆلۆنیل کەس نی یە نامەی بۆ بنووسێ) دا چەند شتێك نەوتراوە و, نیمچە شاراوەو, خامۆشیەکی سەخت و, سەمەرەی نهێنی تێدا هەیە, هەروەها ئەو پەرتووکە کە لاپەڕەکانی ناگەنە سەد بۆن و بەرامەی نادیاری بەسەرەوەیە, بەڵام نادیارییەکە بەسێبەری ڕووناك گەمنارۆ دراوە, چەند کەسێتیەکی کەم لە ڕۆمانی ئەمەریکای لاتینی چاوخواری ئاوهای وروژێنەرەکان دەبن وەکو(کۆلۆنیل) ی پیری خەمخۆر, کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە مێشکدا پاش خوێندنەوەی پەرتووکەکە بە زیندوێتی دەمێنێتەوە, کە لە منالێکی سەیرو بەساڵاچوو دەچێ, هەروەها شێت و ژیریشە, سەرنج ڕاکێش و, مرۆڤپەروەرەو, سەرسوڕهێنەرو, تراژیکۆمێدی یەو, بە تەنها کەسێتییەکی کێشراو نییە لە دەرەوە بەس بەڵکو دیسانەوە گیانلەبەریشە, (کۆلۆنیل) گاڵتەبازی یەکە, بەڵام بەر لەهەر شتێك چیرۆکە, چیرۆکێکە نایەڵێ بگەینە کارێکی دیاریکراو, بەڵکو بۆ کەسێتییەك, بەڕوونی یەکجاری ڕوانینێك. لە هەمان کاتدا کە ڕۆمانی سەردەمی ناخۆش, م دەنووسییەوە, ئەم ڕۆمانەم

نووسی. وایش دەزانم ئەمەی دووای چاکترین ڕۆمانەکانمە بەبێ گومان و, هەروەها پێویست بوو لەسەرم((سەد ساڵ لە گۆشەگیری)) دا بنووسمەوە تا خەڵکی ئەم ڕۆمانە بخوێننەوە چونکە ئەم پەرتووکە لە کاتی خۆیدا ناوداری خۆی وەرنەگرت)) شوباتی ١٩٧٩ لە چاوپێکەوتنێکا لەگەڵ گۆڤاری بۆ هیمیای کوبایی ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٥٧ لەپاریس مارکیز نووسیویەو ئارەزوو ئەشکەنجەکانی یەکێ لەو هەزاران ئەفسەرانەیە کە لە جەنگی خۆخۆری ئەسپانیا لەسەر کوتکردنەوەکەی گەلی ئەسپانیاو کۆمارە پێشکەوتوخوازەکەی ئەسپانیا بوونە داردەستی کودەتا عەسکەرییەکەی (فرانکۆ) خوێنرێژو تۆقێنەر کە مەرگەساتە سورەکەی(گۆرنیکا)ی تیا ڕوویدا.. ئەو کۆلۆنیلەی زنجیرەی لەڕیزی خانەنشینکراوەکان ژمارە(١٨٣٠) ی بۆ دانراوە بەڵام بێ ئەوەی موچەی بۆ ببڕێتەوە هەر بەناو خانەنشین بووەو پشت گوێ خراوە بۆیە پاش چاوەڕوانی زیاد لە پانزە ساڵ بەسەر خانەنشینکرانی هەموو ڕۆژانی هەینی سەر لە فەرمانگەی پۆستە دەدات تا هەواڵی موچەکەی بزانێ بەڵام بێهودەیی ئەنجامێتی سەرەڕای گۆڕینی پارێزەرەکەی هەر بێ سوود دەبێ.. بەمجۆرە خۆی و ژنە نەخۆشەکەی توشبووبە(تەنگەنەفەسی- الربو) لە بارێکی دەروونی سەخت و پەرۆشا دەبەنەسەر کەڵەشێرێکی دەبێ ناچار بیر لە فرۆشتنی دەکاتەوە ئەویشی بۆ ناچێتەسەرو دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن و ڕابواردنی دەوروبەری تا دەگاتە ئەوەی لە ژێر ڕای



خەڵکی لە گرەوێکی بەشەڕدانی کەڵەشێرا بەشداری بکات ئەو گرەوەی بەر لە نۆمانگ کوڕە تاقانەکەیان لەسەر بەر چەقۆداو کوشتیان. بەهۆی ئەو کەڵەشێرە سەیرەی سەرێکی زۆر بچوکی هەیە بەرانبەر پێیە گەورەکانی بەڵام ئەمیشیان تەنها چاوەڕوانی یەو(٤٥) ڕۆژیش وادەی گرەوەکە ژنەکەی ڕووبەڕوی دەبێتەوەو پێی دەڵێ: تا ئەو کاتە چی بخۆین.. پێم بڵێ چی دەخۆین. ل ٨٨. کۆتایی ڕۆمانەکە بەم جۆرەیە: (کۆلۆنیل لە ماوەی نەوەد و پێنج ساڵدا- نەوەد و پێنج ساڵی خولەك خولەك, تا گەیشتە ئەم ساتەی هەستی بە پاکژی و ڕوونی دەکرد بەوەی کە نادۆڕێ لە هەمان کاتدا وتی: گووە! (بۆ یەکەمین جار لە ژیانیا ئەو پیاوەی بینییەوە کەکوڕەکەی بە گوللە کوشتبوو.. ل ٧٤. مارکیز لێرەدا هاودژی خۆی دەکاتەوە کە لەسەرەتای ڕۆمانەکە وتبووی کوڕەکەیان بە چەقۆ کوشتبوو.. ل ١٥. هەروەها لە سەرنجی ئەم دەمە تەقێیانەی خوارەوە: ((ژنەکە- ئێمە لە ژیانا بۆگەن دەبین)) ل ٨. ((کۆلۆنیل- نەخۆش نیم.. تەنها هەست دەکەم لە ئۆکتۆبەرا چەند زیندەوەرەێك لە هەناوما دەژی)) ل ١٤. ((ژنەکە- جیهان خراپ بووە)) ل ١٩. ((کۆلۆنیل- ئەو ڕۆژەی نەخۆش دەکەوم خۆم نیشانی کەس نادەم بەڵکو خۆم فڕێدەدەمە تەنەکەی زبڵەوە)) ل ٢٤. ((ژنەکە- پێویستە مرۆڤ ئارامی گامێشی هەبێ وەکو تۆ تا ١٥ ساڵ چاوەڕوانی نامەیەك بێ)) ل ٣٢. ((کۆلۆنیل- ئەم قسەیە وەکو مەتەڵی کەڵەشێری خەساوی لێهاتووە)) ل ٣٤. ((پارێزەر- بێ

ئەمەکی مرۆڤایەتی سنوری بۆ نییە)) ل ٣٥. ((کۆلۆنیل- یاسای خانەنشین سەرچاوەی خانەنشینی پارێزەرانە هەتا هەتایی)) ل ٣٦. ((کۆلۆنیل- ئازارێکی زۆری چەشت کاتێ زانی بۆتە قوربانی زوڵم و زۆرداری)) ل ٣٨. ((کۆلۆنیل- گرنگ نییە ئەوەی زۆر چاوەڕێ بێ.. کەمی بەردەکەوێ)) ل ٣٨. ((ژیان سەختە هاوڕێ کەم ل ٤٥. ((ژن- هەمووان دەڵێن مەرگ ئافرەتە)) ل ٥٢. ((کۆلۆنیل- مەرگ ئاژەڵێکی ڤژنە)) ل ٥٢. ژن- ((خەون ناخورێ)) ل ٥٦. ((کۆلۆنیل- ناخورێ بەڵام دەتژێنێ)) ل ٥٦. لە نزیکەوە هەست بە مەودای بڕ و جۆری ئەو ژان و ئازار و ئەشکەنجە و مەرگەساتە ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونیانە دەکەین کە لە پای چاوەڕوانی بێهودەیی ژیانی خێزانێ لەو خێزانانەی خزابوونە توێی بزووتنەوەیەکی چەواشەی دژ بە گەل و نیشتمانەکەیان ئەنجام ئەو((گووە)) یە کە((جەنابی کۆلۆنیل)) لەدوا وتەی ڕۆمانەکەیا ڕاستگۆیانە دەربڕی و دانی تەواوی پیاناو وەکو وانەیەکی بەنرخ پێی ڕاگەیاندین تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە ئەمڕۆیش نەبێ سبەینێ ڕاستی و چەوتی هەنگاوەکانمان دەسەلمێنن ((ئەو هەواڵەی ئەمڕۆ بەپارەیە سبەینێ بەخۆڕایی دەستت دەکەوێ)) ★

سەرچاوە: روایة "لیس لدی الکولونیل منیکاتبه" — کابریل کارسیا مارکیز .

ترجمة: صالح علماني ١٩٨٦.

★ پەندێکی عەرەبی میسرییە.



## بیرەوەری هونەری

## هونەرمەند کامەران حوسني و یەکەم گۆڤاری سینەما

هونەرمەند و نووسەری شانۆگەری درامای تەلەفزیۆنی عیراقی یوسف العانی لە ژمارەیەکی گۆڤاری(الف باء) ی نەوەدەکاندا لەلاپەڕەی هونەردا لەسەر هونەرمەندێکی کوردی نووسیوە وا لە خوارەوە چەند دەستەواژەیەکی گرنگی لێ بڵاودەکەینەوە بە کوردی: لەسەرەتای وتارەکەدا ئەمەی نووسیوە: (بەر لە چل ساڵ لاوێك کە خوێندنی سینەمای لە ئەمەریکا تەواو کردبوو هاتەوە بەغداد و هەروەکو هاوڕێکانی دەیگێڕنەوە پرۆژەیەکی هونەری زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو لەسەرووی هەموویانەوە دەرهێنانی گۆڤارێك لەسەر سینەما بوو! ئێمە بەسەیرەوە لێمان دەڕوانی کە کۆمەڵێك بووین شانۆو سینەمامان خۆش دەویست و خەونمان بە بەرهەمێکی سینەمای باشەوە دەبینی هونەرمەندێکی خوێندکاری سینەما بە هونەر و پیشەسازی و ڕووناکبیرییەوە ڕابەری بکات دەمانپرسی بۆچی ئەم لاوە یەکەمجار بیری لەوە نەکردۆتەوە فلمێکی سینەمایی عیراقی بە بەرهەم بێنێت هەروەکو چۆن(عبدالجبار وەلی) ی هاوکاری فیلمی (من المسؤل ؟- کێ بەرپرسیارە؟ ی بەرهەم هێناو دەریهێنا لەلایەن کۆمپانیای سۆمەرەوە بە ئەنجامی گەیاند چاومان بە لاوەکە کەوت تا بیناسین و ئاوات و نەخشەکانی بزانین و حیکایەتی گۆڤارە سینەماییەکەی

چییه.. سینەماشمان نەبوو بەو مانا زانستی و واقعییەی پێی ناسراوە ئەو هونەرمەندە پارچەیەك چالاكی سەیر بوو تێكەڵ بە گەرەلاوژیەكی بێ سەرەتا و كۆتایی.. بەڵام لە ناخی و لە میانەی تێبینی كردنی.. ئامانجی شاراوەی پشت وتەكانی(سینەما) بوون و بە تایبەتی پێشكەشكردنی فیلمێكی سینەمایی عیراقی بەپشتبەستن بە ئەرك و توانای خودی خۆی.. بەڵام پێشوەخت وێنەیەكی تەواوی بۆ ئەو فیلمە لەلانەبوو ئەو هەموو شتێكی دەویست بە یەكجار بیانكات.. بۆیە لە ٢١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٥ هونەرمەند كامەران حوسنی یەكەم گۆڤاری سینەمای لە عیراق دەرهێنا گۆڤارەكە هەرچی دیاردە و وتەكانی نێو سینەمای ئەمریكا هەبوو بڵاوی دەكردەوە هەروەها بابەتی جیاوازو هەمەجۆری دی خوێنەران بە زۆری و سەرسوڕمانەوە لە ئامێزیان دەگرت و هێدی هێدی گۆڤارەكە ژمارەیەك لاوی لە خۆی كۆكردەوە من و بدری حسون فریدو, سامی عبدالحمید و. صالح سلمان و هی دی لە گۆڤارەكەدا دەماننوسی و بۆ چوونی خۆمان دەربارەی سینەماو شانۆ تیا بڵاودەكردەوە پاش ماوەیەك لە هەنگاوی پچڕپچڕ گۆڤارەكە بوو بە سەكۆیەكی زیرەك لە بۆ بەرهەمهێنانی یەكەمین كاری كامەران حوسنی(سعید افندی) كە لەسەردەڤێكی چیرۆكێكی ئەدمۆن سەبری خۆم بۆ سینەما نووسیمەوە كە ناوەكەی (شجار- ناكۆكی) بوو گۆڤارەكە لە ژێر ستوونێكی تایبەتدا بە ناونیشانی فیلمەكە خۆم و صالح سەلمان دەماننووسی



هەنگاوەكانی فیلمەكەی بەسەركردەوە بەمجۆرەیش خەڵكی تا ڕۆژی نمایشكردنی فیلمەكە دەیانپرسی كوانێ فیلمەكە و كەی....!!) (ئاسۆی هونەر- ئێمەش دەڵێین, بەڵێ سەركەوتنی هەر بەرهەمێكی هونەری ڕاستەڤینەبێ سەكۆی هونەری و ڕەخنەسازی ڕاستەڤینە نایەتەدی سبەینێش ئەگەر نەمرین ڕاستی ئەم بۆ چوونەمان دێتەدی؟!!!)

## عاشقی کوردستان هونەرمەند محمد عارف لە پێشانگە چواردەهەمینی لە بەغدا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٥/١٩ پێشانگەی چواردەهەمی خودی هونەرمەندی شێوەکاری گەورەی کورد مامۆستا محمد عارف لە هۆڵی مەڵبەندی هونەرەکان لە بەغدا کرایەوە پێشانگەکە بەسەرپەرشتیاریی وەزارەتی ڕۆشبیری- فەرمانگەی هونەرەکانی شێوەکاییەوە گێڕدراو لەلایەن بەڕێز حامد یوسف حمادی وەزیری ڕۆشنبیرییەوە والآکراوە جەماوەرێکی فرەی هونەرمەندو ڕوناکبیرو دۆستانی هونەر لەپێشوازی کردنەوەیدا بوون پێشانگەی خودی هونەرمەند بە هەماهەنگی بەرچاوخستنێکی سەرتاپایی هەڵبژاردەیەك لە بەرهەم و کەڤاڵە هونەرییەکانی لەماوەی(١٩٦١-٢٠٠١) دا واتە چل ساڵی ڕەبەقدا کە ڕەنجی خوێندن و کارو تاقیکردنەوەو توێژینەوەی هونەرییانن هاتبوونە ئەنجام، ئەمەش سێیەمین ئەزموونی لەو جۆرەیە کە یەکەمیان ساڵی(١٩٩٨) لە هۆڵی میدیا هاوکات لەگەڵ والآکردنی سیانزەهەمین پێشانگەی خودی خۆی گێڕابوویانی لەژێر ناونیشانی(کوردستانی من) پێشانگەکە هەروەکو لەسەرکارتی بانگهێشتن و(ڕێبەر- ڤۆڵدەر)کەی ئاماژەی بۆ کرابوو لە(٥٠٠) پێنج سەد کەڤاڵی ڕۆندارو ئاوکارو لە چاپدراو پێکهاتبوون بە قەبارەی جیاوازی (گەورە- ناوەندی و- بچووك) لە شوشەبەندو چوارچێوەی دارین پارێزرابوون و ئەوکارە



هونەریانەی کە لەسەر(کوتاڵ- ئەفرێم) جێبەجێکرابوون و ئەوانی دی کە لەسەرتەختە کێشرابوون بە مادەی(وارنیش) چەورکرابوون بەهۆی دێرینی کاتی کێشانیان و پاراستنی ڕوخساریان لە کاریگەری گەردو گەرماو شێ و گۆڕانکاری ئاووهەوا و ژینگەو بەردەوامی مانەوەیان، جگە لەو کارانە ڕووبەرێکی پان و بەرین بەتایبەتی بۆ بەرهەمە هێڵکاری و گرافییەکانی تەرخان کرابوو، کەلە توێیاندا بەرهەمە ئەکادیمیاکانی سەردەمی خوێندنی لە وولاتی شۆرەوی نمایشکرابوون کە(٧) نموونەی هەڵبژاردەی بوون. شێوازی هونەری شێوەکاری هونەرمەند ئاشکراو دیارە لەگۆشەی بابەتەکانییەوە هەڵهێنجراوی ئاووهەواو هەواری کوردەواریان لە ئامێزگرتووە و ڕەنگەکانیشی تایبەت بەو ژینگەی کوردستانەیە کە تەبایان پێکەوە دروست کردووە لەنێوانی خوێندنی ئەکادیمی و دیمەنی ریالیزمانەو سەرنجە تایبەتیەکانی خۆی و دەربڕینی کۆمەڵگەی کوردەواری هاوئانگییەکانی خۆماڵی و تایبەکاری خودی هونەرمەند ئاوێتەیەکن بۆ یەك مەبەست ئەویش نواندنێکی هونەری و زانستی و دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی خۆی و هاوارەکەی، ڕوانینێکی هاوچەرخانە بۆ داهێنانیی مۆرکێکی هونەری کوردی ڕەسەن و ئاسۆیەکی گەشبینانە لەسەر بنەمایەکی پتەوی گرێدراوی(کەلەپووری کوردی* زانستی هونەری جیهانی) کە دەتوانین بەبێ دوودڵی ناوی(گۆران) ی شێوەکاری کوردی و ڕیچکەشکێنی هونەری کوردی و دامەزرێنەری ڕێبازی ریالیزمی

نوێباوی کوردی دابنێین بۆیە کاتێك دەچیتە دیداری کەڤاڵەکانی خودی هونەرمەند لە توێی ئەفسانەو کەلەپوور و داستانی پاڵەوانێتی و ئەڤینداری و شادی و شین و بەهارو پایزی خاك و ئاسمانی کوردستان و کێشانی پۆرترێتی کەڵەپیاوو ناسراوانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی و پیاوماقووڵانی و شار و دێهات و گەڕەك و شەقامەکانی و خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت و نەدارەکانی و ئەشکەنجەکانی ئافرەت لە چاوەڕوانی دەزگیران و مێرد و باوك و برا و کەسوکارانی و تێکەڵکردنیان بەشیعر و پەند و حەیرانی کوردی و کردنیان بەپاشینەی کەڤاڵەکانی و هتد دەبینینەوە وەکو شریتێکی سینەماو ئاوێنەی ڕاستەقینەی ڕووی هاوێنەی چاوو پەنجەکانی بەرەوانی ڕاودەبن، ڕەنگ لە کەڤاڵەکانی هونەرمەند و لە بەرچاوو ڕوانگەیدا گواستنەوەیەکی فۆتۆگرافی و یەکاویەکی دیمەن و وێنەکانی ڕۆژگار نین بەڵکو چەند دەلالەتێکی سەرنجگیری و دەربرینکاری و هێمادار و دەروونی و پەیوەستن بەپاشینە و بیروبۆچوونی کەسی هونەرمەند و کۆمەڵگەکەیەوە بەڵام ڕەنگەکانی لە یاسای(سروشتی- فیزیۆلۆژیان) یاخی نین ڕەنگە شەبەنگیەکانی ڕۆژ لە پەیوەندی (دیالێکتییان- جەدەلی) خۆیان هەن و، مەدلوولی والا و فرە مەودای بێ پایان هەڵدەگرن، لە بیرومێشکی خاوەنەکەیان فرتە دەکەن و، بەرەو ئاسۆی بینەر ئازاد دەبن، جگە لە فیگەر و بابەت و هێڵەکان ڕەنگەکان ئەودوای دێڕی چیرۆك و بەندی شیعرورەزمی ئاوازەکان تەواو دەکەن،



هەروەکو چۆن هونەرمەندەکەی گەرەکیەتی کە ئاوێتەی بۆ چوونی ئاییندانەی گشتییەو (خود و- کۆمەڵگە) بەشداری ئەو ڕوانینە دەکەن، کە هەردووکیان لە دەروونی هونەرمەندا جێگیرن ئەوەی لەبەرچاوو جێی سەرنجە سادەکردنەوەی ئالۆزی هێڵەکانی ناوەوەی فیگەرو ڕەنگەکانە لە ڕاژەی ڕوانینەکەدا کە لە بابەتەکەدا خۆی دەنوێنێت واتە کەڤاڵە هونەرییەکانی هونەرمەند تەنها وێنەیەکی جوانی شێوەی ڕوخساری دەرەوەی تەختینەی کوتاڵەکە نین بەڵکو بانگمان دەکات ڕۆبچینە توێی قووڵایی ڕەنگەکان لەلێکدانەوەی ووردی(فیگەر★ ڕەنگ★ بابەت) کەسێ کوچکەی زێڕینی پاشینەی بیروبۆچوونی هونەرمەندن.. کە(مرۆڤ و ژینگە و شوێن و کات و ڕووداوەکان) بە زنجیرەیەکی نەپچڕاوی حەبکەی هونەری کەڤاڵەکان دادەنرێن. مۆرکێکی دی تایبەتی کەڤاڵەکانی هونەرمەند گەشاوەیی و بریقەو درەشاوەیی ڕەنگەکانیەتی.. جگە لە جووڵە و بزاوتی دینامیکی و بەردەوامیان ڕاستگۆیانە لە خزمەتی ڕوانگەی گەشی ئێستا و ئاییندەخوازی هونەری کوردیدان ئەمەشیان ڕەنگدانەوەی ئاووهەوای ساماڵی و شینایی و ئاوەدانی هەواری کوردستان هەروەها ئەوەی بە ئاوێنەی تابلۆکانییەوە ڕوون و دیارن کۆکردنەوەی چەند فیگەرێکی جیاواز لە سنوری بینراویان وەکو ئەوەی لەسەر شەپۆلەکانی دەریا گوڵ گوڵزار بڕوێن و ئەسپیش سواری شالاوی ڕووبار و دەریاکان بێت و ژوانیش ببێتە بەلەمی دوو شەیداو(مەم و زین و بارام و گوڵئەندام

و محمد و سێوێ و شیرین و فەرهاد) بخوێننەوە. جگە لە هەواری کوردستان هونەرمەند سەرنجەکانی لەبارەی ئەو شار و وولاتانەی بینیوینی نەشاردۆتەوە هەروەکو ئەوەی دیمەنێکی شاری هەولێرە یا ڕەواندوز بکێشێت دێت. شەقامەکانی شاری مۆسکۆو گوندە کوردنشینەکانی ئەرمیناو کەنارەکانی بەلتیک و ئۆکرانیا و گوندەکانی سعودیە و باخچەی گۆرکی و خۆرهەلات و خۆرنشینەکانیان و سەماو نەریتەکانیان و کەسایەتییە هونەرمەندەکانیان و دەریای ڕەش و میللەتانی قەوقاز و خوو ئاکارو هونەری ئیسلامییەکان وێنەدەگرێت تا چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەل لەگەڵ هونەرمەنددا بەم ڕێپۆرتاژە وازدێنین بەهیوای ئەوەی توانیبێتمان گۆشەیەکی پێشانگەکەمان بۆ ڕۆشن کردبێتەوە.



## فیلمێکی سینەمایی لەسەر کوشتنی کاریکاتێرستی فەلەستینی ناجیی ئەلعەلی

**دەرهێنانی : عاطف الطیب**

**نواندنی: نور الشریف**

ناجیی ئەلعەلی هونەرمەندی کاریکاتێرکێشی فەلەستینی لە یەکێك لە ولاَتانی ئەوروپا لە کۆتایی هەشتاکان بە گوولـلەی ڕقی تۆڵەی دەمانچەیەکی بێدەنگی زایۆنییەکان کوژرا، لەکاتێکدا بە یەکێك لە شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشت بەرەو نووسینگەی ڕۆژنامەکەی کۆمەڵێك هێڵکێشی کاریکاتێری لەژێر باڵیدا نابوو، گوللەیەکی تورە و کوێر مێشکی پژان و کاخەزەکانی دەستیشی بە شەقامەکەدا پەرش کردەوە و، تاوانبارەکەش خێرا بە ترومبێلێك هەلات. ئەمەیە ئەنجامی فیلمی ژیاننامەی ئەو هونەرمەندەی خۆی لە کێشەی گەلەکەی جیا نەدەکردەوە هەر بۆیەش هەروەکو خۆی هەڵیبژاردبوو، دەیزانی ڕۆژێك دێت هەروەکو سەدان هەزار ڕۆڵەی میللەتەکەی دەکوژرێت یا زیندانی دەکرێت پاش ئەوەی لە ماڵ و گوند و شار و زێدی ئاوارە و قەلەندەری خێوەتەکان و هەندەران دەکرێت بە ناچاری لە ژێر چەپۆکی زەبر و زەنگی زایۆنییە ڕەگەزپەرستەکان هەر لە مناڵییەوە لە ساڵی ١٩٤٨ ەوەکە فەلەستینییەکان بەپاڵپشتی بەڵێنی بەلفۆرو ئیمپریالیزمی جیهانی و لە سەرروویانەوە ئینگلیز و ئەمەریکای سەرمایەداری لە ژێر

پەردەی مافی چارەنووسی میللەتان بەشی مافی خۆیی بوونی گەلی فەلەستینی پێشێل دەکرێن و خەونەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرێت. سەرەتای فیلمەکە چەند دیمەنێکی ( لۆکەیشتی - مشاهد) تراژیدی و مەرەگەساتی کوشتن و بڕین و تالان و بڕۆ و کۆچپێکردنی خەلکی بێ چەکی شار و گوندەکانی فەلەستینە پاشان لە خێوەتە مەژی و مەمرەکان چارەنووسی کولەمەرگی و کلۆلی و بەدبەختی خەلکی ئاوارەبوو دەبنە نێچیری ڕاوی کامێراو بەبێ دووان ڕاستی گوزەرانی ئاوارە فەلەستینییەکان مەرگەساتێکی بە کۆمەلی دەخەنە بەرچاوی مرۆڤایەتی و دەروونی بینەر بە گڕێ و گۆلّ لەگەلّ خۆیاندا جۆش دەدەن. هونەرمەند مرۆڤێکی هەستیارە و بیرو دەروون و ژیانی ئاسایی نییە دەبڕینەکانی هەلوەستەن و ساتەکانی ڕۆژانەی بۆمبان و لەژێر پێی دووژمنانی ژیان و مرۆڤایەتی دەتەقێنەوە و هەراسان و سەخلەتی دەکەن و ژیانی لێدەکەنە دۆزەخ و خۆراکی لێ تالّ دەکەن هەر بۆیە چاویان بە هونەرمەندانی ڕاستەقینە هەلّنایەت و تا بۆیان بکرێت ڕێی لێ دەگرن و دەنگی دەخنکێنن تا ناچاری وازهێنانی بکەن ململانێکە بەردەوامە هەربۆیە ناجی ئەلعەلی دلّسۆزی گەل و هونەرەکەی هەر لە منالّی یەوە خۆی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکرد هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر خێزانەکەی و میللەتەکەیدا هات.. بەزمانی هونەری کاریکاتێری وەکو چەکێکی کاریگەر توانی لەڕووی داگیرکەرانی زایۆنی بە توانای سوارچاکێکی دەربڕینکاری هونەری



چاوی چلێسیانی پێ کوێر بکات هەربۆیە ترسنۆکانە بەدەستی لەرزۆکەوە لەژێر بیری تاریکستانی کورتبینیانەوە ویستان بیکوژن بەلّام نەیانزانی نەمرییان پێ بەخشی بەگیان و هونەر و میللەتەکەی خۆشیان زیاتر سەرکۆنەی ڕای گشتی جیهانی و مرۆڤایەتی کرد ئەوەی کاریکاتۆرەکانی سەر لاپەرەی ژمارەکانی گۆڤاری (صباح الخیر) ی میسری و (الصیاد) ی لوبنانی ڕۆژنامە عەرەبییەکانی نیشتمانی عەرەبی و هەندەران بەسەر بکاتەوە دەبینێت وێنەی منالّی ناجی ئەلعەلی دەستی لەپشتەوە لێکداوە و ڕووی لە دەریا و ئاسۆیە بەسەربەرزی قیت و قۆز وەستاوە کە جگە لە ناوەکەی تایبەکاری بە بەرهەمە هونەریەکانیە دیارەو پێی دەناسرێتەوە سەرەڕای قەلّەمەکەی لە زۆربەی ڕاپەڕین و مانگرتنەکانی گەلی فەلەستینی و دارستانە شۆڕشگێڕیەکانیان کە شایەدی بەرەنگاری و ناڕەزایی و یاخیبوون و جەربەزەیی دەگەیەنن بەشداری بەرگریکردنی لەبوونی گەل و خاك و مرۆڤایەتی مرۆڤ و هونەرمەند کردووە.

## له پەراوێزی فیستیڤاڵی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دا له سلێمانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر هێشتا له مەنفایەو له کەرکوك ئاوارەیه

سەرەڕای ئازادبوونی کەرکوك پاش ساڵێکیش لەو مێژووەوە بەڵام هێشتا شێخ ڕەزای تاڵەبانی تەنانەت لەپاش مەرگیشی له ئەنفایەو شیعرەکانی ئاوارەی دەرەوەی کەرکوکن بەڵام ئاوارەی کوردستان نین.. ئەوەتانێ لە سلێمانی پایتەختی میرنشینی بابان ڕێزی شایستەی لێ دەگرێت.. وێنەکەی بەشێوازێکی تەعبیری بەڕەنگی پەڕیوەوە کە دەربڕی ئەو ئامادەگییە بێدەنگەیەتی.. بەڵام دەنگدانەوەی خۆی هەیە چەندان شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی کورد و کوردستانی شایەتحاڵی جەربەزەیی و ڕاستوێژی و پیشەنگایەتی لە ڕێچکە شکاندنی ڕێبازی شیعری دەدەن بەوەی (شیعری داشۆرین" هەجو) ی داهێناوە.. بەڵام بەداخەوە دیسانەوە ڕای گشتی کوردستانی ڕێگەی لە وتنەوەی هەندێ لەو ڕاستوێژایانەی دەگرن.. ئەمە لە ڕۆژی یەکەمی فیستیڤاڵەکەدا هەستی پێکرا.. کاتێك له نێوەند هۆڵی(دیالۆگ) لە سلێمانی مامۆستا ئەحمەد تاقانە بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (ژیانی کۆمەڵایەتی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا) پێشکەش دەکرد لە کاتی هێنانەوەی هونەری شیعرەکانی بۆ بەڵگەی تۆژینەوەکەی ناچاربوو لە هەندێك بڕگەو وشەدا خاڵبەندی



بەردەوام بکێشێت یاخود داوای لێبوردن بکات لە وتنەوەی چەند وشەیەك و دانان بەسەریاندا.

١- بۆچی وتنی بێژەی سێکسی بە زمانی شاعیرێکەوە حەرام بێت بەڵام جوێن و داشۆرینی ڕۆژانە و شەڕی گەڕەك و سەرمێز و تەنانەت له نێوەندی ڕۆشنبیریماندا حەڵاڵ و ئاسایی بێت؟!

٢- بۆچی ناوبردنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ حەرام و گوناه بێت, کەچی لە ژێر پەردەی گاڵتەو گەپەوە ئاسایی و مایەی پێکەنین بێت؟

٣- ئەم پیرۆزکردنی ناوهێنانی هەرسێ ئەندامی سێکسی مرۆڤ بە نێر و مێ وە (نێر و مێی مرۆڤ) مێژوویەکی کۆنینەی هەیە یاخود تازەیە و لەچییەوە وایلێهاتووە؟

٤- ئەندامەکانی سێکسی مرۆڤ وەکو (بڤە و, خەتەر) سەیرکراوەو پەیوەستکراوە بە ئەخلاق و بە ئەخلاقییاتی کۆمەڵگەوە بەستراوە, ئایا ئەم هێڵە سوورانە مەودای زانستییان هەیە یاخود شتی دی؟ ئەمانە و چەندین پرسیار و نیشانەی سەیرو سوڕمان دەبنە پەراوێزی ئەم سەرنجانە.. هەرچۆنێك بێت ئەم خاڵانە لەسەروبەندی خوێندنەوەی بەیانیانی ڕۆژی یەکەم بەزەقی هەستی پێکرا.. ئەم فیستیڤاڵەش دەروازەی کردۆتەوە بۆ توێژینەوەی خوێندنەوەی فرەنیگا.. لە ڕۆژی دووەمدا ئەم بەڕێزانە تۆژینەوەی زانستی خۆیان لەسەر ئەم بابەتانە پێشکەشکرد کە خاتوو ئەرخەوانی شاعیر کۆڕەکەی بەڕێوەدەبرد.

د. نوری تاڵەبانی: بەشێك لە قسە خۆشەکانی ڕەزاو هەڵوێستە جوامێرەکانی.

د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان: ڕەمز لە شیعرە کوردیەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا. غەفور ساڵح عەبدوڵلا: شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی کوردستانییەتی کەرکوك دووپات دەکاتەوە . ڕۆژی دووەم دەبوایە بەڕێزان د. فەرهاد پیربال و دانا ئەحمەد مستەفا توێژینەوەی خۆیان پێشکەش بکردایە بەلاَم ئامادەنەبوون کە توێژینەوەکانیان لەژێر ناونیشانی: سوریالیزم و شیعری شێخ ڕەزا پێشکەش بکەن. ڕەهەندەکانی شێوازی شیعر و جوانکاری لەشیعری شێخ ڕەزادا.

د. عەبدوڵلا قەرەداغی: ئەرکی وێنەی شیعری لە هەجوی شێخ ڕەزادا.

د. دڵشاد عەلی: شیعری شێخ ڕەزا لە خوێنەرەوە.

د. کەساس جەباری(د. محەمەد ئەحمەد سەعید) شێخ ڕەزا لەنێوان ستایش و داشۆریندا کۆڕی ئەم ڕۆژەیش لە لایەن بەڕێز مامۆستا جەلال دەباغەوە بەڕێوەبرا. ڕۆژی سێیەم بەڕێز عەدنان جەمال باسێکی بە ناونیشانی شێخ ڕەزاو هەندێ ڕاو بۆچوون لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە. بۆچوونێکی سەیر و سەمەرە بەڕێزێك لە ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە ڕایەکی سەیری لەسەر توێژینەوەکەی م. مەحمود زامدار دەربڕی کە لە ژێر ناونیشانی (شێخ ڕەزا شاعرا و ناقدا و جنسا) موداخەلەکەی بریتی بوو



لەوەی ئەو کوردەی بەغەیری زمانی کوردی بدوێت و بنووسێت ئەوە لە هەستی خۆبەکەم زانین و سوکایەتیزانینەوەیە بدوێت و بنووسێت ئەوە لە هەست بەخۆکەم زانینتە بەسوك زانینەوەیە, دیاری بوو ئەو برادەرە عەرەبی نازانی هەر بۆیە ئەو ڕایە زاتییە نامەوزوعییەیدا. پێشنیازێکی بەجێ: د. نوری تاڵەبانی جگە لە توێژینەوەکەی پێشنیازێکی بەشایانی پێشکەشکرد, ئەوەش تەرخانکردنی ماڵی کۆنی شێخ ڕەزا لەبەرتەکیەی کەرکوك وەك مۆزەخانەیەك بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوار و تایبەتمەندییانەی شێخ و ڕێزلێنانێك لە مێژووی ئەدەبی و ژیاننامە شۆڕشگێڕانەکەی و داهێنانی شێوازی (هەجو) لەشیعری کوردیدا. شایانی باسە کۆڕەکە سێ ڕۆژی خایاند لەنێوان ڕۆژانی ١٢- ٢٠٠٤/٥/١٤ بەردەوام بوو.

## تەقینەوەی بێ دەنگی

کەو هەیەو کەوماریش هەیە, مار هەیەو مارخۆریش هەیە, دەنگ هەیەو زڕدەنگیش هەیە, بێ دەنگی هەیەو دەبەنگیش هەیە.. لە کۆڕێکی شیعریدا کە بۆ شاعیرێکی لاوی کورد گێڕدرابوو پاش خوێندنەوەی شیعرەکانی بەهاودەنگی پارچەمۆزیکەیەکی کلاسیکی ناسك و ڕێکوپێکانە بەدەنگێکی شاعیرانەی ڕەوانبێژانە خوێندیەوە کۆڕگێر دەرگەی مشتومڕ و ڕەخنەی والاکرد.. چەند کەسێك لەمەڕ شیعر و شیعرەمەنی دەستی خۆیان دوور لە چێژو تێگەیشتی چەمکی هونەرو ماناو فەلسەفەی وەرداو کەسانێکی دیش بێ دەنگی یەکی هەتا هەتایی یان هەڵبژارد هەموو ئەوانەی قسەیان دەکرد لەیەك خاڵدا پێك گەیشتن بەکورتییەکەی هێڵێکی چەپ و ڕاستیان بەسەر شیعر و شاعیرەکەدا کێشاو بێ ئەوەی توخنی تەنها وشەیەکی شیعرەکان بکەونەوە. یا دەست بە هەڵسەنگاندن و تۆژینەوەی بونیادی زمانەوانی شیعرەکە بکەن.. شاعیرە لاوەکە خامۆشی و خەمێکی زۆر و بێهودەیی دای گرت و دووچاری خۆخواردنەوەیەکی ناخۆش بوو ئاووهەوایەکی ماتەمینی ئاسمانی کۆڕەکەی داگرت.. بەڵام لە پڕێکدا کاخەزێکی نوسراو لە یەکێك لەبێ دەنگەکانەوە گەیشتە دەستی کۆڕگێڕو پەردەی خامۆشی دڕاندو بەمجۆرە گەیشتە گوێی ئامادەبووان:- ڕەخنەی شیعری لە کۆڕی شیعریدا بوونی خۆی ناسەلمێنێت چونکە



بەیەکجار خوێندنەوەی شیعر ناتوانرێت چێژی تەواوەتی لێ وەربگرێت و پێویستی بەچەندان خوێندنەوە هەیە تاکو بوونیادی زمانەوانی و هونەری و هزری شیعرەکە بەتێر و تەسەلی هەڵبسەنگێنرێت، هەربۆیەش ئەوانەی قسەیان لەسەر شیعرەکە کرد بەناوی ڕەخنەوە هیچیان نزیك بەشیعرەکان نەکەوتنەوە و نەیان وێرا تەنها ووشەیەکیشی لێ هەڵبکرێنن، ئەمەش ئەوەی سەلماند کە هیچیان لەچێژ و بوون و هونەری شیعرەکان نەگەیشتن و ڕەخنەی شیعریش پێویستی بەپسپۆری شیعر هەیەو ئەگەر نەڵێین ڕەخنەگربێت دەبێت شاعیرێکی چاکیش بێت بۆیە ئەو حوکمانەی دژ بە شیعرەکان و شاعیرەکە دران هیچیان لە نرخ و بەهای شیعرەکان و بوونی شاعیرەکە کەم ناکەنەوە تەنها بە سەرنج و ڕاو بۆچوونی کەسی دەژمێردرێن و ڕەخنەی شیعریش دەبێت تاوتوێکردنی مەوزوعیانەبێت نەك قسەی بازاڕی و لاسایکردنەوە و کاوێژکردنی تەنریزی ووشك و دوور لەهەواری شیعر و شیعراندن و چاوبەستنی خەڵکی بەموستەلەحاتی تەم و مژاوی بەمەبەستی داپۆشینی نەتوانین ولێ نەهاتووییان لە هەستکردن بە چێژ و مەغزای شیعر.. پاشان داوایان لە خاوەنی نووسراوەکە کرد بێتەدەنگ و ئەویش هەر لەجێی خۆیەوە بۆچوونە پەراوێزییەکانی قسەکەرانی بەنموونە لەدیدی شیعرەکانەوە ڕەتدایەو بۆ ئامادەبووانی سەلماند کەشیعر دوو وەزیفەی هەیە هەروەکو هونەرەکانی دی ئەرکی ماناو هزر لە

ناوەڕۆکدا و هونەری جوانی لەشێوە و تەکنیکی وێنەی شیعریدا هەردوو لاشیان هەستکراوو هەبوون بوون بەهاوسەنگ کردنی تای هەردوولای تەرازووی شیعری کۆك و تەواو دەکرێت و بازنەوسووڕی نێوان ناونیشان و قفڵی دەقەکە ڕووبەری دۆزینەوەی کلیلی پشکنین و دۆزینەوەی نهێنی و ڕازی خوێندنەوەی شیعرەکە دەردەکەوێت.. بەمەش توانرا کۆتایی کۆڕەکە ڕابگەیەنرێت و زڕەنگەکانیش بگەڕێنەوە قاوغی سروشتی خۆیان و بێ دەنگەکانیش بروژێرنێت تاکوچیتر شیعر وەکو لوغزو سیحر سەیر نەکرێت و شیعریش نەکرێت بەحەساری تەراتێن ناشارەزای شیعر.



## شانۆیی(سەرگوزەشتەی دەفێك)

پوره (ئامین) ناوی ئافرەتێکی کوردە, بێوەژنێکی کوردی بنەماڵەیەکی ئەنفالکراوە, گرنگ نییە خەڵکی چی ئاواییەکە, گەرمیانییە یاخود کوێستانی, تەنانەت لە ڕووخساریشی داماڵراوە, هەروەکو لە نیگارێکی ڕەنگاوڕەگی ڕۆنداری سەرکوتالێکدا دەبینرێت بەبەرگی ڕەشپۆشێکەوە پشتی لێمانەو لەباری دانیشتنیدا چاوی لە ئاسۆی چارەنووسێکی نادیار و ڕەشبین بڕیوە, کارەکتەری نمایشی شانۆیی((سەرگوزەشتەی دەفێك)) ە کە خاتوو((فرمێسك مستەفا)) ی هونەرمەندی دوورە وڵات لەسەردانێکی هونەرییدا بۆ وڵات ڕۆڵی هونەری تیادا دەبینێت بەسێ شێواز:

١- گێڕانەوە(حیکایەتخواز) ٢- نواندن(کاراکتەر) ٣- دواندن(دیالۆگ) لەباری یەکەمدا وەکو کەسی سێیەمی تاك لەبارەیەوە دەدوێت و سەرگوزەشتەی مەرگەساتی ژیانیمان بۆ یەکالا دەکاتەوە بە ڕاناوی (ئەو) لە زەمەنی ڕابردوودا دەیخاتە زەمەنێکی ڕانەبردووی ئێستاوە لە جەستەیەکی هونەریدا بەردەوامی بە بوونی دەدات بەناڕاستەوخۆ شوێن و کات و بۆنەی ڕووداوەکان لێکدەدات. لەباری دووەمدا هەرخۆی (تقمص- بەرجەستە) ی دەوری پاڵەوانەکە دەبێت بە دەمەتەقێ و جووڵە و ئاماژە ڕاستی کەسێتی و بەسەرهاتەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات, بەڕاستەوخۆ باس لە بوونی

كارەكتەری ئافرەتێك دەكات كە لە ڕەگەزدا بەشداری دەكات و هاوخەمی خۆی دەداتە پاڵ زەمەنی ڕانەبردوودا لە شوێنێكدا تەنیا پاشینەیەكی ڕەش ڕەهەندی پێناسەی جوگرافی دەردەكەوێت، گەرچی ڕووناكیش لەشێوەی گڵۆپێكی سەر شەقامێكی ئێوارانێكی خەمۆكدا بەكزی و لەرزەوە وەكو گیانێكی تەریوی بەربارانی غەریبی لە مۆلەقەدایە و سەمای مەرگی دادەبەستێت بە ئاماژەیەكی دەبڕیندا بۆ باری دەروونی كەسێتییەكە. لەباری سێیەمدا بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی ڕەهەندەكانی دی كەسێتییەكە ڕۆدەچێتە قووڵایی سەرگوزەشتەكە و چڵپاوی بابەتەكە لەسەر تەنافی بەرچاودەخات گەرچی ڕستەكان كورت و ناڕاستەوخۆ و هێمادارن، بەڵام بینەری هەستیاری دەووروبەری بەمین و مەرگ تەنراو بە سانایی كرۆكی بابەتەكەی لە لادا ڕۆشنە.

سەرگوزەشتەكە دیسانەوە باس لە دوو زەمەنی جیاواز دەكات كە یەكەمیان هۆكاری مەرگەساتەكەیە و دووەمیان بەردەوامی ئاسەوارەكانە، ئەگەری تراژیدیای ئەنفالكراوەكان سەرەڕای ونبوون و نادیاریان، بەڵام ئەوانەی كە لەو كارەساتە بەدناوانەدا دەربازبوون لە زەمەنی دووەمدا حاڵیان چارەسەرنەكراون و تراژیدیایەك ژیانیان ئازار و ژانی دی بە دوا داهات كە لە یەكەم كەمترنەبن هەر بۆیەش لە دووڕیانی مەرگ و ژیاندا فرەڕیانی دی مەرگەسات كارەكتەرەكان ناچاردەكات جۆرە مەرگێكی دی هەڵبژێرن گەرچی بە ئازادی خۆیانیش نەبێت لە دووڕیانی نێوان



دوو مەرگدا: مەرگی سواڵكردن و مەرگی خۆبەدەستەوەدانی قەسری لە دەربازبوون لە مەرگی فیزیۆلۆژی بۆ مەرگێكی سایكۆلۆژی. ئاوا هونەرمەند هاوڕێ زەنگەنەی دەرهێنەری دەقە شانۆییەكە بە یارمەتی هاوكارانی هەژار زەهاوی و هونەرمەندی ئەڵمانی میشائیل گولێش بەهۆی ئامادەنەبوونی هەندێكیانەوە پەنابردنە بۆ تەكنیكی وێنەی ڤیدیۆیی و تابلۆی شێوەكاری و تاقە دەفێكی گەڕۆكەوە لە شانۆییەكی نیمچە هەژاردا پەیامی سەرگوزەشتەیەكی تراژیدیمان بەشێوازێكی ڕۆمانسی بۆ گوزارشت دەكات كە زنجیرەی ئەو كارەساتانە تاكو ئێستایش هەر بەردەوامن.

با ئێمەیش هەگبەی پرسیارمان لەگەڵ ((فرمێسك)) دا بگرینە كۆڵ و بپرسین و كێ و چۆن و كەی چارەسازی ئەو تراژیدیایانە دەكرێن؟ هەروەها ئایا بە تەنیا گێڕانەوەی ئەو سكێچە سەرگوزشتانە زامەكان سارێژ دەبن و ئەشكەنجەكان دادەمركێن یاخود چی بكەین باشە بۆ ئەوەی لەو هەنسك و خەم و ژانانە زیاتر نزیك ببینەوە و ڕێگەچارە لە كوێدایە؟ ئەم پرسیارانەش وەكو مافێكی خۆمان ئاراستەی كەناڵە بەرپرسەكانی دەكەین.

تێبینی/ ئەم شانۆییە لە ٢٠٠٢/٥/١٩ لە هۆڵی گەل لە شاری هەولێر نمایش كراوە.

ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٧١٠) ٢٠٠٢/٧/١٢. بڵاوبووەتەوە.

## هونەرمەندی شێوەکار عەدالەت ڕەزا لە نمایشێکی سلایدی بەرهەمەکانی دا

لە ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممەی ٢٠٠١/١٢/٢٦ هونەرمەندی شێوەکار عەدالەت ڕەزا نمایشێکی سلایدی بۆ گشت بەرهەمە هونەرییەکانی خۆی لە هۆڵی شەرەفخانی بەدلیسی گێڕا. لەسەرەتاوە ئەو بەرهەمانەی کە مۆرکی پۆرترێت و مۆدێل و پەیوەندییەکانی ڕەنگ و فیگەر و سێبەر و ڕووناکی و ئەزموونگەرییەکانی لە بواری دەربڕین و شێوەکانی ڕەنگ و قەبارە ئەندازەییەکانی هێڵ و چۆنیەتی بینینی و تەماشاکردنی تەنەکان و دۆزینەوەی تەن و قەبارەکانی لە گۆشەنیگای تایبەت و خودی خۆیەوە بە ڕوانینێکی شێوەیی ڕووتکراوەی فیگەرەکان لە دارشتنێکی بیناسازییانەدا بە هاوسەنگی و تەریبی و هارمۆنیکردن و سەروەری و هاوڕەنگی و تەبایی و ئەو دوای ڕەگەزە شێوەکارییەکانی دی لە تابلۆکانیدا نواندبوو. جگە لە نیگاریش لەسەر کوتاڵ و ئەفرێم چاوو پەنجەکانی لەسەر پەیکەر تاشینیش تاقیکردۆتەوە لەسەر بەردو تەختەدار ئەمەیان زیاتر لە قۆناخی دووەمدا بەزەقی و زۆری ئەو جۆرە بەرهەمانە دەردەکەون. هەروەکو هەوڵێکی ئەزموونگەرییانە لە بواری پەیکەر تاشیندا سەرەڕای پسپۆڕییەکەی لە بواری نیگارکێشاندا.. لە ڕێکخستنەوەیەکی سەرلەنوێی پەیوەندییەکانی هونەرمەندی مرۆڤ و مرۆڤی هونەرمەند بە ژینگەکەی و سروشتەوە, هونەرمەند ئازادانە بەسەربەخۆیی گەمەی



هونەرییانەی وەکو منداڵێك تازە لە دۆزینەوەی خۆیدا بێت لەچاوی دەوروبەردا بەفیگەرە گیاندار و بێ گیانەکانەوە. گیاندارەکانمان بۆ زیاتر جوانتر و بەرچاوتر دێنێتەپێشەوە لەگەڵیاندا پیادەی بوونی خۆی تیادا سەروەر دەکات. هەروەکو لە قسەکانیشدا لەماوەی ڕوونکردنەوەی چەند گۆشەیەکی نادیاری بەرهەمەکانی لەکاتی نمایشکردنیدا بەهۆی دووری و شاراوەییانەوە بەلایەنی پێوانە و پێناسەی جۆر و چۆنیەتی کەرەستەکان و شێواز و تەکنیکەوە دەردەکەوێت, هەروەکو بیەوێ ژیانێکی نوێ و لە دایکبوونێکی دی بە ئامادەبوونێکی بەهێزو بڕوا بەخۆبوونەوە لەتوێی قەوارەی هونەردا لەسێ مەودای پەیکەری جەستەکراودا جارێك لەپاڵ بەردێکی لوس و ناسکی نێو ڕووباردا گەمەی مەلەوانی خۆیمان لە بینای ئاودا بۆ دەربازبکات کەڕەتێکی دی بەردێکی سەرلوتکەی چیای سەفینمان بۆ شۆڕبکاتەوەخوارێ لە دوو گەڕانی جوگرافی و هونەرییدا مەوداکانی نێوان دووری شوێن و ساتەکان چڕبکاتەوە, وەکو گەڕۆکێکی شارەزای پێدەشتی ژیان و ئەندێشە پەیوەندییەکی دی نێوان بۆشایی و فیگەرەکان لەجێی ناشیاوی خۆیانمان بۆ بگوازێتەوە بەر دیدە و چاوی ناخمان جۆش بدات و بێ ئەوەی زەمەنەکان لە شوێنەکانیان بپچڕێن.

## پێشانگەکەی فۆتۆییەکەی فرانسوا گزاڤیێ لۆڤا

لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٠١ وێنەگری ڕۆژنامەنووسی فەرەنسایی فرانسوا گزاڤیێ لۆڤا پێشانگەیەکی تایبەتی خۆی لە هۆڵی میدیا لە هەولێری پایتەخت کردەوە. لەمیانەی(٣٠) کەڤاڵی فۆتۆگرافیدا بەقەبارەی ناوەنجی بابەتەکانی لە چوارچێوەی کوردستاندا کۆبوونەوە, بریتی بوون لە پانۆرامایەکی کورتی ژیان و خەبات و ئاو و هەوا و شار و گوند و دیمەنی سروشتی و ڕواڵەتی ئاڵوگۆڕی ناوبازاڕ و سەرشەقام و شوێنە دێرین و ئاینییە پیرۆزەکانی وەکو قەڵای هەولێر و مزگەوت و کڵێسە و, مەزاری ئێزدیان و, مەنداییە سابیئییەکان و, چیاو ڕووبارو تاڤگە و گۆم و چین و توێژ و نەوەی کورد بەهەردوو ڕەگەزەکەیەوە, هەروەها ژیانی ئابوری کوردستانی لە ساڵی شەستەکانەوە تاکو قۆناخی ئێستای ئازادی و سەرفرازی و سەروەری, پیشەکانی گوزەری قەیسەری, پێشمەرگەی بریندار, شۆڕشگێڕانی کورد بە تاك و کۆمەڵ لە کاتی بەرگری و پشودان, ئافرەت و منداڵ و دایکایەتی, قوتابخانە و خوێندن و فێربوون لەسەردەمی ئێستادا جگەلە و (ڕێبەر- ڤۆڵدەر) ەی کە لەتوێی سەدان لاپەڕەدا لەژێر ناونیشانی(کوردستان kurdistan ) لە بەرگێکی جوان و قەشەنگدا بە هاودەنگی نووسینی عارەبی و ئینگلیزی چاپکرابوو, کۆمەڵێکی زۆر لە سەرنجە وێنەدارەکانی بەڕەنگ و دەنگەوە سەرجەمی کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی



لەپێناو دەست خستنی مافی چارەنووس و مافی مرۆڤانە لە پێکەوەنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ میللەت و سەروەری خاك و نەتەوە لە دەستەبەرکردنی تەواوی بوونی شارستانی و ژیاری مەدەنی لە ژێر سایەی ئاشتی و ئاسوودە و برایەتی و ڕێزگرتنی دراوسێیەکانی کوردستان و پێکەوە ژیانی کەمینە نەتەوە و ئایین و تیرەکان لە ئاو و هەوایەکی سامالْدا, دوور لە جەنگ و لەشکرکێشی. وێنەکان بەهەردووباری ئاسۆیی و ستوونی لەسەردیوار بەپاشینەیەکی سپییەوە ڕاگیرابوون. وێنەکان لەماوەی سەردان و یاوەری کردنی ڕۆژنامەنووسیانەی ناوبراو بۆ کوردستان لە قۆناغە جیاوازەکاندا تۆمارکرابوون, کە نیشانەی خەمخۆری و دۆستانەی میوانی هونەرمەندە لە ڕوانینێکی مرۆڤانەدا بۆ کێشەو دۆزی کورد وەکو نەتەوە و خاك. هەربۆیەش ئێستا لەگەڵ واڵاکردنی پێشانگاکەیدا بەسەردانێکی دۆستانە لەتەنیشت و نزیك بەرهەمەکانی هەڵوێستی ڕۆشبیرانەی خۆی بە هاوێنەی فۆتۆگراف دەربڕیوە هیواداریین نموونەی ئەو هونەرمەندە هوڵوەستدارانە هەر زۆر بن.

## کاریکاتێر و.. ڕەخنەسازیی

ڕەخنەسازیی هونەرێکی دێرینە و کاریکاتێریش هەروا هەرچەندە کاریکاتۆر بە هونەری ڕۆژانە و ڕۆژنامەگەری دەناسرێتەوە بەڵام بەرلەوە واتە پێش داهاتنی ڕۆژنامە دیواری ئەشکەوتەکان و ژمارە و خشتەقوڕینەکان مەیدانی دەربڕینی هەست و ڕاوبۆچوون و ئارەزووی مرۆڤی بەردین و ناوەڕاست بوون.. کاریکاتۆر مەرج نییە وتە و نووسین و سیناریۆی لە پاڵەوە دابڕێژی تا مەبەست بپێکێ چونکە ئەو کاتە کاریکاتۆرەکە لاوازی دەردەکەوێت و کەم بینی و کەم دەستی هونەری هونەرمەندی کاریکاتۆر دەردەکەوێ زۆرجار کاریکاتۆر تیری ڕەخنەسازی دەهاوێ و دەوری بەهێزو کاریگەری بە کورتی و بە کوردی دەوەشێنێ بە کێشانی چەند هێڵێکی سادە و کەم خەرجی و بێ هیچ زیادەڕۆیی پێداویستی ڕەنگ و کاخەز و تەختە و قوماش و چوارچێوە.. هونەری کاریکاتۆریش جگەلە سادەیی هێڵەکانی پێویستی بەبیر و خەیاڵێکی دەوڵەمەند هەیە.. هونەرمەندی ڕاستەقینە و شارەزا لەم حەسارەدا توانای هونەری بەئاشکراو بوێرانە دەردەکەوێ هەروەکو چۆن ئەکتەر لە شانۆدا توانای ڕاستەقینەی تاقیدەکاتەوە هونەرمەند عەلی دەروێش هەرچەنە لەبواری شێوەکاریدا بوونی خۆی سەپانوە لەبواری کاریکاتێریشدا ڕۆڵی سەرکەوتوانەی خۆی بێ هیچ دوودڵی یەك گەیاندوتە بەرچاوو نێودڵان. لەماوەی پێشانگە و. لە ڕۆژنامە و



گۆڤارە کوردیەکانیشدا کەڤاڵی کاریکاتۆری بڵاوکردۆتەوە لە بەشدارییە هەمەلایەنەکانی لە چالاکییە هونەرەکانیدا لە کەرکوك و پارێزگاکانی کوردستان و بەغدادی پایتەختیشدا زیاد لە چەندین جار دەنگی خۆی و هونەری شێوەکاریی کوردی پەرش کردووەتەوە بەو دیمەنە کۆمەڵایەتی و بیربۆچوونە مرۆڤایەتییانەی بەرجەستە کردووە لە کەڤاڵەکانیدا.. لە دوا چالاکیدا لە شاری کەرکوك کە کەڤاڵی کاریکاتۆری نووسەر وێژەوان و هونەرمەندانی شاری کەرکوك بوون بێ هیچ پاسەپۆرتێك توانی گاڵتەجارانە و شێوازی هەژارانە کە بەر لە هەموو کەسێك کەڤاڵی کاریکاتۆری خۆی کردبوو توانی دیمەنی ڕاستەقینەی بەرچاوی کەسێتییەکان لەسەر کاغەز نمایش بکاو خاوەنەکانیانیش زۆر بەڕێزەوە پێشوازی بکەن و بێ ئەوەی زیز و قەڵس و سەر و دڵیان بگیرێ.. ئەمەیان زۆرە بۆ کۆمەڵگەی خۆمان کەهێشتا نەیتوانیوە ڕەخنە لە نزیکترین کەس لێوەی وەربگرێ چەندێ ڕاستیش بێ.. بەڵام بە ئامرازی هونەری هێڵکاری کاریکاتۆریانە وەکو ختوکەبدرێ لاقرتێ دەیگرێ و بەخۆی دەخەنێتەوە بێ هیچ ناڕازیبوونێك سوپاسی دەست و بیر و خامەی هونەری ڕەنگینی نزیك لە ژیانی ڕۆژانەمان.. چاوەڕوانی هەنگاوی فراوانترین.

پاشکۆی عێراق ژ- ٣٣٨ ی ١٩٩٦/٦/٢٣ بڵاوبووەتەوە.

## دەربارەی هونەری چەند گۆرانی کوردی ئەمڕۆمان

گەربێت و بۆ نەژادی جۆرو ئامرازی کەلەپووری و هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بگەڕێینەوە، ئەوا چەند ئامرازێکی مۆسیقی هەوایی وەکو(شمشاڵ وبلوێر). زوڕناو. دوزەلەو, باڵەبان, و ئامێری ئیقاعی وەکو, تەپڵ و, دەف و, دهوڵ و.. دێنە بەرچاوو یاد کە لە بۆنە ئاینی یەکان و, ئاهەنگەکانی زەماوەندو, خەتەنەدا, بەشێوازی گۆرانی لە هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکدا. دەژەنراون و دەوترانەوە ئەمانەش لەسەر چەندان دەستووری وەکو مەقام و حەیران و لاوك و هۆرە و سیاچەمانە هتد.. کەهەر ناوچەو بەجۆرێکی جیاواز ئاوازو بەزم و ڕەزمی خۆیان هەبوون لە دیوەخان و, گۆڕەپان و کۆڕە جیاجیاکاندا گوێی جەماوەری کوردەوارییان دەخرۆشاند و بیرومێشکیانیان زاخاو دەدا چەندان هونەرمەندی میللی وەکو ئەحەی ناسر و کاوێس ئاغا و مریەم خان و حەسەن زیرەك و عەلی ئەسغەری کوردستانی و هتد هەڵکەوتن و مێژووی هونەری مۆسیقاو گۆرانی کوردییان نەخشاند بێ ئەوەی چاوەڕوانی پاداشت و پیاهەڵدان و نیازی بازرگانی و هەڵپەی گیرفان و گەدەیان بێت بەڵکو بەپاڵنەری بەهرەو داهێنان و خزمەتکردن و دڵسۆزی بەرەنگاری چەندین ئازارو دەربەدەری و خەم و ژانێکی زۆریش بوون بەڵام هەر کۆڵیان نەداو هەر سووربوون لەسەر بەردەوامی کەچی گەربێت و ئەم گۆرانی بێژو مۆسیقاییانەی



ئەمڕۆمان بەراورد بکەین لەگەڵیاندا دەبینی جیاوازیەکە تەنها ئەوەندەیە کە ئێستا ئەمانە ئامێرەکانیان ژێداری وەکو عود و کەمانچە و ساز و گیتارن و ئامێری کارەبایی ئۆرگ و گیتاریش بەکاردێنن جگە لە ئیقاعی ئەلیکترۆنی ئەوانەش کە تەنها بەگوێ فێری بوون و لەسەر نۆتە کەمیان هەیە بیزانن و بەکاری بێنن کە ڕێگەیەکی زانستی و نوێ و پێشکە وتووترە لە گۆرانیی میللی کوردی بەڵام ئایا بابێین پرسیارێك یاخود چەند پرسیارێك بکەین گۆرانیی چی یە؟ ئایا (گۆرانی- نییە هۆنراوە+ ئاواز)، ئەویش گۆرانی بێژێك دەی چڕێ باشە ئایا بابەتی هۆنراوەکانی ئێستا چی جیاوازیەکیان لەگەڵ جاران هەیە؟ جۆری ووتنی گۆرانییەکان چ جۆرێکە لەگەڵ گۆرانی میللی جیاوازی چی یە؟ داهێنانی تیاکراوە یاخود لاسایی کردنەوەیە؟ لاسایی کردنەوەیەکی زانستیانەیە یا کوێرانە و مەبەستی نەیێکاوە ئایا گۆرانیی بێژ تەنها دەبێ دەنگی خۆش بێت و جل و بەرگێکی دوامۆدێل بکاتەبەری و یەکسەربێتە سەر شانۆی ئاهەنگ و شانۆ و تەلەفزیۆن بێ ئەوەی چینی دەنگەکەی خۆی بناسێتەوە یانابێ بزانێ دەروونی گوێگر و بینەر و جەماوەر و ئاستی ڕۆشنبیریی و کەش و ئاوو هەوای دەوروبەر ڕەچاو بکات یاخود دەبێ بەلایەنی کەمەوە ڕۆشنبیرییەکی هونەری مۆسیقایی هەبێت ئەگەر نەڵێین ڕۆشنبیرییەکی گشتی هەمەلایەنە ئەی نابێ بزانێ چی دەڵێت و چۆن و بۆ کێ و لە کوێ گۆرانیی دەڵێت گەلی برایینە هیچ کەسێك نییە گوێ و مێشکی بە ئاواز و

گۆرانیی نەکرێتەوە بەڵام هەموو شتێك ووتنی یا کردنی کات و شوێنی خۆی هەیە زەماوەند و پرسە هەیە هەڵپەڕکێ و قوڕپێوان هەیە پێکەنین و گریان هەیە جا پێویستە زۆر زیرەکانە بار و ئاوو هەوا و شوێنی ووتنی جۆر و بابەت و ئامرازی کاریگەری چەکی هونەر بەکاربهێنین بۆ گۆڕینی باری دەروونی گوێگر بۆ بارێکی باشتر نەك (پێڕاوکەپێکردنی- مراوحە) لەجێ ی خۆیدا ئەمەش هەڵوەستە و مێژووی هونەری و ڕەخنەسازیی هونەری تۆماری دەکا بە ئەمانەتەوە ئەمەش هیچ جێگای گلەیی و پیاهەڵدان و چاوقووچاندن و پێ لێ خشان قبووڵ ناکات چونکە بێ دەنگ بوون لە هەڵە و خۆڵی گێل کردنی زیان لێ هونەرمەندان و هونەرەکە و جەماوەر دەگەیەنێت ئێوەن ئەوەمان لێ قەبووڵ ناکەن چونکە بێ گومان هونەرمەندی ڕاستەقینە داوای ئەوە دەکات گوێگرێکی لە هەلکەوێت وەکو (ڕەخنەسازێك نەك ڕەخنە گرێگ)، بەڕاست و ڕەوان سەرنج و تێبینی خۆی بەرانبەر هونەرەکەی پێشکەش بکات کە وەکو ئاوێنەیەك ڕەنگدانەوەی ڕەنج و تەقەلاکەیەتی جەماوەری کوردیش ئەوەندە دەهێنن و خاوەنی ڕۆشنبیریی و هۆش و هەست و گوێ یەکی ناسکن کە چاوەڕوانی هونەرێکن لە هونەرمەندانمان کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەرمان بەرەکەت لە زۆربووندان کە لە دایکبووی واقیع و ژیانە ڕەسەنەکەیان بن بۆ ئەوەی هونەرێکی زیندوو ڕەسەن و نەمری لێ دروست بێت نەك پێش لە دایکبوونی لە باربچێت، هونەرێك ژێیەکانی دەروون و دڵ و بیر



بجووڵێنەوە سپاردەی خەیاڵێکی دروست و پاکیان بکات نەك بیانگێڕێتەوە بۆ دوواوە، لەم ڕوانگەیەشەوە پێ لەسەر خاڵی هەڵبژاردنی جۆری هۆنراوەکە دادەگرم کە ئاوازەکەی لەسەر دادەڕێژرێت کە بنەمای دروستبوونی کۆشکی گۆرانی یەکەیە کە هەندێ گۆرانیی بێژ و مۆسیقا ژەن خەریکن خۆیان هۆنراوە هەڵدەبەستن وەکو ئەوەی بیانەوێ بواری هۆنراوەیش بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە ئەمەیان ئەگەر هاتوو لە هۆنراوە دانانیشدا سەرکەوتوو بوو بە زووترین کات دووربکەوێتەوە شاعیری پایەبەرزی کوردمان زۆرن و شیعرەکانیشیان زۆر بە ڕاستگۆیی ووتراون شایانی ئەوەن ئاواز و مۆسیقای کوردییان لەسەر دابنرێت هەروەها هەڵپەی بازرگانی کردن بە هونەرەوە ئەمەش هەر لایەنێکی بێزراوە تا زوو بکەن خۆیانی لێ بکێشنەوە بۆ دوا ڕۆژی هونەرییان زیانی هەیە و ناڵێین پاداشت وەرمەگرن چونکە دەزانین نرخی بێ سنوری ئامێری مۆسیقا و بژێوی ژیان پێویست دەکات بۆ بەردەوامبوون بەڵام هەمووشت بە خۆی و خوێش بە مانا.

## سەمفۆنیای ئەدەب بۆ گەل یاخود هەڵبزڕکاندن؟

ئەدەب جیهانێکی پاکژ و بێ گەردە دەبێ دوور لە بەرژەوەندی دارایی و خاوەنداریێتی تایبەت و ڕاژەی خودی کاتی و کەم خایەن بوەستێ و هەردەم ڕێچکە و کاروانی یەکجاری و یەکبینی خۆی بگرێتەبەر بێ دووڕیان و دوودڵی و ئاوەڕدانەوەی پاشەکشە و چەواشەکردنی ڕاڤە و ناواخنی کە بەدابەشکردن و دولایی و ڕاڕایی قایل نابێ.. ئەمە گومانی تیا نییە و میللەت لە جەماوەر و خوێنەر و گوێگر سەنگی مەحەکی هەڵسەنگاندنی سەرئەنجامی ئەدەبی هەڵوەستەدار و پابەندبوون، سەلامە مووسا دەڵێ: بۆ ئەدەب بۆ گەل واتە ئەو بابەتانەی کە دەنووسرێتەوە دەبێ لە ناوجەرگەی گەلەوە هەڵبهێنجرێن و لە خزمەتی گەلدا بن.. نەك بە زمانی سادەی گەل بنووسرێتەوە.. کەچی ئەوەی دەخوێنینەوە دەیبیستین وامان پێ ڕادەگەیەنن کە ئەدەب بۆ گەل واتە بە زمانی گەل بێ.. ئەمەش بەو چەواشەکردنەی کە دەبێ هەموو خەڵکی گشتی و سادەی ڕەشۆك بە زمانی سادەو ساکارو بێ هونەرکاری لێی بگەن.. لێرەدا دەڵێین ئەدەب جگە لەو بابەتەی کە دەبێ لە ناوجەرگەی ڕۆژگارو ژیانی ڕۆژانەو پڕاوپڕی دەبڕی بی بژێوی بێ و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئاستی هونەری ئەدەبەکە لە شێوازو حەبکەو گرێچن و زاراوەی نوێ و نوێخوزکاری و داهێنانی هتد لێ دابڕین و داماڵین و ئاستی وێژەیی لە ڕەوانبێژی و زمان و



جۆرایەتی تیاکردنی پشتگوێ بخەین بەبیانووی زۆربەی خەڵکی بەمەندە ڕازین و هەر ئەوەندەیان لەبارە چونکە ئامانجی ئەدەب تەنها گەیاندنی بابەتەکەو دەربڕینی بیر و فەلسەفەی نووسینەکە نیە بەڵکو هەروەکو ڕوون و ئاشکرایە کە ئەدەب جگە لە بابەت (بیر, ڕووداو , زمان, بەشێکە لە هونەرو هونەر نواندن، کە چەشە پێدان و جوانکاریش دەگرێتە خۆی جا گەر بێت و چینێك بواری چەشەوەرگرتن و (جوانبینییان) نەبێ ئەوا دەتوانن لە لایەنی بیر و بابەتی ئەدەبەکە چێژ وەردەگرن و لایەنەکەی دی بۆ ئەو یانەی دی جێبێڵین کە ئەوانەی قۆناخێك بەر لەوانەوەن ئەمەش مافێکی ڕەوای چینیەکەی دواییینە هەروەکو ئەمانیش بە مافی ڕەوای خۆیانی دەزانن.. لێرە کە ئەمە دەبێژین ئەو سەرنجە دەروژێنین، کە لە دەروونی خوێنەرەکە تەواوکەری وتاری بێشومانە بەناوی(تێ ڕامانی ڕۆژانە) کە لە پاشکۆدا بڵاومان کردەوە بۆ کێ دەنووسین.. بۆ خۆمان.. یا چینێکی تایبەت.. یاخود زۆرینەی خەڵکی؟ کە وای دەبینین خەڵکی هەموو بە یەکسانی مافی خوێندنەوە و زانیاری بەرچنگ کەوتنیان بێ ڕەواببنرێ، نەك بەتەنها توێژێکی جیاخراوە لەوانی دی کۆمەڵگە کە هەمووان لە (نەستی گەلی- لاشعور جماعی) یەکدەگرینەوە کە ژیان و ڕەنجدان و کامەرانی سێ کوچکەی زێڕینی تەوەری مرۆڤە بەگشتی.

پاشکۆی عێراق ی ١٩٩٦/٧/٢٨ بڵاوبووەتەوە.

## عەبدوڵڵا سەراج لەگەڵ ڕەنگ و هێڵدا لە کەرکوك
## ژوانی هونەری سازدا

مامۆستا. سەراج پاش گەڕانەوەی لەفینلەنداو ئاوارەیی بۆماوەی نزیکەی(١٠) ساڵ لەهەرسێ شارەکانی کوردستان(هەولێر, کەرکوك, سلێمانی) بەجیا لەگەڵ ڕەنگ و هێڵەکانی بەزنجیرە ژوانی هونەری سازدا. بەرلەوەی بێینەسەر هەڵسەنگاندنی هونەریانەی ژوانەکەی پێویستە پاشینەی ڕوانگەی هونەری مامۆستا باس بکەین. مامۆستا سەراج جگە. لەوی وەکو چەشە وەرگرێکی هونەری شێوکاریی و لەبواری پەروەردەکاریی فێرکاریی و هونەرییدا لەسەرەتای هەفتاکانەوە کە خوێندنی کوردی دەستیپێکردو لەپاڵ فێرکردنی زمانی کوردی لەدوای دەرچوونی بەیاننامەی (١١) ی ئاداری ١٩٧٠, هەروەها لە پەنجاکاندا لە گۆڤاری هیوا چەندین هێڵکاری بڵاوکردۆتەوە.... ئەمجارەیان ویستوویەتی پاش کارکردنی لەبواری تیۆری هونەری بەپراکتیکی خۆی تاقیبکاتەوە. بەرلەوەش وەکو چیرۆکنووس شاعیر و ڕۆژنامەنووس شاکارەکانی شایەتحاڵی ئەو ناونیشانانەن. پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەریش زۆر نزیکە و یەك سەرچاوەیان هەیە بەدەی کە ئەدەب بەشێکە لە هونەر و ئەدەبیی و هونەرمەندانی داهێنەر هەمان (حەدس - هەستیاری)



دەیانجولێنن بەرەو جیهانی داهێنان و هونەر.... بەو پێیەش هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەو دوو هونەرەدا نییە تەنیا چۆنیەتی و ئامراز و کەرەستەی کارکردن نەبێت.. ئەگەر هاتوو ئەدەیب تایبەتمەندی و ئامراز و تەکنیك و کەرەستە و مادە و چۆنیەتی کارکردنی شێوەکاری تایبەتمەندی هونەرمەندبن. کەواتە چ ڕێگرییەك هەیە لەوەی ئەدیب شێوەکاریش بێت مەگەر بەس ئەوەندە ڕەچاوی زانستی ئەکادیمیای لەبەرهەمەکەیدا بکرێت ئەمە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندن و ڕەخنەسازیکردنێکی ئەکادیمیانەی بۆ بکەین, بەتێپەڕاندنی ئەو مەرجەش دەگەینە ئەوەی مامۆستا خاوەنی (حەدس) ی هونەری و چەشەو ڕۆشنبیری هونەرییە و لە پەروەردەکردنی هونەریشدا بەتیۆری و پراکتیك ئەزموون لە ئەنجامدانی پرۆسەی شێوەکاریی شارەزایە هەر وەکو (جۆن دیوی) پیتۆلکاری ئەمەریکایی شارەزایی وەکو دەرەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموونەکان دەیداتە قەڵەم. بۆیە پاش نیوسەدە لەسەرقاڵی و خوێندنەوە و کارکردن ئەمجارە بەبڕوا و داهێنانەوە تێهەڵچووەتە نێو پێشانگەی شێوەکاریی خۆی هەرچەندە پێش ئەوە سێ پێشانگەی خۆی لە وڵاتی فینلەندا سازکردووە بۆیە دەکرێت ئەم پێشانگەیە پێشانگەی چواردەمی ناوبەردێت. لە نموونەی مامۆستا سەراجیش لەسەر ئاستی جیهانی و عەرەبی و هەرێمی زۆرن هەن کە زیاد لە بوارێکی هونەری یا بەتێکەڵی چەند بوارێکی هونەری یاخود تێکەڵکردنی بواری هونەری و

زانستی و هتد.... لەسەر ئاستی جیهانی ئەندرێ بریتۆن, پیکاسۆ, لیۆناردۆ داڤینشی, ئەنتۆنی کوین.... هتد, هەر لەسەر ئاستی عەرەبی, غەسان کەنەفانی, جەبرا ئیبراهیم جەبراو.. هتد. لەسەر ئاستی هەرێمایەتی نازم حیکمەت و لەسەر ئاستی ئێراقیش نموونەمان زۆرن لەوانەش: عادل کامل, نزار سەلیم, شاکر حەسەن ئالی- سەعید, نوری, راوی هتد.... لەسەر ئاستی کوردیش نموونەمان هەن زۆر زۆرن لەوانەش محەمەد عارف, عەبدولخالق مەعروف, شاکر فەتاح, سەلاح هەورامی, نەژاد عەزیز سورمی, فەرهاد پیرباڵ, خەسرەو جاف و.... هتد. دیارە کۆبوونەوەی زیاد لە بەهرە و بوارێکی زانستی و ڕۆشنبیری لەکەسێکدا نیشانەی دەوڵەمەندی هزر و ئاوەدانی ئاسۆی هەست و کرانەوەی هۆشیایی و فرەبوونی ڕۆشنبیریی و بەرزی ئاستی بەر پرسیاریەتییە, بەتایبەتی لە نێوەند میللەتە چەوساوە و بێ ناسنامە و بێ تەوارە سیاسییەکاندا کە کوردیش بەشێکە لەو میللەتانە. لە دوای ساڵی ١٩٩١ و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەریی و سیاسیی و..هتد ڕووبەڕی ئەو فرە بەهرانە فراوانبوون و جەماوەرێکی خاوەن بەهرەی چاپکراو کەناڵی ئازادییان بەڕوودا ئاوەڵابوو تاکو بەرهەمی بیر و هەست و دەستیان نمایشبکەن بەبێ لێپێچینەوە و سانسۆر و مەترسی و سزادان کەبوونە ماکی داهێنان و خۆناسینی بەتەواویی نەك لە ناوخۆ, بەڵکو دەرەوەی سنور کوردستانی باشوریشی گرتەوە.. مەرزەکانی بەرەو بەشەکانی



دیکەی کوردستان و جیهان ئاوەڵاکرد پەیوەندی ڕۆشنبریی و هونەری  تازە دروستبکرێت و ئاڵوگۆڕی هزری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لێبکەوێتەوە، ئەوجا بابێتە سەر بەرهەم و فۆڕم و ستایل وتەکنیك و تەکنەلۆژیا و مەتەریاڵ و ڕەگەز و بابەت و بیرۆکەکانی تابلۆکانی پیشانگەکەی مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج لە کەرکوك کە هەمان تابلۆکانی پیشانگەکەین لە هەولێر و سلێمانی. پێشەکی دەمەوێت سەرنج بۆ (ڤۆڵدەر- ڕێبەر) ی پیشانگەکە ڕابکێشم کە بەرامبەر ئەو ڕێبەرەی کە لە سلێمانی بۆیکرا زۆر هەژار بوو کە ئەمەیش واتە ڕێبەرەکە بەشێکە لە تابلۆی گالێرییەکانی شێوەکاری کە بەبایەخەوە خەمی لێ نەخورا. چ جای هەڵەیەکی زۆری چاپی نووسراوەکانی سەر ڕێبەرەکە لەوە دەچوو کەسێکی ناکورد چاپیکردبێت, بەڵام وانەبوو وێڕای نەبوونی پۆستەر و بانگهێشتی پێشانگەکە بەتەنها لەگەڵ ڤۆڵدەرەکەدا تێکەڵکرا بوو. ئەمە و هۆڵی نمایشی پیشانگەکەیش شوێنێکی شایستە نیە لەبەر زۆر هۆکار.. نووسەری شێوەکار(ع. س) لەپیشانگەکەیدا لە کەرکوك(٤٧) تابلۆی قەبارە ناوەنجی بەڕەنگی ئاوی لەسەر کاخەز و کارتۆنی سپی کێشابوو هەر چەندە تایبەتمەندی ڕەنگی ئاوی و پەیوەندی بەکارتۆنی (کانسۆن)ەوە هەیە کە تایبەتە بەو ڕەنگە, بەڵام مامۆستا ئەو کارتۆنەی بەکارنەهێنابوو.. بابەتی تابلۆکان چەندین بواریان لە خۆگرتبوو وەکو: پۆرترێت, کەلەپوری کوردەواری لە ئەفسانە و داستان و

دابوونەریت.... هتد دیمەنی سروشتی کوردستان, نەخش و زەخرەفە, نووسراوی ئاینی, ئافرەت بەڕووتی لەچەند تابلۆیەکدا.... ئەوەی جێی بایەخە بەلایەنی بابەتەکەوە وەبەرخستنی کەلەپووری و باوەڕی کۆنی کوردەواریانەیە لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون کە ئەمەش وەکو پیشانگەیەتییەك بۆ سەرهەڵدانی هزر و فەلسەفەی کوردانە بەر لەمێژوو پەیدابوونی ئایینەکان کە پاشان بەناوی خەرافات لەلایەن ئایینەکان و فەلسەفەی تازە و سەردەمەوە ناودەبرێت, هەر سەبارەت بەبابەتی خورافاتیش تابلۆی(مەرقەدی کەرەشین) دەبینرێت هەرچەندە لەلایەن دامەزراندن و کارکردنی (هێڵ, فیگەر)ە وە جۆرە لاوازییەك دەبینرێت, بەڵام لە چاوی بینەری ئاسایی کە بابەت پلەی یەکەمی گرنگیدان ئامادەیی هەیە دەوڵەمەندی بابەتەکە هەژاری جێبەجێکردنەکەی داپۆشیوە.. کە بەشێوازی(تەعبیری- دەربڕینکاری) دەربڕاوە. بەلایەنی(شێواز و ستایل)ەوە تابلۆکان بەچەند شێوازێك ئەنجامدراون وەکو: شێوازی دەبڕینخوازی, شێوازی سەرنجخوازی سوریالیزم, ئەبستراکت.. ئەم شێوازانەش لەتوێی ڕوانگەیەکی نوێباوانەدا جێیان دەبێتەوە. هیوادارم توانیبێتم لەم وتارەدا خوێندنەوەیەکی بابەتیانەم بۆ تابلۆکان کردبێت.. با بینەرانیش خۆیان سەرپشکی خوێندنەوە و ڕوانینی تایبەتی خۆیان بن پێموایە کە هەرکەسێك بەپێی تایبەتمەندی گۆشەی ڕوانین جیاوایی لە کەسێکی دیکەوە هەیە.



چاوەڕوانی هەوڵی زیاتر و تازەی هونەرییانەی مامۆستایشین بەشێوە و شێواز و تەکنیکی و تەکنۆلۆژیایی بەرچاومان ڕۆشنتر بکاتەوە.

## گرنگترین کێشەکانی شەپۆلی ئەمڕۆی هونەری شانۆیی کوردی

پێشەکی: بەرلەوەی بێینەسەر باسکردنی کێشەکی سەرڕێی پێشکەوتنی شەپۆلی ئێستای هونەری شانۆیی کوردی پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەو دیاردە هونەرییەی ئەمدواییە بکەین کە لە فیستیڤاڵە شانۆییە کوردییەکەی کەرکوکدا خۆی بینییەوە کە پاش دامرکاندنەوەی بیست و پێنج ساڵ بەسەر ئەو جۆرە (چالاکییانەی) ڕوداوێکی هونەری تازەی بووژاوە بوو ڕەنگدانەوەی پەسەندو جێی سەرنجی هەموو لایەك بوو پاش هەوڵ و تێکۆشان و ڕەنجێکی زۆر توانرا ڕووی گەش و پرشنگداری بگەڕێننەوە دیارە هەوڵ و ڕەنجی ئامادەکەرانی ڤیستیڤاڵەکە بۆ کەسێك بەتەنها ناگەڕێتەوە سەرەڕای جێ پەنجەی دیاری هونەرمەند عادل چاوشین لەو تەکانەدا کە هەر خۆیشی ڕۆڵی سەرەکی لە یەکێك لە نمایشە شانۆگەرییەکان بینیبوو جگە لە دەرهێنانی شانۆگەری((کەللەسەر)) ئەوەی جێی سەرسووڕمان بوو لەو چالاکییەدا لیژنەی هەڵسەنگاندن کەلە چوار کەس پێکهاتبوون هەروەکو ناسراون کەلەلایەن نەقابەوە دەستنیشان کرابوون تەنها دووانیان لە یەکەم ڕۆژ و سێیەم ڕۆژدا بینران ئەوانی دی هیچ نمایشێکیان نەبینیبوو نازانم چۆن گەیشتنە ئەو بڕیارە سەیر و سەمەرەیەی کە بۆیەکەمین جار لە مێژووی هونەردا دەبینرێتەوە.



جگە لەوەی ڕاگەیاندنی پلەی سەرکەوتن و هەڵسەنگاندن لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا جێی شایان بێت ئاشکرا دەکرێت نەك لە ژێر پەردە و بە چرپە و گومانەوە. خۆگێڕانی کۆڕی ڕەخنەسازیی هونەری بۆ ئەو جۆر چالاکییانە نەك هەر پێویستییەکی نکۆڵی لێ نەکراوە نەریتێکی چەسپاوی هونەری جیهانی یە نازانم ئەم جۆرە خۆشاردنەوەیەی نەقابە لە پیادەکردنی ئەرکەکانی لە خزمەتی چی و کێدایە..؟! ئەو دوای سەرنج و تێبینی و پێشنیاز و ڕەخنەکانمان بۆ کاتێکی دی هەڵدەگرین. ئەوجا بابێینەسەر ئەو کێشانەی بوونەتە کۆسپ لە ڕێی هونەری شانۆیی کوردی لە شاری کەرکوکدا، کە پوختەیان بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- مۆڵەتی کاری هونەری شانۆیی تیپە شانۆییەکانە، کە خۆیان لە چوار تیپ دەدەن تاکو ئێستا بەڕەسمی نەدراوە و سەرەڕای تێپەڕبوونی نزیکەی دەساڵ بەسەر دەستپێکردنی بەرهەمی هونەرییان

٢- نەبوونی شوێنێکی تایبەت بە تیپ بۆ یەکبینین و لێکۆڵینەوەی دانیشتنی هونەری تیپەکەو پرۆڤەکردن و مەشقی هونەری

٣- نەبوونی یارمەتی دارایی و گیانی لە هیچ لایەنێکەوە بۆ تیپەکان و تەنانەت لەلایەن نەقابەی هونەرمەندانی لقی کەرکوکیشەوە کە تەنها ئەرکی بەجێهێنراوی ڕەزامەندی ڕەسمی پێدانی دەقە شانۆییەکان و بوو بەس بۆیە تیپەکان لەسەر ئەستۆی خۆیان خەرج دەکەن

٤- نەبوونی هۆڵی شانۆیی تایبەت و پێشکەوتوو ئەوەی حاڵی حازر هەبێت هۆڵی(چالاکی قوتابخانەکان), کە ئەویش زۆر زۆر کەم دەستگیردەبێت چونکە جگە لە تیپە شانۆییە کوردییەکان تیپێکی دی هەیە جگە لە تیپی قەلاَ بۆیە زۆرجار بە تایبەتی لە بۆنەو جەژنەکاندا ئاهەنگەکانیان بەرانبەر یەکتری ڕێکەوت دەبێت هۆڵی شانۆکە پێشوەخت دەگیرێت و جارواش بە مانگ دەخایەنێت

٥- کێشەی کەمی ئافرەت لە شانۆدا: ئەگەر چی تائێستا چەند ئافرەتێکی هونەرمەندی کورد بەگیانی ڕوناکبیری و هونەرییانە ئازاو بوێرانە سەرکەوتوونەتە سەر تەختەی شانۆ بەڵام لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن بۆ ئەمەش دەبێت هونەرمەندان لە خێزانی خۆیانەوە دەست پێبکەن هەروەکو هونەرمەند عادل چاوشین یەکەم هەنگاوی خەمخۆرانەی ناوە بە منداڵ و خێزانەوە لەو بوارەدا.

٦- گەورەترین کێشەش کەمی جەماوەری شانۆیەکە لە توێژە ڕۆشنبیر و هونەر دۆستەکە بترازێت تەنانەت خوێندەوارەکەش نەك نەخوێندەوارەکە تەنها هەمووان سەرقاڵ و هەڵپەی نان پەیداکرنن کاتی ئەوەیان نییە بیر تەنانەت لە ڕابواردن و حەوانەوەش بکەنەوە.. دیارە تەلەفزیۆنیان کردووە بە جێگری شانۆ.. ئەم کێشەیەش لە دەسەڵاتی هونەرمەندندا نییە، خۆ ئەوانیش بەشێکن لەو جەماوەرە.. هەر ئەوەندەشیان پێدەکرێت ئێمەش لەوە زیاتر ناتوانین لێیان چیتر داوابکەین.



٧- کەمی و دەگمەنی لە پسپۆڕی شانۆیی و دەرچووی پەیمانگە و کۆلیژەکانی هونەرە جوانەکانی- بەشی نواندن و دەرهێنانی شانۆیی ئەمەش وەنەبێت شارەکە لەو کەسانە بێبەش بێت بەڵکو بەناو زۆرن بەڵام بەکار و بەشداری هۆی جیاواز. حەز ئەکەین ئەوانەی کە ماون لە شارەکەدا و ئاگاداری ڕەوتی شانۆ و باری ڕۆشنبیرین لە شارەکەدا خۆیان هۆی تایبەتییان لەلایەن خۆیانەوە لە دوورکەوتنەوە و خۆشاردنەوە لە کونجەکانی ماڵەوەیان بزانین..

٨- کەمی ڕەخنە و ڕەخنەی پسپۆڕانەی شانۆگەری: کەمی ڕەخنە و دەگمەنی بەلایەن هەندێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون و کەمی و دەگمەنی بەرهەمی شانۆیی چاك لەگشت لایەکیەوە: دەق, ئەکتەر و نواندن, دەرهێنان و دەرهێنەری پسپۆڕ.. بۆ ئەمەش وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی با تیپەشانۆیی یەکان بەر لە نمایشکردنی بەرهەمەکانیان نمایشێکی تایبەتی بۆ(ڕۆژنامەنووسان و, نووسەران و, ڕووناکبیران و, هونەرمەندان) بگێڕن بەرلەوەی نمایشێکی کۆتایی خۆیان بنوێنن بەمەش سوود بە خۆیان و سەرهەڵدانی ڕەخنەی هونەری شانۆیی دەگەیەنن بەلای کەسانی دییەوە دەڵێن ئێستا کاتی ڕەخنەگرتن نییە گەرچی ڕەخنە کات و شوێنی بۆ نییە ڕۆڵی دووسەروکاریگەریشی هەیە. ئەوەی ڕابورد بەرکولێك بوو بۆ گرنگترین کێشەکان لە ئایندەدا هەریەکە و بە تێر و تەسەلی لەسەریان بەزەڕەبینەوە دەخوێنینەوە.

# چەند سەرنجێك لەمەڕ كۆنگرە ڕۆژنامەوانییەكەی بناری قەندیل

بیستنی ناوی چیای قەندیل هەر لە خۆیدا مایەی بەخشینی هێز و شكۆدارییە بۆ خەڵكی كورد بەتایبەتیش لەلای كەسی ڕۆشنبیر ئەوپەڕی ڕاڤە و مانای بەرزی بۆ مێژوو دەڤەرەكەی لە زاكیرەدا هەڵگرتووە. ڕۆژنامەنووسیش وەكو چاوی چوارەمی نەتەوەو وڵات حیسابی جیاوازی بۆ دەكرێت.. ڕۆژنامەنووسی كورد لە باشووری كوردستان پاش ١٦ساڵ لە ئازادی سیاسی بەڵام هێشتا لەپێراو كەكردندایە.. بۆیە ئەم سەرنجانەم سەبارەت رەوشی ڕۆژنامەنووسی لەكۆنگرەی ئاگربەستی بناری قەندیل كە كۆما كۆمەڵانی كوردستان ڕایگەیاند دەكەم بە نموونەیەكی دیكەی ئەو داتەپینەی باری ڕاگەیاندنی كوردی لە كوردستانی باشوور, هیوادارم جێی سوود وەرگرتن بێت. سەبارەت بەو پرسیارانەی چەند پەیامنێرێكی سەربەدەزگاكانی ڕۆژنامەوانی حیزبی و دەسەڵات و بەناو ئەهلی و بە كورتی و بەخاڵ دەخەمە ڕوو:

١- ڕۆژنامەنووسێكی كوردی سەر بەدەزگای سەتەلایتی(الحریە) لە بەغدا, پرسیارێكی زۆر سەیر و نامۆ و عاجباتی بوو كەسەبارەت بەراوردكردنی(پ ك ك) و ڕێكخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە كردی, كە گوایە سوودیان لەو تەكتیكەی(قاعیدە) وەرگرتووە, لەشەڕی پارتیزانی خۆیان دژبە حكومەتی توركیا, لەوەی چەند باڵێكی جیا لەخۆی بەشوێنە جیاجیاكانی كوردستان دابەشكردووە كە هەمان شتیش پێشتر قاعیدە باڵی خۆی لە ئێراقدا بەناوی(بلاد رافدین) كردۆتەوە؟ بەڕاستی ئەم پرسیارە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێكی ئیسرائیلی یان توركی یان عەرەبی یان فارسی بیكردایە ئاسایی بوو, بەڵام ڕۆژنامەنووسێكی بەحساب هەڵماتی كەلای ڕۆژنامەنووسی كوردە لە بەغدا بەزمانی عەرەبی ڕای گشتی عەرەبی بە بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد ئاشنادەكات, جێی شەرمەزاری و هەژاری هزر و دارمانی ڕۆشنبیرییە, چونكە یەكێك بێ ئاگابێت نەخوازا كورد و ڕۆژنامەنووسیش بێت, كۆمیدیاییەكی زەمینییە.. ئەگەر ئەم دیاردەیە بەبێ ئاگایی نەبێت, ئەوا حەتمەن چەواشەكردنە و دەبێت ئەگەر هەمان ئاكار و كاروباری ڕۆژنامەوانی خۆی بەڕای گشتی عەرەبی بگەیەنێت, مایەی چ كارەساتێكی نەتەوەیی بێت! ئەگەر بێت و حسابی نەتەوە بۆ خۆمان بكەین. ئەگەر بێت و ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە وەكو پەیامنێر بۆ كۆنگرەیەكی عەرەبی لەناوخۆ و دەرەوەش بنێردرێن, دەبێت چی بەئێمە بڵێن ! لەوەی زیاتر كەپێیان ووتووین. ئایا هەر وەكو توركە تۆرانییەكان ناوەزەدمان دەكەن بە(توركە شاخاوییەكان) یاخود(ئێراقییە شاخاوییەكان) یان(عەرەبە چیا

نشینەکان) ئەگەر ئەمە نموونەی ڕاگەیاندنی کوردی بێت دەبێت چۆن تەسەوری خەڵکی ئاسایی کوردی بکەین.

٢- هەردوو پەیامنێرە ڕۆژنامەوانییەکانی چووتە حیزبی دەسەڵاتدارەکە لە هەوڵ و خەمی ئەوەدا بوون پێشبڕکێ بکەن لەوەی کام لە سەرۆکی حیزکەیان لە پێشتربوون هەوڵی گەیاندنی ئاگربەست بدەن بەلایەنی ئەمریکا و تورکیا واتە کامیان لەپێشتر تەسریحی لە ڕاگەیاندن پێشوەخت داوە, یاخود دەستپێشخەری بانگکردنی ئاگربەستی بۆ هەردوولا کردووە, بەس نەبوو شەڕی ئەهلی ڕۆژنامەنووسی نەقەوما خۆ ئاگربەستەکە لە بیردەچووەوە و دەبوایە بیر لە ئاگربەستێکی دیکە بکەینەوە و ڕیسەکەمان دەبووەوە بەخوری.

٣- سێ پەیامنێر کە دووانیان سەر بەدەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەکەی سلێمانی بوون لە خرپەی خەوێکی خۆشدا بوون لە مقۆمقۆی ڕۆژنامەنووسان بەخەبەرهاتن.. بەڵام پاش چی وێنەکان خۆیان دێنەزمان, ڕۆژنامەنووسی سێیەم پەیامنێری (ئەلجەزیرە) بوو بەرلەوەی وێنەی بگرین بەخەبەرهاتەوە.

٤- چەند بارەکردنەوەی پرسیارەکان سەرنجێکی دیکە بوون لە لایەن هەندێ ڕۆژنامەنووسەوە ئەمیش مانای خۆی هەبوو.

٥- وێنەگرەکەی(ئاوێنە) لەجیاتی(رەجەب تەیب ئەردۆگان) ناوی(عەبدوڵڵا گوڵ) ی هێنا کە گوایە بە(پ ک ک) ی ووتووە ئێمە ئاگربەست لەگەڵ دەوڵەتێکدا دەکەین نەک تیرۆریست.. جگە لە



نەبوونی ووردبینی و دڵنیابوون لە هەواڵەکە و پێداگرتنی خۆی لەسەر ووشەی تیرۆریست دەکردەوە.. گەرچی خۆشی وێنەگر بوو نەک پەیامنێر.

## هونەرمەندی کورد خاتوو مزگێنی
## مووژدەی گەشی ئایندەی تەلاری باڵای شێوەکاری کوردییە

ژیان حەساری بەرفراوان و بێ سنووری بزاڤە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤە, مرۆڤیش ئەو گیاندارە کۆمەڵایەتی و زمانزان و خاوەن خەون و بیر و ئەندێشە و باڵدارەیە لەپێناو دۆزینەوەی شوناسنامەی بوونی خۆی لە هەوڵ و کۆشش و خەبات بەردەوامە سەرەڕای سەختی و جەنجاڵی کێڵگەکانی سەرنەخشەی زەوی و نزیکی و کاریگەری پاڵەپەستۆ بە تەوژمەکانی و ململانێی بەردەوامی نایەکسانی لەگەڵیاندا و وێرای نوچدان و شکستی بەڵام ورەبەردان سروشتی مرۆڤی هونەرمەندو هەستیاری خاوەن ئەزموون و هۆشیاری سەرسەخت بەخواستی خۆی ڕێی بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان وەکو ماندونەناسێکی دووربین و ووردبینانە دەکاتە چارەنووسی هەڵبژێردراوی خۆی و لەو گۆشە هێزپڕوکێنەرەوە بە ئەرکێکی مێژوویی و هەڵوەستەی پێویستەوە شانی خۆی دەخاتە بەرو کەڵ ژیانی خۆی بە پلەی یەکەم وەکو پردێکی گەیاندنی شارستانی مرۆڤایەتی و ئاوێتەی ڕەنگدانەوەی خۆزگەکانی خودی خۆی و کۆمەڵگەی پێکەوە گرێ دەدات مانای ڕاستەقینە لە بوونێکی نموونەییدا کە خۆی(خودی) جەمسەری هەڵسوڕێنەری ململانێکانە ڕایی دەکات.. هەر کەسەنگەرەو



بەرەیەکی تایبەتی ڕێکخراوە لەسیستەمی بیروبوونێکی تێهەڵکشراوی تەواوکراودا ڕابەرێکی هێزە یاخیبووەکانی ڕووبەڕووی ئاووهەوای دیوەزمەکانی ناحەزی ژیان و مرۆڤایەتییە دیاردە ناپەسەندەکان ڕەتدەکاتەوە و بەرنامەی خۆی دادەڕێژێت و لەپێشبینی یەکی (هونەرییانەوە) هەڵوەستەی مرۆڤانەی دەکاتە تەرازووی یەکلایی کردنەوەی ڕاست و چەوتەکان- ڕەش و سپی- هەر لەم سەکۆیەوە شێوازی هونەری هونەرمەند کە مۆرکی ناسینەوەی کەسێتی تایبەتی مرۆڤی هونەرمەندەو- جۆری کێشەکان و چۆنیەتی بەربەرەکانی گیروگرفتەکانی ڕۆژانە و بڕوچەندو چۆنی یان ڕەنگی خۆی تێکەڵ بەڕەفتارو ڕەوشتی هونەری دەبێت هەرئەمەش مایەی دۆزینەوەی کۆمەڵێك پەیوەندی ئاڵۆزی هونەرو- ژیان- هونەرمەندو- کێشەکان دیاریدەکات ئەمەش لەبۆ چوونی تۆژینەوەیەکی ڕەخنەسازییانەی ڕەسەنێتی و ڕەگ و ڕیشەی سەرهەڵدانی هونەرەکە و- هونەرمەندەکەی دەکۆڵێتەوە: خاتوو مزگێنی هونەرمەندیش هەروەکو ئەندامێکی زیندووپڕبزاڤی نێوجەرگەی ئەوزەریا شێتانەیەی گەمارۆی دوورگەی ژیانی سەرزەوی داوە هەڵکەوتووە و خۆی بە ئامێرێکی ئاسنین و گیاندارێکی ئەندێشەی زانستی و جەنگەڵی ئەفسوناوی نازانێت هاتووە ڕاست و ڕەوان بەچەکێکی ترسناك و- کاریگەر و هەڵهێنجراوی ئامێزی زانست و- کانگەی هونەر و ژیان و مرۆڤەوە سەنگەری لەوڕمووزنانە گرتووە کە

قۆناخە جیاجیاو گۆشە سەوزەکانی مرۆڤیان کردووە بەکەلاوەو مەیدانی ڕەفتارە گلاوەکانیان.. لە(٣٨) کەڤاڵی لاکێشەیی چوارچێوەداری قەشەنگدا بۆ چوونی خۆیمان لە ڕوانینێکی شێوەکارییانەدا بۆ پێشکەش دەکات بە ئاوێتەکردنی دوو شێوازی شێوەکاری (کۆلاژ_ نەخشەسازی- تصمیم) یەوە ڕەنگی ئاوی کلاڤەی خەم و خەونەکانی ووردچنانە بۆ هەڵدەخات.. لە دروستکردنەوەیەکی سەرلەنوێی وێنەو دیمەن و دیاردە و هێڵ و ڕەنگ و شێوە و ژووان و ڕوانین و چەمك و بیر و بۆچوونەکانی گەردووندا بەباوەڕی تەواوی بەهەنگاوی چەسپاوی خەملاو لە بۆتەی بیرکردنەوەیەکی تازە باوانەی کولاوی نێوگەرووی ڕووداوەکانی هەنووکە و ڕۆژانی باداری دەستی پێچ و تەنگژەکانی سەردەمدا گەشبینانە هەڵوەستەی هەستیارانەی خۆی دادەڕێژێت لەسەرجەم کەڤاڵەکانیدا (مرۆڤ, ڕووداو, سات, شوێن, بابەت, گرێ) ڕەگەزی پاشینەی هزری سەرەکی پیشانگەکەن.. (خود- بابەت) لەهەردوو ڕووانینی (گشتی- تایبەت) جیاناکرێتەوە.. ئەمەش لە ڕاڤەکردنی جیاوازی سەیرکەرانەوە کە جیاوازی گۆشەنیگایان دەگەیەنێت بەبێ مشت و مڕ لەسەرکردن.. سەرەڕای ڕوونی و ئاشکرایی ڕووخساری سەرەکی بابەتەکان لە زۆربەی کەڤاڵەکاندا.. بەلام لە لای هونەرمەند ئەم بۆچوونانە هیچیان گرنگ نین ناوبراو دەیەوێت(بوونی- ڕوانینی- کێشەکانی- خەونەکانی) خۆی بەتایبەتی و خودی جیاکاری خۆی بسەلمێنێت و وێنەی حەز و



خەم و ئارەزووە شاردراوە و کلۆمدراو و چەپێندراوەکانی لەسەر شاشەی ئاوێنەی پەنجەرەی تابلۆکانی بنەخشێنێت کە مۆری پەنجەو هزرو چاوی خودی خۆیەتی هەرچەندە ئێمە و مانانیش لە گۆشەنیگای خۆمانەوە چەند لایەنێك لە گۆشەی تاریکمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە.. جابۆیە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە (خود و بابەتەکانی) هونەرمەند لە(خود و بابەتەکانی ئێمەی (خەڵکی) جیانابنەوە لێکیش ناکرێنەوە ئەوەی داوای ئەم بۆچوونەش بکات ئەوە قسەیەکە و بۆ خۆی دەیکات.. ڕەوڕەوەی مێژوو کەسێك نییە بە تەنها خاوەنی بێت.. بەڵکو هەموومان تەواوکەری یەکدین و ئێمەش بەردەوامی ئەوانی پێش خۆمانین سەرەڕای جیاوازی هەندێ مۆرکی ڕووکاری ژیانمان.. جیاوازی لە بیر و بۆچوونیشدا ماکی پێشکەوتن و والاکردنی بازنەی پێشبڕکێی ڕەوایانە و (حەتمی) یانەیە ئامانجی گەیشتن بە دەستکەوتی زامنکەری داهێنانی لە ڕاژەی ژیاندا نەك لە پێناو جیاوازی.. یا هونەر لەپێناو هونەری ڕووت و پەتیی قۆناخەکانی ژیانیش بەبێ دەمامك و دەمارگیری داخوازی پێشکەوتن بە تەریبی هاوشانی دەکات.

# هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن

**خوێندنەوەی کتێبی (مبادئی الرسم) و ئاسۆی پێشکەوتنی شێوەکاری لە هەرێمدا**

(مبادی الرسم) ناونیشانی ئەو چاپکراوە هونەرییە شێوەکارییەیە کە تایبەتە بەنیگارکێشان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەپەیڕەوی خوێندن و فێرکردنی هونەری نیگارکێشان بۆ قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بەزمانی عەرەبی دانراوە کە لە ئامادەکردن و نووسینی ژیان محسن احمد الصفارو لە لایەن مامۆستایان مهدی صالح رشید و مفید حسین صالح و محمد مولود قادر و گوڵاڵە نوری عارف پێداچوونەوەی بەسەرداکراوە. چاپکراوەکە لە ساڵی ١٩٩٦ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لەچاپدراوەو لەو کاتەوەیش تاکو ئێستا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەکراوە. دیارە ئەمەیش نیشانەی پشتگوێخستن و بێبایەخی هونەرە بەگشتی و شێوەکاری بەتایبەتی لە هەرێمدا بۆیە بەوکەموو کوڕییانەوە وەکو خۆی ماوە. لە قەوارەی(٤٨) لاپەڕەی ناوەنجیدایە و بەرگی یەکەم و دووایی بە دوو ڕەنگی سپی و بنەوشەیی چوار وێنەی ئادەمیزادو ستیل لایفی لەخۆگرتووە. لەسەرەتاوە بەپێشەکییەکی کورت دەستپێدەکات هەر لەتوێیدا ئەم چەند ڕستەیەی خوارەوە سەرنجمان کێش دەکات: ((ل ٣))



((توخيت البساطة فى الاسلوب مع كثرة الرسوم التوضيحية حتي يكون دليلا كاملا ومرجعا مبسطا للمدرسين لتعرفوا علي اصول هذا الفني الجميل)). کە ئامانجی ئەم پەرتووکە هەروەکو مەبەستیەتی لەپێناوی ئاراستەکردنی ڕێنمایی قوتابیان و فێرکردنی چۆنیەتی نیگارکێشانە نەك مامۆستایانی هونەری شێوەکاریی چونکە پسپۆڕانی هونەر لە دەرچووانی پەیمانگەو کۆلێژی هونەرە جوانەکانی/ بەشی شێوەکاری- لقی نیگار بە تێر و تەسەلی و ڕاشکاوی ئەو هونەرەیان خوێندووە و دەستی نیگارکێشانیشیان هەیە ئەم سەرچاوەیەش هیچ زانیارییەك ناخاتە سەر خەرمانی فێربوونی هونەرییان, بۆیە ئەم ئاماژەیە وابزانم زێدەڕۆیی تیاداکراوە. سەرچاوەیش بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و هی دی زۆرن ئەگەر لە بازاڕەکانی هەرێمیش بەزۆری دەستنەکەون.. دیارە دانەری پەیڕەوە هونەرییەکە مامۆستایانی دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانی لەبەرچاوگرتووە لە کاتی بیرۆکەی دانان و نووسینەوەی بەرهەمەکە کە ئەوان وەکو پێویست و بەووردی بەشی شێوەکاری و نیگارکێشان لەو شوێنانەدا ناخوێنن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوانەی هونەری شێوەکاری هەروەکو وانەکانی تری پەروەردە بایەخی نەدراوەتێ بەڵکو بەڕێژەی یەك وانە لە ڕۆژێکدا و بەپێچەوانەی وانەکانی دی هەر قۆناخەی یەك ڕۆژ لە هەفتەیەکدا گەرچی ڕێژەی وانەکانی هەفتانەی هونەر لە هەفتەیەکدا(٢٢) وانەیە بەڵام تائێستا(٨)

وانەیە لە هەفتەیەکدا ئەوەش مانای ئەوەیە هونەر بەگشتی و شێوەکاریی بەتایبەتی خراوەتە پەراوێزی وانەکانەوە هەروەکو وانەی وەرزش و سروود پشتگوێ خراوەو کورد بە میللەتێکی دوواکەوتوو دوورەپەرێز لە سەرچاوەکانی شارستانی دابڕێت و هیوای ئاسۆی پێشکەوتنی لێنەکرێت ئەگینا پلانی نەخشەی پەروەردە پێچەوانەی ئەو ڕوانینەیە کە ڕەچاوی گەشەسەندنی ئایندەی هونەری بۆ ناکرێت.. هەر بەبێ ئەو(هونەرە جوانەیش) کوردستانمان جوانتریش نابێت.. هونەریش تەنیا لە بۆتەی پۆلەکاندا بەندناکرێت بەڵکو پێویستە مامەڵەکردنی ڕۆژانەی لەگەڵ بکرێت. هەروەها چەند خاڵێکیش سەرنجمان کێش دەکەن وا لەخوارەوە بە ووردی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١- چاپکراوەکە بە زمانی عەرەبی دانراوە و بۆ خوێندەواری کورد سەختییەك دروست دەکات.. ئەگەرچی پەرتووکی هونەری بەکوردی هەیە دەکرا سوودی لێ وەربگیرایە لەکاتی دانانیدا وەکو بۆ نموونەهەردوو کتێبە بەنرخەکەی مامۆستای هونەرمەند محەمەد عارف:

أ- هونەری هێڵکاری ١٩٨٥ بە کوردی و عەرەبی ٢- بنەماکانی هونەری ئەکادیمی ١٩٩٤. جگە لە کتێبەوەرگێڕاوەکەی مامۆستا نەژاد عەزیز سورمێ بەناوی (سەرەتایەك لە هونەری تەشکیلی)

٢- ڕەچاوی قۆناخەکانی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی تیادانەکراوە هەربۆیەش لەسەر بەرگەکەی پێشەوەی



نووسراوە (للمرحلە المتوسطة و الاعدادیە) بێگومان بۆ قوناخەکانی سەرەتاییش ئەوە هیچ پەیڕەوێك نییە و بەجارێك پشتگوێ خراوە.

٣- پەیڕەوەکە تەنها بەشی نیگاری گرتۆتەوە کەچی شێوەکاری سێ بەش دەگرێتەوە لەوانەش: نیگار, پەیکەرتاشی, (قوڕتاشی-سیرامیك)

٤- وێنەکانی تویی کتێبەکە بەیەك ڕەنگی ڕەش کێشراون کە پێچەوانەی تایبەتکاری شێوەکارییە کە ڕەنگ یەکێکە لە شێوازەکانی ڕوونکردنەوە و فێرکردن بۆ سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی.

٥- سەرەڕای تێپەڕبوونی(٥) ساڵ بەسەردانانی کتێبەکە تاکو ئێستا هیچ گۆڕانکاییەکی بەسەردانەکراوە.

٦- ژمارەی دانراوی سەر وێنەکانی نێو کتێبەکە تەنها لە لاپەڕەکانی (٢٧, ٣٠, ٣١, ٣٢, ٣٣) دانراون بە ژمارەکانی(٨٧, ٨٨, ٨٩, ٩٠, ٩١) کەچی وێنەکانی پێش و پاشی نێو ئەو کتێبە لەسەریان دانەنراون.

# فیلمی گردی پیرۆز و چەند سەرنجێك

هونەری حەوتەم هەرچەندە تەمەنی لە(١٠٦)* تێپەڕناکات بەڵام کاریگەری بەهێز و گرنگی بەسەر دەروونی مرۆڤدا بەگشتی هەبووە و هەیە بەچاوپۆشین لەوەی بینەرەکەی خوێنەواربێت یاخود نەخوێندەوار هەرچەندە تەمەنی بواری ئەو هونەرە لەلای ئێمەی کورد هێشتا سی ساڵی تێپەڕنەکردووە کە مێژووی تەمەنی یەکەمین فیلمی ڕاپۆری (تۆماری — دیکۆمێنتاریٚ) دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەفتاکان (هەولێر لەنێوان کۆن و نوێدا) ساڵی ١٩٧٣ لە دەرهێنانی هونەرمەند سەعید زەنگەنە و یەکەمین فیلمی(شاشەی سپی- دیجیتاڵ) بۆ ساڵی ١٩٧٦(نێرگز) کە هونەرمەندی داهێنەر سەلمان فایەق لە ڕۆمانیا دەریهێنابوو. هەروەها(گەلە گورگ)ە کەکەی هونەرمەند مەهدی ئومێدیش لە روسیا لەیادناکرێت لەم ماوەی ١٠ ساڵەی پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا بەبێ بواردانی باری ئاسایش و هەروەها (باری نائاسایش و ناجەنگ) دەرفەتی دابێت ئەوا ئەو بوارە پشتگوێ نەخراوە سەرەڕای فیلمی تەلەفزیۆنی ڤیدیۆیی(سکریث) بەڵام ئەو بوارە واتە فیلمی سینەمایی هەژارە هەروەها بەئاماژەکردن بۆ دووەم فیلمی سینەما(نێرگز بووکی کوردستان ١٩٩٠ بەرهەمهێنانی مەکی عەبدوڵلا و دەرهێنانی جەعفەر عەلی. ئەوەی ڕابوورد بەرکوڵێك بوو بۆ بەرایی ئەم



ووتارەی خوارەوە بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر ڕەوتی فیلمی (گردی پیرۆز) لەسیناریۆو دەرهێنان و وێنەگرتن و مۆنتاژی هونەرمەند جوان بامەڕنی و بەتوانای هونەرمەندان: جیهاد دلپاك و, حەمەعەلی خان و, مام هەژار و, ڕووناك محمود و, عەبدولی حمەجوان و چەندان هونەرمەندی بەتوانای کوردو عەرەب و دەیان کۆمپارسی دی کوردو عەرەب بەشداری بوون ئەم فیلمە هەرچەندە توانای وێنەگرتنی پێشکەوتووی لەبەردەستدا نەبووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزی بابەتی دەقەکەو لێهاتوویی و ئامادەبوونی ئەکتەرەکان و نواندنی ڕاستگۆیان بۆ مەسەلەکە جێی کەمووکوڕی تەکنۆلۆژیای فۆتۆگرافی گرتبووەوە ئەم سەرنجەیش لەسینەمای ڕیالیزم و هەژاردا کاریگەری بەجۆشی بەسەربینەرانەوە جێدەهێڵێت. ئەوجا بابێینەسەر ئەو سەرنجە هونەرییانەمان و ڕوونکردنەوەی ڕەوتی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی کارە هونەرییەکانی نێوەند فیلمەکە سەرەتا هەروەکو ڕێوڕەسمی زانستی و ئەکادیمیای هونەری سینەمایی بە(گرتەی دامەزاندن- اللقطة التأسيسية) دەست پێدەکات واتە پێناسەکردنی سەرەتای فیلمەکەو بەدەستەوەدانی بینای بیانووی بوونی بابەتی گرتەکە کەپاشینەو مۆرکی گشتی فیلمەکە دەردەکەوێت هەر لەسەرەتاوە واتە(دە دەقیقە) تێپەڕناکات جەماوەر دەروژێت و دەکەوێتە حاڵەتێکی موگناتیسییەوە تاکو کۆتایی فیلمەکەش ڕەوتی ڕەزمی خێراو بەجۆش و پڕ لە وروژانی(پەسەند و

ناهەموار) بەلای بینەری کوردەوە بە دەروونێکی گەرمەوە هاودەنگی ترپەکانی ڕەوتی چیرۆك و بابەتی فیلمەکە دەبێت. مۆرکی فیلمەکە شۆڕشگێڕانەیە و جەنگ ئامێزە لەنێوان دووبەرەی دژبەیەکدا پێکدادانی دەستە و یەخە گروپی یەکەم: هێزێکی تایبەتی سوپای داگیرکاری بەعسی بەغدایە کەبەنیازی گرتنی سەنگەرێك لەسەر گردێکی بڵنددا لەشوێنێکی ستراتیژییدان دەڕواننە سەر ڕووبەرێکی فراوانی دەشت و دۆڵ و هەوراز و نشیوییەکی زۆر لەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کوردستاندان. فیلمەکە پڕە لە ڕەگەزی وروژێنەر و هۆکاری کێشکردن و ڕاکێشانی هاوێنەی تەماشاچی لەوانەش: گیانی لەخۆبوردن و قوربانیدان و بەرخودانی شۆڕشگێڕانە کە لەسەدان گرتەی بەرەنگاری و بەرگریکاری و هاوکاریکردن لەنێوان ڕیزەکانیان و هاوشانی ئافرەتی خەباتگێڕی کورد بەچەك و بیرو, چاپووکی و لێوەشاوەیی و هێز دادەبینرێنەوە زۆربەی دیمەن و گرتەکان لە دەرەوەن و لە ڕۆژدان تەنیا ئەو گرتانە نەبن کە لە دووا دووای فیلمە لە هێرشی شەوانەی دووایەلاماریاندا بۆسەر سەنگەری پێشمەرگە کە دووای هەوڵ و تاقیکردنەوەی دووژمنە بە هەرەسهێنان و دۆڕاندنەوە کۆتاییان پێدێت هەروەها گرتەکانی ناوەوەیش شوێنی ژووری فەرماندەی هێزەکانی دووژمنە کە لەپشت مێزەکانیانەوە هەر بە تەلەفۆن فەرمان دەرکردنەوە خەریکی هەڕەشە و گوڕەشە



دەربڕینن کە دەربڕی بێ دەستەڵاتی ترس و سڵەمینەوەیانە و هیچی دی. هەروەها لەو دیمەنە پڕ بەجۆشانەیش: وتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیبە, لە بەرانبەر ئاڵای یەکگرتووی کوردستان- دیمەنی شەهیدبوونی خۆڕاگرتوو بە ئارامانەی پێشمەرگەکانە لە بەرانبەر هێزی تایبەتی و کوێری دووژمناندا لە گرتە ناوەنجی و گەورەو ئەمەریکی و زوومەکانیشدا ڕەچاوی ڕێبازی دەربڕینی ڕیالیزمانە لە خزمەتی گەیاندنی هەڵوێستی گرتەکە بەچاوو دەروونی بینەرکراوە وەك: نزیککردنەوەی ئاڵاکە و, دەم و چاوی ئەکتەرە شۆڕشگێڕەکان کەپڕ باوەڕی و پەرۆشی و گەرم و گوڕی پێوە دیارە- لە ڕووخساری ئەفسەر و فەرماندەکانی دووژمنیشدا ڤین و ڕق و ترس و دوودڵی بە ئاشکرا دەردەکەون لە گرتە ناوەنجییەکاندا لە تۆماری کەسایەتییەکە لە(سەرەوە تا سەرسینەی- پۆرترێت) هەروەها ڕەچاوی ڕاڤە و مانای دەربڕینی هاوئاهەنگی (دیالۆگ* وێنە) بەچووتە کراون کە ئەم جۆرە گرتانە هەر بۆ دەرخستنی بایەخی کەسەکەیە وەکو دەرکەوتنی پلە و پایە و مەودای گرنگی و نزیکی و پەیوەندی گرتەکەیە هەڵوەستەی دەرکەوتنی دەردەخات. گرتە گشتییەکانیش بۆ وێنەگرتنی هێزی سوپاکەی دووژمن لەکاتی ڕیزبوون و خۆ ئامادەکردن و هێرشبردن و کشانەوەدا دیسانەوە ئامادەبوونی خۆیان هەیە هەروەها لە تۆماری وێنەی سەنگەری پێشمەرگە و فریاکەوتنی هێزی پشتگیری شۆڕشگێڕان بۆ هاوکارەکانیان کە وێنەی پانۆرامای کۆمپارسەکان

زیاتر ئەم گرتانە دەیانگرێتەوە دیارە کە بایەخی کەمتر و بچوکتری هەیە بەرانبەر ئەو گرتانەی لەپێشەوە باسکران. گرتە دوورەکانیش بۆ تۆماری دیمەنەکانی دەوروبەرو شوێن و دۆڵ و چیا و گردەکان و ڕوونکردنەوەی ژینگەی دەوروپشتی ڕووداوەکان دەرخستراون. ئەوەی بە ڕووخساری فیلمەکەوە دیسانەوە دیارە بەکارهێنانی (گرتەی بڕاو- اللقطة المقطوعة- ؟؟؟؟) کە ڕەزمی خێراو وروژێنەری فیلمەکە وای گەرەك بووە. لە کۆتاییدا پێمان خۆشە کە ئەم فیلمە بە یەکەم فیلمی شۆڕشگێڕانە و جەنگی کوردی دابنێین کە(٤٢) کەس بوونەتە بریندارو سەدان کۆمپارسیش بەشدارییان کردووە لە برایانی عەرەب جێی خۆیەتی بەشداری فیستیڤاڵی جیهانی وەکو(قرتاج و قاهیرە و کان و هۆلیۆد) بکات هاوشانی فیلمەکانی بەهمەنی قوبادی و یەلماز گۆنای و سەمیرە مەخملباف و نادیە بابان و فیلمی قازی محمدی هونەرمەندی کوردی سوریا و ئەوانی دی جیهانی پاداشتی ئۆسکار و کانی زێڕینی وەرگرێت بۆنا.. فەرموون خۆتان سەرپشك بن.

پەراوێز:

١- ئەو فیلمەم لە سینەما کریستاڵ لە هەولێر ساڵی ٢٠٠١ بینی.

★ ئەم بابەتە ساڵی ٢٠٠١ نووسراوە و بۆ گۆڤاری شانۆ و سینەما لە هەولێر نێردراوە، بەڵام گۆڤارەکە لەوکاتەوە تاکو ئێستا وەستاوە و دەرنەچووەتەوە.



## وانەیەکی نموونەیی پراکتیکی لە بواری هونەری شێوەکارییدا

وانە گوتنەوەی هونەری لەبەرئەوەی دوولایەنە واتە(تیۆری و پراکتیکییە) بۆیە دەکرێت بەشێوازێکی مەیدانی لە دەرەوەی پۆل بوترێتەوە ئەمەش پشت بەتوانا و سەلیقە و فراوانی ئاسۆی بیر و ئەندێشەی مامۆستای پسپۆڕ دەبەستێت. لەیەکێك لەو تاقیکردنەوە نموونەییە دەگمەنانەدا. لە ڕۆژی چوارشەممەی بەرواری(٢٠٠١/١٠/٢٨) دا لە ناحیەی هەریری سەر بە پەروەردەی قەزای شەقڵاوە توانیم چەند قوتابییەك لەشێوەی گروپێکی نموونەیی دەستنیشان بکەم ئەوانیش لە پێنج قوتابی پۆلی شەشەمی وێژەیی قوتابخانەی ئامادەیی بەدرخانی کوڕان پێکهاتبوون بەرلەوەیش بەدوو هەفتە پێیانم ڕاگەیاند کە خۆیان بۆ ئەو کارە ئامادەبکەن و بەلایەنی تیۆرییەوە لە مێژووی ئەو بابەتە بکۆڵنەوە لە سەرچاوەی جیاوازەوە تاکو هەردوو لایەنەکە لەکاتی وتنەوەی وانە نموونەییەکەتەواوکراوبێت و دووربێت لە کەم و کوڕی خۆیشم بەلایەنی خۆمەوە بەدوای ئەو سەرچاوانەی لەو بابەتەی دەمویست بیلێمەوە دەستم کرد بەگەڕان. پاش ئەوەی سەرچاوە پێویستەکانم خوێندەوە لەگەڵ زانیارییەکانی قوتابیانیدا کۆمکردنەوە و بەراورد و شیمکردنەوە. لە ڕۆژی وانەگوتنەوەکەدا

بەرلەوەی دەست بەوانە مەیدانییەکە بکەین پێداویستیەکانی وانەکەم ئامادەکرد لە(کامێرا- فووتی پێوانە کردن- قەڵەم- کاغەز) ئەوجا هەریەکەو لەو کەرەستانەم دایە دەست قوتابیەکەوە لە ڕێگەدا بەرەو شوێنی وانەگوتنەوەکە کەوتینە تاوتوێکردنی ئەو بابەتەی دەمانەوێت جێبەجێی بکەم, شوێنەکەیش لەپاڵ چیای ڕەش بوو کە بەچیای هەریر ناودەبرێت بابەتی وانەگوتنەوەکەیش(پەیکەری چیای هەریر) بوو کە لەسەرزاری خەڵکی بە(دەرکەی کافران) یاخود لەلای هەندێکی دی بە(پەیکەر چیای هەریر) دەناسرێتەوە, هەروەکو د. جەمال ڕەشید ئەحمەدیش بە عەرەبی لە کتێبەکەیدا بەناوی(منحوته جبل حریر) ناوی بردووە. کە نزیکەی یەك کیلۆمەتر لە مەڵبەندی شارۆچکەی دیاریکراو هەریەکەو لەسەر بەردێك دامنیشاندن نوێشکێکی مێژوویی تیۆریم لەسەربابەتەکە بۆ باسکردن. پاشان کێشەی و توویێژو لێکۆڵینەوەم بۆ دارشتن بەکۆمەڵی ئاراستەم کردن بۆ جیبەجێکردنی ئامانجەکە دووایی‌شیان لەلایەنی پراکتیکەوە خەریکی پێوانەکردنی و وردبوونەوە بوون لە پەیکەرەکە و چوارچێوەکانی و دەستنیشانکردنی سنورەکانی و دیاریکردنی شوێنە شکاوەکانی و شیکردنەوەی بڵند و نەوی و ئەستووری و باریکی توێژی(فیگەر و- بارستە) کە و پارچەکانی و جۆری جل و بەرگ و ڕەنگ و وردەکارییەکانی هتد. یەکێکی دی پێوانە و زانیارییەکانی دەنووسییەوە, چوارەمیان بەردەستی



دەکردن پێنجەمیان وێنەی فۆتۆگرافی پەیکەرەکە و قۆناغەکانی وانە مەیدانییەکەی تۆماردەکرد, بەمجۆرە وانەکە بەکردار و تۆمار و کاری مەیدانییەوە تەواوبوو کە دووکاتژمێری خایاند.

ئامانجەکان

١- ئامانجی گشتی:

١- بەپیادەکردنی هونەری شێوەکاریی بە ڕێگەیەکی مەیدانی و لەسەر شوێنەوارو بەرهەمی هونەری کۆنی کورد.

٢- پڕکردنەوەی ئەو کەم و کورییانەی کە ئێستا لە بواری پەروەردەی هونەرییدا هەیە لە قوتابخانەکانی هەرێم وەکو نەبوونی ژووری هونەر و ئامرازی ڕوونکردنەوەی هونەری بەشێوەیەکی پراکتیکی.

٣- ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسان و توێژەرانی شوێنەوارو بواری هونەری بۆ گرنگی و بایەخ و بەهای بەرهەمی هونەری وەکو سامانێکی نەتەوەیی.

٤- لابردنی تەمومژو سەرنجی نازانستی و ناهونەری و بۆچوونی ئەفسانەیی و نانەتەوەیی زیادەڕۆ بەسەر بەشێك لە مێژووی دێرینی هونەری کوردیمان.

٥- دەرچوونی چەمکی هونەر لە بواری تیۆری و کلاسیکی و چالاکی ناوپۆلەوە بۆ ژیان و دەرەوەی پۆل و قوتابخانەکان بۆ فراوانکردنی تابلۆی هونەری و گواستنەوەی لە هونەرێکی ڕووتەڵ و سەر کاخەزەوە بۆ هونەری ژیان.

٢- ئامانجی تایبەتی:

١- پەروەردەکردنی هونەری و فێرکردنی بە شێوازێکی پراکتیکی و تازە و نوێباو بۆ گەیاندنی پەیامی پەروەردەی شێوەکاریی بەرێگەیەکی کردارانە و نزیك و ئاسان و کاریگەرانە بەمێشك و چاوو دەستی قوتابی.

٢- بەستنەوەی قوتابی بەژینگەو هەوارەکەیەوەو پتەوکردن و توندوتۆڵکردنی پەیوەندی قوتابی کورد بەناوچەی ژیان و خوێندنەکەیەوە.

٣- خۆشەویستکردنی وانەی هونەری شێوەکاریی لەلای قوتابییان.

٤- ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ گرنگی بەرهەمی هونەری و بایەخ و مانا و تێگەیاندن و پاراستنی پاشماوە و شوێنەواری هونەری کوردی لە دەست ڕەشان و, مانەوەیان وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و سامانی نەتەوەیی, پاشان بەپێی کەرەستە و هۆیەکانی ئامادەکراو دەستمان کرد بەکێشانی نەخشەی پەیکەرەکە و پێوانی ڕەهەندەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

تێبینی: ئەو ڕووبەرانەی بەڕەنگ ڕێژکراون لەسەر پەیکەرەکە ڕەشکراونەتەوە وردەکارییەکانی دیارنین. وێنەکە: پاشا(ئیزاڵتی سێیەم) شای حەدیاب لەسەردەمی فرثي دا(٢٢٦- ١٣٩) پ. ز



سەرچاوە و پەراوێز:

١- تاريخ الكرد القديم. تاليف د. جمال رشيد احمد و د. فوزي رشيد, اربيل, مطبعة جامعة صلاح الدين ١٩٩٠.

٢- تأريخ الحضارات االقديمة — الجزء الاول / الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين. تأليف : طه باقر — الطبعة الاولى ١٩٧٣ مطبعة الحوادث — بغداد.

٣- أربيل — هەولێر بين الماضي والحاضر ١٩٨٧ المهرجان السنوي الثالث.

★ ئەم بابەتە لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردیی ٢٠٠٢ بڵاوبووەتەوە.

هێڵکاری پەیکەرەکە و پێوانەکانی وێنەی ژمارە(١)

تێبینی: ئەو ڕووبەرانەی ڕەشکراونەتەوە شکێنراون(نووسیار)

# خوێندنەوەی فیلمی کوردی(دەروازەی زوڵم) لە تەرازووی ڕەخنەدا

سەرەتای هەر چیرۆکێك بەبیرۆکەیەك دەست پێدەکات هەروەکو چۆن سەرەتای هێڵ بەخاڵێك دێتە سەردێڕی کاخەز بەوپێیەش هەر چیرۆکێکی هونەری(نووسراو, بیستراو بینراو) بەخاڵە سەرنجێك بەناودێت.. چیرۆکی سینەماییش بەبیرۆکەیەك دەست پێدەکات کە پرسیارێك بەرچاودەخات بە(پرسیاری گریمانەیی سوال افتراضي) ناودەبرێت ئەویش بەمجۆرە دادەڕێژرێت: (چی ڕوودەدات ئەگەر؟) ئینجا دوای ئەم دەستەواژەیە بیرۆکەی چیرۆکەکە دەنووسرێت. بائێمەش بپرسین: ئایا پرسیاری گریمانەیی فیلمی(دەروازەی زوڵم) چی یە؟ پاش بینینی فیلمەکە بۆمان دەردەکەوێت کە مۆرکی سیاسی هەلگرتووە هەروەك لە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێت بۆیە پرسیارەکە بەم شێوەیە دەبێت: (چی ڕودەدات ئەگەر هاتوو بەرەنگاری زوڵم ببینەوە؟) هەر ئەمەش بابەت و شێوە و شێواز و گرێچن مۆرك و ڕەوتی جووڵە و دیالۆگی کارەکتەرەکان بە هەماهەنگی ڕووداوەکان نەخش دەکات ئەوەی سینەما لە هونەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە وێنەی کامێرایە کەئەویش وێنەی هونەرییە و بچووکترین وێنەی سینەمایش(گرتە/ لەقتە) یە کە بەکۆی دەیان گرتە(دیمەن-مەشهەد) پێکدێنن کۆی چەند مەشهەدێکیش پێکهاتەی فیلمەکە



تەواودەکەن فیلمی سینەما بە کامێرای(mm٣٥) تۆمار دەکرێت کەستافیك بۆ بەرهەمهێنانی لە هونەرسازان و تەکنیککاران بەگیانی یەك تیمەوە لەپشت شاشەی سپی یەوە ڕادەوەستن وێڕای نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر و کۆمپارس. لەم فیلمەدا هەرچەند کامێرای(v) بەکارهاتووە کە بەناوی(vhs) ناودەبرێت و بە یارمەتی کۆمپیوتەر لە ڤیدیۆوە گواستراوەتەوە سەر(cd) و هەر بەو هۆیەشەوە مونتاژکراوە و لە تەکنیکی تەقینەوەکانیشدا بەکارهاتووە.. بەڵام لە دوای ئەم هەموو ماندووبوون و کۆسپی لابەلای ڕۆژانە و ئاستەنگی دەستنەکەوتنی کامێرایی تایبەتی سینەمایی ستاف لاوی ئەم فیلمەی ساردنەکردووەتەوە و بەڵکو کێشەکان پاڵنەری سەرکێشی و بەرەنگاربوونەوەی لە دەرووندا ڕواندوون. ئێمە کە لێرەدا هەنووکە دەستمان داوەتە خامە بۆ لەسەر نووسینی ئەم بەرهەمەی مەبەستمان نمایشکردن و ڕەخنەسازیکردن و توێکاریکردنە لەسەر جەستەی دەقی فیلمەکە. ئەم فیلمە کەڕاستەوخۆ لە دوای پرۆسەی ئازادی شاری کەرکوك بەرهەمهێنراوە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣ لە نێوەندی شاری کەرکوك و ئاواییەکانی دەووروپشتی وێنەکانی دەرەوە و ناوەوەی ڕۆژ شەوی بەڕەنج و شارەزایی سەرجەمی توانای خوێن گەرمانی لاوەکانی کوردی کەرکوك دروست کراون ستاف ئەم فیلمە نزیکەی(٦٠ ) کەس بەشدارییان تێدا کردووە (٣) ژن و (٤) منداڵ و (٥٠)پیاوان. کە هەر هەموویان واتە ئەکتەرەکان بۆ یەکەمین جاریانە بەشداری

نواندن دەکەن و هونەرمەندە ژنەکانیش هەموویان ئارەزوومەندن و دەرچووی خوێندنگەیەکی هونەری نین و تەنیا پشتیان بە شارەزایی و دڵسۆزازی و خۆشەویستی خۆیان بۆ نەتەوە وخاك و هونەری کوردی سەرەتا دەمانەوێ تیشك بخەینەسەر لایەنێکی گرنگی فیلمەکە بە(گرتەی دامەزراندن لەقتەی تەنسیسی) ناودەبرێت.. ئەم گرتەیە کە پێناسەیەکی وێنەداری ژینگەی ڕوودانی کێشە و کارەساتی فیلمەکەیە.. بەگوێرەی ئەم فیلمە کە ناوچەی ڕووداوەکان ئاواییەکی کوردەوارییە لە نزیك کەرکوك کە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و بەر لە تێك و پێکدانی گوندەکە واتە بەر لە ساڵی ١٩٦٣ ڕوویدا و کە چەند کیلۆمەترێك لە شاری کەرکوکەوە دوورە. ئەم جۆرە گرتەیە لێرە نەبوو ئاوایی یەکە وەکو پارچە زەوییەکی دابڕاو لە جیهانی دەووروبەری وێنەگیرابوو هەرچەندە لە نێوان دیالۆگەکاندا ناوی کەرکوك دەهێنرا، بەڵام هەتاکو لە گەشتی دایك و باکی باوکی فەرهادیشدا بۆشار بۆکڕینی جل و بەرگی زەماوەند شارەکە نیشان نەدرا.. ئەوەش ئەو دابڕانەی دەرخست کە لە نێوان شار و ئاواییدا دەردەکەوێت هەروەکو لە نەبوونی ئامرازی گواستنەوەی هاتوچۆی نێوان ئاوایی و شاردا دووپاتی لەسەرکرایەوە و نیشاندانی تەنیا ترومبیلێکی لە کارکەوتووش ئاماژەیەکی دی بوو بۆ ئەو دابڕانە شارستانییە کە پاڵەرێکیش بوو بۆ بەناچاری سەفەرکردنی خێزانەکە بەپێ و سواری وڵاخ کە پاساوی ڕوودانی کارەساتەکەیش بووە هۆکاری



ڕاستەوخۆ و کاریگەری بەرەنگاربوونەوەی زوڵم وستەم لە لایەن خەڵکی ئاواییەکە بەرانبەر هێزی زۆرداری بەعسی کە چەند بێ بەزەییانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون. جگە لە (گرتە)ی دامەزراندن گرتەکانی دی وەکو: (گرتەی زووم نزیك و گەورە و, ناوەنجی و, ئەمەریکی و, کلۆس و گشتی دوور و, (دووانە ئیزدواجی) , لە نێوەندا فیلمەکەدا دەبینران بەڵام هەموو ئەوم گرتانە پەیوەست بوون بە ڕووداو و شوێنی کارەکتەرەکانەوە کە وەکو سێ فاکتەری بزوێنەری گرنگی(کارەسات و قەیران) ە کان دەبینران لە چنین و هەڵکشانی ساتە هونەرییەکان بۆ بینەر بەوەی بە چاوی خۆی دەیبینێت ڕووداوی واقیعی و ڕاستەقینەن لە گەڵ وروژاندنی هەست و سۆزیان بەو بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییانەی خاك و بوونی مرۆڤ لە بۆتەیەکی هونەریدا ئاوێزان دەکات, گەرچی مرۆڤ لە بۆتەیەکی هونەریدا ئاوێزان دەکات, گەرچی مرۆڤ تەوەری سەرەکی پڕ بایەخی هونەرە بەڵام ڕەهەندەکانی مرۆڤایەتی لە سادەترین پەیوەندی کۆمەڵایەتییدا هەستیار شوێنەکە پاش دابینکردنی ئاوەدانکردنەوەی ژینگەی مرۆڤ ڕەهەندەکانی دی زنجیرەی گرنگی و بایەخی خۆیان لە ڕوانگەی کائینی زیندوەرەوە ڕیچکەی سروشتی خۆیان وەردەگرن. لایەنی دەرهێنان ڕادەی قایلکار و بەجێ و سەرکەوتوو بوون گەرچی لە کەم و کوڕی لاوەکی بێبەش نەبوون بەڵام سەرنجی گشتی گۆشە تایبەتەکانی شاردبووەوە کە خۆی لە بیرۆکە و ڕیتمی وروژێنەر و

سۆزداری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری ڤالّكردبووەوە. لە لایەنی مۆنتاژیشەوە چەند هەڵەیەكی زەق لە چاوی ئاساییدا دەبینراون وەك: دەركەوتنی دیمەنی سووتانی نائب زابوت ساڵح دوای كۆتایی دیمەنی تەڤاندنەوەی بینایەی ڕەبایەكە و، تێكچوونی زنجیرەی گرتەكانی كاتی كوشتنی دایك و باوكە كە، وەستانی مامی فەرهاد لە كاتی تێگرتنی بۆمبەكە بۆ ناوەوەی ڕەبایەكە.. ئەوەی ماوەتەوە بیلێین سەبارەت بە چەند دیمەنێك كە دەبوایە تەنانەت بە چەند گرتەیەكیش با دووریشبوایە بئاخنرایەتە نێوەند فیلمەكەوە لەوانەش: وێنەی كچە دەستگیرانەكەی فەرهاد دەستنیشانی كردبوو بۆ خواستنی(دیمەنی)شاری كەركوك، ماڵی بووك لە كاتی داخوازیكردنی بۆ فەرهاد و چۆنیەتی ڕێوڕەسمی نەریتی مارەكردنی كچ لە ناوچەی دەووروبەری كەركوكدا یاخود نێوان كچان و كوڕانی دێهاتی وەكو دەرخستنێكی بێدەنگیش بوایە.. هەروەها چەند دیمەنێك بینەریان دەخستە گومانەوە وەك: چۆن منداڵێكی دێهاتی(بووكە شوشە) دیاری دەكات بۆ منداڵێكی شارستان. ئەم دیمەنە لێكدانەوەی لاسەنگ لە لۆژیكی بیركردنەوە هەڵدەگرێت، ئایا دەبێت دایك و باوكی دێهاتی لە باوك و دایكی شارستانی زیاتر لە لایەنی پەروەردەكردنی منداڵەوە پێشكەوتووتر بێت. لە كۆتاییدا دەستخۆشی لە بەرهەمهێنەرانی فیلمەكە دەكەین و هیوای بەردەوامی و بەرهەمی سەركەوتووتریان لێدەكەین و خەرمان بەرەكەت.



## هێمنیی دەروونییانە شێوەكار سیروان باران لە دوواندنی تابلۆدا

بەو پێیەی پەیوەندییەكی پتەو لە نێوان مرۆڤ و هونەردا هەیە، بۆیە سروشتییە ڕەخنەسازیی هونەریی مامەڵە لەگەڵ زانستە مرۆییەكاندا بكات، ڕاستەوخۆیی بێت یاخود ناڕاستەوخۆییانە، ئەمەش مانای دەرچوونی لە چوارچێوەی تایبەت ناگەیەنێ، بەڵكو مانای توانادارییەتی لەسەر شیكردنەوەی پەیوەندی ئەندامییانەی نێوان شێوە و ناوەڕۆك، یاخود توانای لەسەر وروژاندنی چاوی بینەر بە ڕووناكی ئاشكرا كردن، كە ناوەوەی بەرهەمی هونەری ڕۆشن دەكاتەوە، بەمەش تێگەیشتن و خۆشەویستی و هەست و فامكردنی بۆی پتر دەكات، هەروەها ئاشناكردنی بەرهەمەكە وەك چێژلێوەرگرتنی كە شایانی بەسەركردنەوەی بێت و، تۆژینەوەی ڕەفتار و، ڕەوشتی مرۆڤ بە تاك و كۆمەڵیەوە بە تایبەتی هونەرمەندانی شێوەكاری. ئەم زانیارییانە.. لە گەڕان و ئاڕاستەكردنی چاودان، زۆر لە مێژەوە، بەرەو تێبینی كردن و تاقیكردنەوەوە، حەسارێكی فراوانیشە.. بۆ بەكارهێنانی هەمەلایەنەی پەیڕەوی ئەزموونگەریانە، بەم شێوەیە دەبینین هونەرمەندی ڕاستەقینە پێویستە ناوەڕۆكی بەرهەمەكەی، لە بار و زروفی كۆمەڵگەی ژیاوییەوە وەربگرێت، یاخود پێیان كاریگەر

بێت و، هەوڵی کارتێکردنیان هەبێت بەسەریدا، لە کاتی رایی کردنی کاری هونەرییدا، هەرچەندێ لە ئەندێشەدا قووڵیش بێتەوە، لە کۆتاییدا هەر ڕۆڵەی کۆمەڵگەکەیەتی، بەڵکو خۆی و ویژدانی هۆشیارێتی کە بیری چڕدەکاتەوە و دەستی دەخاتە سەرخاڵی لاواز و بەهێزی.. ئەوەی ئەو دەیبینێت خەڵکی ئاسایی نایبینین، ئەم جۆرە ڕەفتارە ڕەوشتیانەیە کە مایەی بەردەوامی هێمنی دەروونیی تەواوە.. بەرانبەر تاقیکردنەوەی نموونەیی یانەی هونەرمەندی شێوەکار سیروان بارانمان دەکاتەوە کەڕادەی لێك جیاکردنەوەی فامکردووە، ئەوەی هونەرە.. ئەگەر ریالیزمانە یا.. نوێباو بێت سوودی لە دەستکەوت و وتاری گیانی خۆی بینیوە.. بەپێی پەیڕەوێك گەشە بە عەقڵ دەدات و ئاسۆی هزرییانەی فراوانتردەکات، بەرانبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە وەك ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی بەکاریان دێنێت و، لە نێوان ئەو هونەرەی جوانکاریی و شێوەکاریی تیادا مەبەستە، گوتاری هونەریی خۆی وەکو کەرەسەیەکی پەتی بەکاردێنێت.. دووان سەبارەت بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە و ووردبوونەوە لە نەریتەکانی.. دیاردە و کێشەکانی کردووە بە بنەمای پێودانگی خۆی لەسەر باڵی ئەندێشە، بەرەو ئاسۆکانی دوواڕۆژ، کە لە ئەنجامدا ڕوانینێکی هونەریی و جوانکاریی و مرۆڤانەمان دەستدەکەوێت و دەروونمان بۆ دەگەشێنێتەوە، لە ناوەوە، یاخود لە دەرەوەی پاشان زانیاری خۆناسینمان زێتر دەکات و.. هەروەها



خودی ئەو گەردوونی تیادا دەژین دەناسینەوە. ئەمە بوو ئەوەی لە کاریگەریی دەستکەوتی ڕەفتاری تاکانەی ئەم هونەرمەندە داهێنەرەدا بەدیمان کرد، بەو ڕادەیەی کە کاریگەریی بەسەر سوڕمانەوە جێدێڵێت، ئەویش زۆر بە سادەیی، ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی مرۆڤانەیەتی بە گشت گوتاری سەرتاپایەوە لە بەرانبەر ویژداندا، کەکاری هاوبەشی و ئاڵوگۆڕی  نێوان زانیاری و پەنددایە. بەمەش هونەرمەند (سیروان باران) ی پێگەیشتوو لە پیشەکەیدا.. توانیویەتی بنەماو نەریتی پتەو لە کارە هونەرییە شێوەکارەکانیدا بچەسپێنێت لە بواری نوێباویدا بێت یاخود لە قوتابخانەی ریالیزمیدا.. فرە بەرهەم تیایدا ئامادەش نییە واز لەو ڕێبازە و پێوانەکانی بێنیت، لەپێناو ئەوەی دەیەوێ بۆ دیاریکردنی جووڵەکەی و، ئەوەی  بەرهەڵست دەبێتەوە لەگەڵ ئارەزووەکانیدا بەرپرسیارێتی لە ڕۆڵە هونەرییەکەیدا دەگیرسێتەوە، کە هەوڵدانێکی فرە هیلاکە و نەخشەی بۆ خۆی کێشاوە، لە دەستەڵاتیا لە جڵەوکێشی زمانێك سیستەمی خۆی هەیە و هەروەها ئەلف و بێی زۆر تایبەتی هەیە.. کە خۆی بۆ سەقامگیرکردنی تەواوی ڕاستی لێ لانادات، کە هۆشی مرۆڤانە و کۆمەڵایەتییانەی پاڵی پێوەناوە.. بەو ناونیشانەی هونەرمەندێکی دوواڕۆژ گەشە و موحتەریفە و شارەزایەکی هونەری هۆشیارە، هەر بۆیە کارەکانی، بەهەمەڕییەکانییەوە سیفەتی تایبەتی و ناسراو و نیشانەداری هەیە.

## خوێندنەوەیەکی کۆتێکستی
## (سووتان بەبۆنی بارانی نامۆبوون)ی
## نووسەر و شاعیر تەها سلێمان

**پێناسەکی کورت**:

ناونیشانێکی نائاسایی و نا کلاسیکی, بۆ ڕووداوگەلێکی ڕۆژانەی ژینگەی کوردەواری بەگشتی و, ژینگەی گەرمیان بە تایبەتی

(هاوکێشەی کۆتێکستەکە) نامۆبوون+ باران+ بۆن+ سووتان

(ئەنجام) سووتان

ئاوەڵناو- وێنەی شیعری) بۆن, باران

(هۆکار) نامۆبوون

(ئەم تێکستە لە کۆی دیوە بینراوو ئاشکراکانی تراژیدیا مرۆییەکانی پرۆسەی بەدناوی(ئەنفال) پێکهاتووە.

**فۆرم و شێواز و تەکنیك**:

ڕەگەزی هونەری ئەم تێکستگەلە کە ئاوێزانی(چەخماخە شیعر - کورتەچیرۆك، و هەواڵە چیرۆك) دا دەبینرێت و, ستایلی نووسینی دەقەکانیش ڕەنگدانەوەی نووسینەوەی سیناریۆی ئەدەبییە لە فۆرمی سەرناوی دەقەکان بەناوی کارەکتەرەکانەوە کە ناونیشانی ئەوەی هونەری سینۆگرافیای سینەماییە کە سەرناوی بەشەکانی تێکستگەلەکەیە بە بەکارهێنانی تێکەڵاوی گرتەی جیاوازی کامێرا بۆ ساتەکانی ڕابردوو و ئێستا کارەکتەرەکانیش ئەو کەسانەن بە



دوو ئاراستەی جیای سەردەمی فیزیۆلۆژی و سایکۆلۆژی, کە بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە دەناسرێنەوە تەنیا بەناوی چەند کچێك نەبێت کە بە ئەنقەست نووسەر لەبەر ئیعتیباراتی کۆمەڵایەتی ناوی خوازراوی بۆ داناون هاوخەمی و هاوبەشی خۆی لە پەیوەندی گیانی و جوگرافی سۆزیاری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لەگەڵ کارەکتەرە نادیار و بەوانیشەوە کەماون ناتوانێت بشارێتەوە و, هەروەکو نێچیرێکی دەربازبووی ئەو هۆلۆکۆستە کوردستانییە و سەرگوزەشتە گێڕەرەوەیە و تۆمارکەرێکی مێژوویی و هونەرییانە مامەڵەی تویکاری لەگەڵ گۆشت و ئێسك و پروسك و خەون و دەروون و هەست و (بانکگراوەندی)کەسێتی یەکاندا دەکات بەڵام ئەم لێرەدا ئەرکێکی بەخواستی خۆی بۆ زیادکردووە ئەرکی نووسەرە(هونەرییانە) و ڕۆشنبیرییانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات کە ئەمەی دووایی وەڵامێکی بەهێزی بارتەقای ئەو هێرۆشیمایە بداتەوە, ڕوحی نووسەر لەگەڵ جەستە و ڕوحی تەریوی ئەو ئەنفالکراوانەدا(نامۆبووانە دەسووتێت) هەرچەندە بە تەنیا بەس نییە و, چەندی بەشێوازی ڕەگەزی جیاواز لەسەری بنوسرێت هێشتا زۆرکەمە نووسەری ڕاستەقینە ڕۆڵەی ڕەسەنی ژینگەکەی خۆیەتی...... هەڵدەگرێت مێژوو نووسێك تۆماری ووردەکارییەکانی ڕووداوەکان بکات, یاخود بەو زمانەی ئەو شوێنەی کە بەڵکو ڕۆڵی داهێنەری ڕاستەقینە کارەساتەکانی تیایدا ڕوویداوە لێیان بدوێت تاکو ناوی ڕەسەنی بەسەردا بشکێت

هونەرمەندی ڕەسەن ئەوەیە سەرلەنوێ بەشێوەو ستایل و تەکنیکی جیاواز و ڕەسەن سەرلەنوێ دەقێکی هونەری بە باڵای دەقە ڕیالیزمەکەدا ببڕێت, بە ڕوانگەیەکی هونەری ڕەچاوکردنی سەردەمی سایکۆلۆژیی.

لە پەراوێزی هەر دەقێکیشدا ڕاڤەیەکی پێناسەی بۆناوی کارەکتەر و شوێنەکان تۆمارکردووە ئەمەو جگە لە لە کۆتایی تێکستگەلەکەدا لەشێوەی فەرهەنگۆکێکی زاراوەناسیدا بۆناوی کەس و ڕووبار و ڕووەك و ئاژەڵ و کانی و چەمك و نەریت و شێوازی ناوچەی گەرمیان تۆمار کردووە. کە لە دووا لاپەڕەی, لەگەڵ هەر دەقێکیشدا هێڵکارییەکی پەیوەست بە دەقەکە کێشراوە بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوە و, دیالۆگ و, فلاشباك و, تێکەڵکردنی بە ووردەکاری تایبەتمەندییەکانی ڕۆژانەی کارەکتەرەکانی تیادا بەکارهێناوە.



## چەند قوتابییەکی ئامادەیی بەدرخان لە هەریر لە پەیکەری دەرگەی کافران دەکۆڵنەوە

ڕۆژ چوار شەممە بەرواری ٢٨/ ١١/ ٢٠٠١ پاش دووهەفتە لە گەڕان و پشکنینی تیۆری و پراکتیکی چەند قوتابیەکی پۆلی شەشەمی وێژەیی هۆبەی ئەلف و بێ لە ئامادەیی بەدرخانی کوڕان لە ناوچەی هەریر بەسەرپەرشتیاری مامۆستای شێوەکاریی توانییان لە نزیکەوە تۆماری مێژوویی و هونەری ئەو پەیکەرە هەڵکۆڵراوەی سەر ڕووی چیای هەریر بکۆڵنەوە بە وێنەوە پێوانەی ئەندازەیی و شێوە و مەبەست و سەردەم و پێناسەی شوێنەوارە هونەرییەکە بدۆزنەوە.

نوێشکێکی مێژوویی:

دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد لە پەرتووکی "تأريخ الكرد القديم" دا بەمجۆرە لەژێر ناونیشانی " منحوتة جبل حرير" دا نووسیویەتی: " يبعد الجبل الذي عليه النحوتة المذكورة مسافة كيلو متر عن ناحية حرير، وهي منقوشة في الصخر على ارتفاع خمسين متراً تقريباً وطول المنحوتة مترين ونصف، وهي تمثل شخصاً واقفاً ويرتدي في رأسه غطاء مخروطي الشكل ويلبس ثوباً طويلاً على هيئة سروال وبجانبه رمح طويل، وقد رفع ذراعه اليمنى الى الامام.

هذا ولم تحتوي المنحوتة على اية كتابة يمكننا من معرفة فترتها الزمنية، ولكن بالاستناد الى نوعية اللباس الذي يرتديه الشخص المصور على المنحوتة وبالاعتماد كذلك على اسلوب النحت فقد رجح الاثاريون انها تعود الى الفترة الفرثية من دون ان يعلموا المناسبة التي ادت الى نحتها ومن دون ان يعرفوا كذلك من هو الشخص المصور عليها". ل ٣٣-٣٤

له ژێر هەمان ناونیشانی سەرەوە لە ل ٥٥ی پەرتووکی((اربیل- هەولیر- بین الماضي و الحاضر) دا ئەمەی خوارەوە لە بارەی نووسراوە:

"وتقع في جبل حرير على بعد كيلومترين من مدينة حرير، وهي منحوتة في الصخر على ارتفاع (٥٠) متراً وطولها متران ونصف وفيها صورة شخص واقف يرتدي في رأسه قبعة مخروطية الشكل ويلبس ثوباً طويلاً على هيئة سروال وبجانبه رمح طويل. وقد مد زراعه الى الامام ويشير ان النحت وزي اللباس الى ان المنحوتة من العصر الفرثي (٢٢٦پ. ز- ١٣٩ پ. ز) ان النحوتة. كما اظهرت الدراسات الحديثة تمثل ملك حدياب (ابزالط الثالث) نحتها تخليداً لبعض انتصاراته الحربية في هذه المنطقة"

کەچی ئەوەی طه باقر لە کتێبەکەیدا((مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة) لە بەشی یەکەمیدا نووسیوویەتی هیچ پارچەیەك لەسەردەمی شانشینی فرثەکاندا کە لەنێوان ئەو ساڵانەی لەسەرەوە باسکراو لەهیچ ماوەیەکی ئەو سەردەمەدا بەو ناوەوە نەبووە. ل



٦٢١- ٦٢٢ سەردەمی حوکمی شانشینی فورثە ئێرانیەکانیش لە دوای سلۆقیە مەقدۆنیەکان دێت لەناوەڕاستی سەدەی دووەمی پێش زاینەوە واتە لەنێوان ساڵانی(١٢٦ یان ١٣٨ پ. ز) دێت کەسێ سەدە و نیو حوکمیان کردووە. هەروەها بەناوی(ئەشکانی) یەکانیشەوە دەناسرێتەوە زمانی قسەکردنیان پەهلەوی بووە و جۆری هێڵی نووسینیشیان ئارامی بووە لەسەر کاخەزی جۆری(رق) نووسیویانە چەند دەقێك لەو نووسراوانەیان لەناوچەی چیاکانی هەورامان لە نزیك هەڵەبجە دۆزراوەتەوە بڕوانە(٢) ل ٥٩٩- ٥٦٠ ئەوەی لەبەر چاو دیارە و لە نزیکەوە پێی گەیشتین ئەمەی خوارەوەیە

١- پەیکەرەکە لەسەربەردی چیای (ڕەش) کە بە چیای هەریر لەلای خەڵکی ناوچەکە ناودەبرێت کێشراوە.

٢- جۆری پەیکەرەکە(ڕیلیف- دەرپۆڤیو)ە واتە(بارز) لە شێوەی (دیواربەندە — جداریە - فریسکۆ)یە.

٣- شێوازی تاشینەکە ڕیالیزمێکی فلاسیۆمییە.

٤- پێوانەی پەیکەرەکە بە قەبارەی سروشتی کێشراوە

٥- مەبەستی کێشانەکە ڕامیاری بووە کە دەسەڵاتداری و سەرکەوتوویی پاشا نیشاندەدات.

٦- چوارچێوەی پەیکەرەکە لاکێشەیەکی ناتەریبە.

٧- پەیکەرەکە لە لاوە کێشراوە.(ڕاستی وە)

٨-بەهۆی شکاندن و تێکدانی زۆربەی پارچەکانی زۆر لە ووردەکاری سەر پەیکەرەکە وون بووە نەمانتوانی بەمەزەندە شتی بۆ بهۆنینەوە.
٩- سەردەمی پەیکەرتاشینەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فورثە ئێرانیەکان.
١٠- ناوی پەیکەرەکە لەلای خەڵکی ناوچەکە بە (پەیکەری دەرکی کافران) ناسراوە بەڵام لە دوو سەرچاوەدا بە(پەیکەری چیای هەریر) ناوبراوە هەروەکو لە دوو سەرچاوەی ژمارە(١) و(٢) دا دەردەکەوێت. دیارە لێکدانەوەی خەڵکەکەو ناولێنانی بەوناوە ڕێبواری و شێوەییە چونکە ئەو پەیکەرە لەسەر دەرگا نەکراوە بەڵام شێوەی ستوونی و لاکێشەییە لەبەر چاو بە دەرگا چوێندراوە بۆ ناوی دووەمیش(کافران) بێگومان دیارە ناولێنەرانی لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە ئەو نازناوەیان بەسەرداکێشاوە لەگەڵ بتپەرستانی پێش ئیسلامیش تێکەڵیان کردوون. گەرچی وەکو سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن ئەوان هەر وەکو میتانی و گۆتی و ئەخمینیەکان هێزە سروشتییەکانی وەکو خۆر و مانگیان پەرستووە و مردووەکانیشیان لە گۆڕەکاندا ناشتوون جگە لە پەرستنی(میترا) ی خواوەند و ڕۆشنبیریشیان (هینەستی) بووە.
سەرچاوە و پەراوێز:


١- تأريخ الكرد القديم . جمال رشيد احمد و د. فوزي رشيد اربيل ١٩٩٠ مطبعة جامعة صلاح الدين.





٢-تأريخ الحضارات القديمة الجزء الاول/ الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين. تأليف . طه باقر – الطبعة الاولى ١٩٧٣ مطبعة الحوادث – بغداد.
٣-اربيل هەولير بين الماضي والحاضر ١٩٨٧ المهرجان السنوي الثالث.

٤-بۆ شارەزابوون لەسەر پەیکەرەکە و پێوانەکانی بڕوانە هەردوو وێنەکە
٥- وێنەی دووەم لەسەرچاوەی ژمارە(١) ە وە وەرگیراوە.
٦- لە ل ٩ دا ئەمەی خوارەوە نووسراوە:
"اللوحات التالية تبين لنا طريقة التظليل بقلم الرصاص كما تبين طريقة اظهار الضل والنور بالفرشاة".
کەچی هەروەکو لە وێنەکانی ژێر ئەو نووسینەدا لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە تەنیا ئەو وێنانەی بە پێنووس ڕەش سێبەرەکانیان دەستنیشان کراوە نەك بە(پەڕەموچ- فڵچە) ی ڕەنگ و حیبر هەروەکو ئاماژەی بۆ کراوە.
٧- لە ل ٢٥ ناونیشانێك تەواونەکراوە نووسراوە(٢- نقطة النظر) دەبوایە بەمجۆرە بوایە(نقطة لنظر الرئيسية) ڕەمزەکەشی(ن) ە کە بەو جۆرە لە دوو خاڵی(نقطقا المساحه ١ و ب) جیادەکرێتەوە کە ڕەمزکەیان(ف, ف) ە یاخود بە(ف, ف) دێت.
٨- لە ل ٢٨ دا ئاماژە بۆ چوار وێنەکراوە کە لە ل ٣٠ دان وەکو: ((٨٨- ا)) و((٨٨ج) و((٨٨-)) و((٨٨)) بەڵام سەر وێنەکان کە دووانن

به ڕوونی دەری نەکراون و ئاماژەش بۆ ((٨٨- ب)) نەکراوە و لە خاڵی(٥) یشدا بەهەمان شێوە کەسەر لە قوتابی دەشێوێنێت.

٩- چەندین هەڵەی چاپیش کە بۆتە کتێبەکەوە لەوانەش ناوی هونەرمەندی ئیتاڵی لیۆناردۆ دافینشی کراوەی بە(ذافینشي)

١٠- لە ل ٣ دا لە توێی پێشەکیەکەدا هەڵەیەکی ڕێزمانی تێکەوتووە نوسراوە: (وسيلة في و سائل التعبير) ڕاستییەکەی ئەمەیە: وسيلة من و سائل التعبير.

هیوادارین ساڵی خوێندنی داهاتوو(٢٠٠٢- ٢٠٠٣) وەزارەتی پەروەردە دەستەیەکی پسپۆڕی هونەری بۆ چاپکردنی کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی بە کوردی تەرخان بکات و بایەخی شیاوی بێ جیاوازی بدرێتێ و چیدی پشتگوێ نەخرێت.

پەراوێز: ئەو کتێبە لە ساڵی ٢٠٠١ دووا ساڵی مانەوەی بوو لە پەرتووکخانەی قوتابخانەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٢) لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە لە قوتابخانەکان وەرگیرایەوە، واتە دووای نووسینەوەی ئەم ڕەخنانە.. لە ٢٠٠١/١٢/٢٤ درایە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، گەرچی ڕەزامەندی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی درا، بەڵام پاش چەند مانگێك چاوەرشوانی بڵاوکردنەوەی بە بیانووی کتێبەکە (سحب) کراوەتەوە بڵاویان نەکردەوە.



## لە وەڵامی پرسیارە بێدەنگەکانی تاك و کۆمەڵگەدا(سەمای شیعر و.. ڕەهێڵەی خۆشەویستی) وەك نموونەیەك

(شیعر پێویستییەکە خۆزگە دەمزانی بۆچی وەهایە!) بەمجۆرە ڕستە پوخت و ڕاستگۆیە کە مایەی پرسیار و سەرسامییە ژان کۆکتۆی شاعیر و نوسیار و ئەکتەر و دەرهێنەری شانۆیی و شێوەکاری فەرەنسەوی مۆرکی پێویستی هونەری دەرخستووە لەسەرێکیشەوە ئاماژەی بۆ ئەو داماوییەی جیهانی بۆرژوای هاوچەرخ کردووە کە بە دەستییەوە ناڵاندوویانە.

(ئەرنیست فیشەر) ی شاعیر و ڕەخنەساز و نوسیاری شانۆیی نەمساوییش لە وەڵامی (کۆندریان) ی نیگارکێشی تەجریدیشدا کە وتوویەتی.. شیانی هەرەسی هونەر لە ئارادایە و ڕۆژگار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وای لێ دێت شوێنی هونەر بگرێتەوە مادامەکی مەبەستی سەرەکی هونەر جێگیرەوەی نەبوونی هاوسەنگی بێت لە ژیاندا.. هونەر بەبڕی ئەو هاوسەنگییەی لە ژیاندا زامن دەبێت لەناودەچێت)).. ئایا ئەمەیان دەبێت وابێت.. چەندی ڕاستەو تاکو کرێئەو وتەیە بڕ دەکات.. هەربۆیەش ناوبراو پێی دەڵێت: ئەو جۆرە بیرۆکەیەی کە هونەر بە جێگرەوەی ژیان دادەنێت هەروەها هەروەك ئامرازێك بۆ بەخشینی هاوسەنگی بەمرۆڤ لەگەڵ جیهانی

دەووروبەریدا.. ئەمەش دانپیانانە بە سروشتی هونەر و پێویستیی بوونەکەی.. هاوسەنگبوونی هەمیشەش ناکرێت لەنێوان مرۆڤ و جیهاندا هەتاکو لەنێوەند کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش ئەم بیرۆکەیەش نەك پێویستیی هونەر لە ڕابردوودا ئاشکرا دەکات بەڵکو لە ئێستاوە بۆ ئاییندە و بەردەوامیشە. ئایا دەبێت هونەر تەنیا ئەرکی هاوسەنگی بوونی مرۆڤ و دەووروبەری هەبێت و لەیەك مەودا و بۆشاییەوە بۆی بڕوانرێت ئەی ناکرێت وەڵامی چەندان پێویستی و هەمەجۆرە بێت. دەبێت لە ئاستەنگیەکدا گیری خواردبێت و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ژیاندا ڕێچکەی پێشکەوتن و گۆڕانی نەگرتبێتە بەرو لق و پۆپی لێوە نەبووبێتەوە ئایا مەسەلەکە تەنیا گەمەیەکەو ڕابواردن و کات بەسەربردنە..؟! ئەمانەو چەندین پرسیارو ڕامانی دی دەبنە تێشوی گومانکردن لەو ڕوانینە تەسکانەی دەیانەوێت بەرچاوی ژیان تاریك بکەن و مەوداکان کلۆم بدەن.. و لە قاوغ و قۆزاخەی تاکرەویدا بەندیان بکەن..!! هەر کاتێك شیعرێکی بڵاوکراوە لە توێی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبدا دەکەوێتە بەرچاو زیاتر ئەو خەون و خەیاڵەی مرۆڤی خاوەن پەیام و پابەند بەخەڵکی دەڤەرەکەی و چەسپێنەری ئاوێتەبوونی تاك و کۆمەڵگە دەبنە هەوێنی ئەو گوزەرانەی هاوکێشە بوونێکن نکۆڵیان لێناکرێت سەرەڕای هەورە چڵکنەکانی قەیرانی سەردەمی گەلەکۆمەی سەرمایەداری و دەم هەراشی بێهودەکان و هەرەسی بێوەرەکان و داماڵینی ڕەنگی دەمامکەکان و



پێستی حەرباکان. با چەند نموونەیەکی ئەو شیعرانەی مامۆستای شاعیر عەلی بەرزنجی بکەینە دەسکەلی ئەو بۆچوونەمان و بەرچاو ڕوونی شاعیری ڕەسەن و خۆڕاگری ژێر ڕەهێڵەی دووا ڕۆژەکانی سەردەمی دوو هەزارەی بابزانین ووشەکان چۆن بەرزەفڕانە میحرابی نوێژی سەمای سەروەری خۆیان دادەبەستن:

خۆشم ئەوێن.. نیازمە, ئەم جارە,
لەگەڵ باڵدارو بێ باڵ بکەومەڕێ
... لەگەڵ چارۆگەی..
سێبەری تریفەی خەیاڵ بکەومەڕێ
نیازمە, لەئێستە بەدوواوە
گوڵە سروودێکی تر
بەهۆرەیەکی گەرمتر بچڕم
.... ئەز لە نووکەوە دەس پێ بکەم
دەنگم بەرزتر.. هەڵبڕم
کراسی ئاودامانی گوڵ گوڵی ڕەنگاڵەی عەشق لەبەرکەم

هەروەها لە شیعری(کە ئێواران بیرت دەکەم) سەرەڕای گەشبینی و خەون واز.... لە خۆشەویستی ژیرانەی ناهێنێت و بە هیواوە دڵنیایە لە ژووانی بێ جێژووانی خۆشەویستەکەی و پاشگەزبوونەوەی نییە:

بەهێمنی خۆشم ئەوێی
ئەشێ

ئەم ووشەیەشم.. زووکاڵ بێتەوە
بەڵام
دڵم خۆشەو
نهۆسەڵاو لە نەیارانیشم ئەکەم
چونکە ئەورۆ
تۆش بە هێمنی.. بێ جێ ژووان
بێ چاوەڕوانی
بەرەولای من دێی
(ل ٢٤)

ئـەوجا وەرن لەگەڵمانـدا بـا گەشـتێکی دی کۆنـسێرتی بـاخی ئـەو سۆناتەیە بکەین کە بەرگی گڕ و زمانی نەورۆزیان پۆشیوە.

دەگوێم دەیێ..
سبەی
سبەی
بەهارێ دێ لە خاکێکی بێ ناونیشان
بە پانایی گێتی
بەرینتر لە ئاسمان
بەسەر هەموو چاخەکاندا
تێ ئەپەڕێ

نیوە نەرم و نیانەکەی دی مـرۆڤیش لـە یادناکـات و بەتایبـەتی لـە نزیکەوە هەستی خۆی بەرانبەریان دەردەبڕێت بۆیە دەڵێت:



ئەی ئافرەتی قفڵ دراو
ئەگەر ڕۆژێ
بەدڵ شکاوی دانیشتی
لەسەر فەریکی سووری
خەمی
ئەم ئێوارە تەنیایە
کەس.... نەهات
بەلاتاو
کەس خۆشی نەویستی
ئەوساکەش
هەر....
یادی من بکە
ئەگەر هات و سەد هەزار..
پیاوی
تیا دیل بوون
بڕوابێنە
گشتیان سەرپاکیان
هەرمنم
ل ١٠١- ١٠٢

وێڕای بابەتی شیعری بـەهێزو نزیـك لـە خـەم و نیـازی دەوروبـەر وێنـــەی شـــیعری تـــەڕ و تـــازە و ناســـك ڕۆمانـــسی کەرەنگدانـــەی

بیرکردنـــــەوەی نوێبـــاوی شـــاعیرن و ئاوێنـــــەی خـــــەون و خەیاڵبازییــەکانی بــە جــەخت و هێمنــی و لەســەرخۆییەوە تیــادا بەڕوونی و ئاشکرا ڕەنـگ دەدەنـەوە هـەر بـۆ نموونـە لـە سۆناتەی بەفرو.... خۆشەویستی دەڵێت:

ئای کچە بەفرەکە..
کچە شیعرەکەی من
هەرچەند لەسەرمانا
هەڵبلەرزم.. لە پێناوت
هەر پێم خۆشە.. لە باوەشتا تۆتکە بگرم
پەروەردەی تۆم و لەناو کۆشتا
گڕ ئەگرم

شاعیر چەند ئازاد بێت چونکە هەستیارێکی بلیمەتـە و لـە گیـانی هەمووانـدا دەژی و لـە ئـازاری گـشت نزیـك دەبێتـەوە هـەر تینـووە هەر برسییە چونکە شاعیر چەشنی ماسییە زەریای ووشە تینـوێتی ناشــکێنن شــاعیر بەرپرســیارێکی میللییــە هێمــای قوربــانی و بەرخۆدانــە هەناســەی خــۆی لەگــەڵ بــچوکترین زینــدەوەردا دەگۆڕێتەوە بۆیە دەڵێت: ل ٧٤.

ئا ئەم جیهانە زیندانە.. زیندانە
دە تۆش دەرگا و پەنجەرە دامەخە
با لەگەڵ چپەی ئەو بایە بێمە ژووری



ئەمەی ڕابوورد مشتێك بوو لە نموونەی خەرواری شاعیری نـاوبراو و شیعری باڵای نوێباوی کوردی تا بەشی دووەمـی ئـەم کاروانـەمان لای ئێوەمان خۆش

سەرچاوە. ضرورة الفن. ارنست فیشر.

## پاش ئەوەی ڕۆمانی مولازم تەحسین و.... م بەبێ ڕتۆش خوێندەوە

که نۆڤلیتەکەم خوێندەوە یەکجار دەستم پێکرد تاکو کۆتایی وازی لێنەهێنام بۆیە ئێستایش ناتوانم دەستبەرداری سەرنج و هەڵوێستەکانم بم....

یەکێك لە مەرجەکانی داهێنان ئەوەیە بە هەر جۆرێك بێت ئیقناعمان بکات و بمان وروژێنێت ئەوەیش بە ئیجابی یاخود سەلبی یان هەر دووکیانەوە...

تەکنیکە تازەکانی ڕۆمانەکە:

لەسەر ئاستی هونەری:

١- دابەشکردنی لاپەڕەی خوێندنەوە بەسەر دوو تەوەردا کە هاوتەریبی مەبەستی دەروونی نووسین و خوێندنەوەیشە

٢- دابەشکردنی(جوامێر و ئەختەر) بەسەر شەوو ڕۆژدا دیسانەوە بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە

٣- دانانی ناوی کەسایەتییەکان مەبەستی وروژاندن و ئیثارە و دەهشە ڕوواندنە لەلای خوێنەری کورد هەر ئەمەیش وای لەو خوێنەرە زۆر و بۆرەی ئێستای شەقامی کوردی کرد ئەو کاردانەوە نائاساییە یان لەلادا دروست بێت.. بەڵام ناوەکان تەنیا ئەو وەزیفەیەیان هەبوو.. یاخود شتی دی بەلای منەوە وە گرنگ نەبوو.. هەروەهاش لەم کاتەدا جێی بایەخ و گرنگێتی پێویست



نییە بەڵام من وابزانم دانانی ناوێکی ئاوا بەمانشێتی نۆڤلیتەکە جگە لە ئیثارە مانشێتێکی سینەماییە و دەکرێت وەکو فیلمێکی سەر شاشەی سپی دەنگدانەوەی گەورەتر و زیاتریش ڕوونتربببێتەوە و مقۆمقۆ و مشتومڕی زیاتر لە بەرژەوەندی (خوێنەر- دەق) بروژێنن کە خوێندنەوەی یەکلایەنی ئەو دەستەڵاتەی نەبێت شیکار و شیکردنەوەکە بە ئاکام بگەیەنێت.

لە مولازم تەحسیندا باس لە ڕۆشنبیریی بۆرژوازی بچووك دەکیرێت کە بەناوی (پێشمەرگەی ڕۆشنبیر) ناوبراوە

هاوکێشەی تابلۆی(ئاو- پەپوولە) دارشتنێکی هەرەمی دادەڕێژێت لەتای دوو دەستی ڕاست و چەپدا لەنێوان دوو زاراوەدا ڕاست بەرانبەر کلاسیك و چەپ بەرانبەر ڕۆمانسی.. یەکەم بەرانبەر کۆنە پەرست و دووەم بۆ چەپڕەوەکان ئاو مەدلولێکی غەریزییە بۆ وەزیفەی ژیان و پەپوولە واژەیەکی شیعرییە بۆ خەو بینین و داهێنانی ژیانێکی تازە و لە ئێستاوە بۆ ئاییندە مەودای درێژبوونەوەی هێڵی ئاسۆیی و لەسەر زەوی و هەڵکشانی هێڵی ستوونە بەرەو بەرزیی و لێکدانەوەی دەروونی و ناسك و دیودەر لە خۆی دەگرێت. گەمەیەکە تاقیکردنەوە بە ووشەی دەروونی بەرانبەری پێ دەکرێت (ئەشق, هونەر, سەردان, وێران) ئەگەر هەڵبژاردنی ناوەکان بە ئەنقەستەوە بێت پێم وایە هونەرمەند هیچ خەیاڵێك بێ ووردەکاری ناکات هەروەکو ڕۆڵاند بارت دەڵێت: هیچ گوتارێك بێ مەبەست ناوترێت، یاخود بەڕوونی هەموو

گوتارێکی :( جووڵەی پێشینە و هۆکار و ئامانجی خۆیان هەن، خوێندنەوەی بابەتیانە و شیکارانەی لۆژیکانەیان گەرەکە دەتوانین بڵێین:

ئەختەر( أ – A ك) مێ – x ژن - ئەختەر دەنگی، وێنەی، نووسراو،

جوامێر( ب – B ب ) y پیاو - نێر

تەحسین( ج - C ت )

لە زنجیرەی پەیژەی ئەلف و بێی نووسینیدا ئەختەر ڕەگەز و سەرچاوەی بۆن و دایکی پیاو و ڕاژێنەری لانکی مرۆڤایەتییە بەڵام لەنێوان ئەختەر: ( مێینە و، ئافرەت و، ئافرەتێکی کوردیدا) بازنەیەکی وون هەیە کە لە زنجیرەی ئەلف و بێدا سەرەتاکەی بە( a- أ - ك) دەست پێدەکات کەواتە قۆناغێکی جیاوازی میسشیۆلۆژی و سایکۆلۆژی لەنێوانیان دروست بووە لە کەیەوە لە دووای سەردەمی دایکایەتی واتە دووای کۆتایی سەردەمی زێڕینی ئافرەت لەسەردەمی حوکمی ڕۆمانی دا کە لەمەسەلەی غەزیرە و غەزیرەی سێکس زۆر بەتایبەتی و(دوو فاقی) دا بە ئاشکرا لە قسەو ڕەفتاری کەسێتییەکاندا دەردەکەون بەسەرەکی و ئەوانی دیکەیشەوە کە ژیان و پاڵەپەستۆکانی وا لە مرۆڤ دەکەن هەڵوێستی هاودژ بە ڕێباز و ویستەکانی بگرێنەبەر هەر وەك لە ڕەوشتی ئەختەر و قسەی جوامێر و هاودژی(قسە و ڕەفتاری) تەحسین دا دیسان خۆ



دەنوێنن وێڕای کەسێتی(باجی ڕەعنا و- باجی بنار) و هەرچەندە نووسەر یەکەم نووسەری جیهانی و کوردی نییە لە دەرگەی بوارە بدات، بەڵام یەکەم نووسەری کوردە تێهەڵکێش جووتبوونی (سێکس - سیاسەت) بکات. کەسەکانیش کوردبن و شار و گەڕەکەکانیشی دیاری کردووە کە هەر کوردییە. دیارە کە ڕۆمانەکەی کردووەتەسەر دووانزدە پارەوە بەڵام بەبێ دانانی ناوی یا ژمارەی پارەکان(فەسڵەکان) بەڵکو بەشێوەیەکی جوایەتی ژیانی و دیالۆگی(ئەختەر) و (جوامێر) بە جوودا دابەشکردۆتەسەر(٢) بەش بە(٥) ی لە یەك جیا واتە ژیانی ڕۆژانەی ئەختەر(٥ پار) ٢- ژیانی شەوانەی ئەختەر(٥ پار) (١) ژیانی ڕۆژانەی جوامێر(٥ پار) (٢) ژیانی شەوانەی جوامێر(٥ پار)

دووپاری بێ ژمارەیش لە کۆتایی پارەکان بۆ دەمەتەقێی باجی ڕەعنا و باجی بنار و مامەندەمۆن

(١) ناوبردنی کۆئەندامی جوتبوونی مێینە بە لاوازی لە دەمی ژنەوە و ناونەبردنی کۆئەندامی پیاو وەکو پیرۆزی پێدانێك.

(٢) گۆڕینەوەی جوامێر لە تەحسین لەلایەن ئەختەرەوە بێ ئومێد بوونی ئەختەرە لە جوامێر و خواستی و ڕزگار بوون لە ژیانی دڵەڕاوکێ بەڵام کورتبینی ئەختەر دەنوێنێت بەرانبەر پێشنبینی کردنی ئەگەرەکانی ئایندە وەکو وازهێنانی تەحسین لە ئەختەر, پاش فەوتانی جوامێر و نەمانی خۆشەویستی نێوان ئەختەر و جوامێر, هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کە ترس و ڕێزنەگرتنی

جوامێری نواند له خواستی ئەختەر. شەڕی نێوان( جوامێر) و(تەحسین) لەسەر ئەختەر بەسیاسەت داپۆشراوە بە ئەمرە ئەوەی لەبەر چاوە و تەماحە لە ژێرەوە(سێکس) کاتێك کە جوامێر و تەحسین خۆیان لەسەر ئەختەر دەخستە ململانێوە دیارە ئەو پاڵنەرە دەروونییە ئامادەبوونی خۆی هەبووە هەربۆیەش کاتێك کە هێڵی درامای پەیوەندیدییەکە هەڵدەکشێت هێڵی درامای ململانێکەش دەکاتە لوتکە و لەو نێوەندەدا دەبێ یەکلایی بکرێتەوە وەکو دیاردەیەك سروشتی مەودای خۆی وەربگرێت و ئەنجام و ئاکامیش هەبێت خوێنەر پێی ئیقناع ببێت. یەکەم ووشەی ڕۆمانەکە بەناوی ئەختەر دەست پێدەکات. شێوازی نووسینەکە هیچ تەم ومژاوییەکی تیادا بەدی ناکرێت لە کاتی خوێندنەوەدا بە زمانی خەڵکی قسان دەکات جگە لە دیالکتیکی ناوچەیی جگە لە ووشەی ناکوردی بۆیە دەتوانین هەر لە ناوبردنی شوێن و کات و کەسێتی و ڕووداوو بۆنە و لایەنەکان هەمووان دەربڕینی ڕیالیزمییان لێرەدا چەند هێمایەك هەیە لەناو نۆڤلیتەکەدا وەکو: هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ڕەمزانە بۆ ڤایلکردن و کاریگەری خستنەسەر خوێنەرە بەشێوەیەکی خۆماڵی و تایبەتی بەلاّم کێشەکە دەروونییە لە تویێ ناوەوەی وێنەی مرۆڤدا ڕوودەدەن کە(شیزۆفرینیا و- حەسوودی و بێباری و خۆپەرستی و ترسنۆکی و دوودڵی ....) بەلاّم کاردانەوەکانیان لە چەند



هەڵسوکەوت و ڕەفتار و ڕەووشت و بابەتی ژیانیدا ڕەنگ دەدەنەوە کە هەروەکو خۆیشی ناوی فرۆیدی بردووە.

سەرچاوە: ڕۆمانی مولازم تەحسین و چەند شتێکی دی.. د. فەرهاد پیربال ٢٠٠١ هەولێر.

# کەومار و کێشەی دەروونی مرۆڤ

کەومار هەندێ کەس بەگیانلەبەرێکی ئەفسانەیی دەزانن, بەڵام هەندێکی دی دەڵێن ئەم گیانلەبەرە هەبووە و ڕەنگە هەتا ئێستاش لەناو چیا سەختەکاندا هەرمابن, بەڵام ئەوەندە هەیە ژمارەیان زۆر دەگمەنە و بەرەو نەمانی یەکجاری دەڕۆن وەك زۆر لە گیانلەبەرانی پێشین,(کەومار) لاشەی وەك کەوێکی ئاسایی وەهایە, بەڵام سەری و بەشێك لە ملی وەك هەر مارێکی کوشندەی کێوان وەهایە بەبێ هیچ جیاوازییەك, زۆربەی ژیانی لەناو کەژانی سەختدا بەسەردەبات لە توانایدا هەیە چەشنی مار بگەزێت و لە هەمان کاتیشدا چوون کەو هەم بفڕێ و هەم بخوێنێ, بەڵام ئەم دەنگی لە کەو کەمێك گەورەترە و تا ڕادەیەك ناسازیشە باڵندەکانی دەشت و دەر بە ئاسانی دەنگی کەومار لە کەو جوودا دەکەنەوە بۆیە هەر کاتێك ئەو خوێندی هەموو باڵندەکان بێدەنگ دەبن لە ترسی ئەوەی نەوەك زیانیان پێ بگەیەنێت)) (٢) کورتە چیرۆکی ((کەومار))ی مامۆستای چیرۆکنووس عەبدوڵڵا سەراجیش تەوزیفێکی ئەفسانەیی و دەروونییە کە بەپێناساندن نرخاندنی ناخی دەروونی مرۆڤایەتی بەشێوازێکی لێهاتووانە و بەپێودانگێکی نوێخوازی و سەرنج ڕاکێشەر بۆی نەخشاندووین. لەم کورتە چیرۆکەیدا هەمان چەشنی زۆربەی چیرۆکەکانی پێشووی مرۆڤ



جەمسەری پەتی شۆڕبوونەوەیە بەنێو جیهانی ئەدەبیاتدا, چارەسەرکردنی کار و کاردانەوەکانی نێوەندەکەی مرۆڤ و مرۆڤایەتین, لەم بوارەشدا کێشەیەکی گشتی و زۆر واقعی و ڕوونی- (نەست- لاشعور)ی هاودژ و دووژمنکاری یەکترین کە پێچەوانەی یەکتر دەبنەوە لە(ئاوەڵناو- صفە) و (ناخ- جوهر) دا. بەڵام (هاودژێتی- التضاد) لە سروشتدا بە رەهایی دروست نابن و لێك جیاناکرێنەوە تەنها لە قەوارەی بیرکردنەوەیەکی(ڕووت- مجرد) دا نەبێت. لە ئاکامی خوێندنەوەی(کەومار)دا ئەم سەرنجانەم لە لا گەڵاڵە بوون:

لە سەرەتادا بە ڕستەیەکی کەوانەدار هەروەکو پێوەدانگێکی هەژێنەر و دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش و بە جۆش, کە دیاریکردنی(کەڤاڵی: تابلۆ)ی کوشتنی ئاژەڵێکی رمووزنی ئەفسانەییە کە لەشێوەی (دێوی بور) دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە, کە بە پەرەمووچی ووشەی هێمادار دەیرازێنێتەوە کە ئەم دێوەش لایەنی(دابڕ- سلبی)ی جەمسەرەکەمان بۆ دیاری دەکات, کە ئەمیش ئەنجام و دیماهی چیرۆکەکەیە وەکو ئەزموونێك لەسەرەتادا پاشان بەشێوازی(گەڕانەوە- فلاشباك، تداعی) ی ووشە سازییەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پێشەکی بۆ گێڕانەوەی ڕوودا و و هۆکارەکانی کوشتنەکە.

دەمەتەقێی پێودانگەکەش لە لایەن کەسی یەکەمی تاکەوەیە کە لەسەرزاری حاڵی(بنووس) ە وە لە هەمان کاتیشدا گرێی ڕازی

کوشتنەکەش دەکرێتەوە. پاشان دێتە سەر باسی چۆنیەتی کوشتنەکە کە بەپرسیارکردن لە خوێنەر ڕستەکانمان بۆ دادەڕێژێت و دیسان هەر بۆ خۆی وەڵاممان بۆ دادەنێ و پاشان لەسەر زمانی حاڵی(خوێنەر) ە وە کە بە دیالۆژی کەسی دووەمی تاکەوە پرسیار لە خۆی دەکات و دیسانەوە هەر خۆشی وەڵامی دەداتەوە, پاشان بە دیالۆژی وڕێنەکەر و شەپۆڵی هۆش لەگەڵ خۆیدا پرسیار و وەڵام ئاڵ و گۆڕ دەکرێت کە بە چەند شێوازێك ڕستەکان دادەڕێژێ, کە ووروژان و پاڵەپەستۆ و شەپۆلی خۆ خواردنەوە و گینگڵ دانی ناخی ناوبراو خۆیەتی کە ئەمیشیان کار و کاردانەوەی دەووروبەری(ژیاری) ن لە کارتێکەرەکانی باری(ئابووری- کۆمەڵایەتی- دەروونی..) بەسەریەوە کە بازنەی پیشخواردووی بەردەوامی ناکۆکییە  دەروونیەکەی ناخین, پاشان دیالۆژێکی چڕ و چڕ هێما لەگەڵ شاعیری پایەبەرز و مەزنی کورد(ئەحمەدی خانی) سازدەکات, لێرەشدا دەمانخاتە ئاووهەوایەکی ڕۆمانسی شیعرییەوە وەکو تەوزیف کردنێکی فۆلکلۆری و شیعری بۆ مەبەستی پێکانی زێدەتری نیشانە داڕێژراوەکانی نێو دەروونی نوسەر خۆی, کە لە ئاکامی خەونێکدا دروست دەبن و پچڕانی دیالۆژەکەش ترازانی خەونەکە دیاری دەکات. دیالۆژێکی تری هێما داری پیتۆڵی نێوان گیان و لەش دەست پێدەکات, بە هەڵبژاردنی بڕیار و بۆچوونی گیان لەش قیت دەبێتەوە و, بەووزەی گیانەوە هەتوانی دەست ڕێژکردنە شاراوەکە



سارێژ دەبێت ئەم جۆرەش لە تۆێی ناوەوەی دەروونەدا ڕوو دەدەن. چەند دیالۆژێکی تریش لە نێو وەسفێکی چڕ و پڕ و تەم و مژاوییەوە ئامێزی یەك دەبن, کە بەرانبەریشیان وێنەی چەند(تەراویلکە و, دەعبا و- جلە..)ی ئەفسانەیی هێمای هێزی شەڕ و شەڕفرۆشان ئاوەژوو دەبنەوە جار نا جارێکیش ووتەی نەنکی پاڵەوانی پیرۆت هەروەکو(ترافیك لایتێك) گەش دەبنەوە و دەکوژێنەوە, لە دووا جاریشا دیالۆژێك کە مزگێنی رمانی(دێوە بۆرە) یە بە دوایی چیرۆکەکە و دێوەکەو لایەنی (دابڕی - سلبی). شوێنی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەش(ئێرە و ئەوێ) ن و لە چەند ووشەیەکدا دەستنیشان دەکرێن کە: (جەنگەڵی کەسك- زێی سوور- کێوی ڕەش)ن کە پەیڤی هێمادارن و ئاماژەی شوێنی ڕووداوەکانن, کاتی ڕووداوەکانیش مەودای درێژ خایەنی: (پاشکۆی شەوو- پێشەنگی- گزنگ)ن, جار ناجارێکی تریش چەند ڕستەیەك چەشنی لافیتە لە درزی چیرۆکەکەوە بەرزدەبنەوە لە وێنەی دارشتنێکی(ووتار و ئامۆژگاری) ئاسا دەردەکەون و مەبەستە سەرەکییەکە زێتر ئارایشت دەکەن و دەیڕازێننەوە و گوێی خوێنەر قانگ دەدەن و هێمن و ئارامی پێدەبەخشن, دوو ڕێیانی بابەتەکەیش ئاشکرا دەبێ و تارمایی دێوو درنجەکانیش لە چڵ و لقی(دارە سێ گۆشەکان) جوێ دەکرێنەوە, شەووڕۆژیش خولگەی تایبەتی خۆیان وەردەگرن و خۆر ئاواو خۆرهەڵاتیش وەکو چەپ و ڕاستی تەنیشتەکانی مرۆڤ لە یەکتری جوێ دەکرێنەوە. (کەومار)

ئەو ئازارە ویژدانییەیە کە پاش دوودڵی و ڕامان و ڕاڕاییەکی زۆر و چەند پاشگەزبوونەوەیەکی خۆیەتی دەروونی مرۆڤە(کەومار) ئاساکە ناچار دەکات و بڕیاری ئەنجامدانی بارە گونجاوەکەیا هاوسەنگییەکەی بدۆزێتەوە و لەنگەری ڕابگرێت, کە بە کوشتنی درنجەکەی نێو دەروونی و زاڵ بوونی بەسەریدا واتە زاڵبوون بەسەر(هەڵچوون- انفعالات)ە کانی ناخی دەروونی, ئەوجا دەروازەی نێوان(هەست و نەست) دەڕوخێت و بەڕووی سروشتدا ئاوەڵا دەکرێن, لاپەڕەکانی ناوەوەشی لە بەرایی گەرمایی ڕۆژی ڕاستەقینە ووشك دەبنەوە و ڕاستی و دژێوی و- جوانی و شەیتانۆکە و خێرخواز لە دڕدان و مل ملانێ یاندا لە قووڵاییدا ڕوون دەبنەوە. تەکنیکەکانی دروستکەری چیرۆکەکەش لە چەند شێوازی جۆراوجۆردا دێنەپێش چاو کە لە چەند ئامرازێکی ڕێزمانی وێژەیی جیاواز لە(مۆرفۆلۆژی- سنیتاکسی) بە بەر ڕەگەزەکاندا بڕاون و لە پێناوی پێگەیاندن و زیاتر بەرزکردنەوەی ئاستی وێژەیی و کاریگەری چێژی قۆستنەوەیان لەسەر دەروونی خوێنەر کە لە ڕێگەی (گێڕانەوە و- فلاش باك- شەپۆلی هۆش- دیالۆژی جۆراوجۆر)دا بەتێکەڵاوی دیمەنی ئەفسانەیی و دەروونزانی و بۆ دەوڵەمەندکردنی و خەستکردنەوەی ئاوێتەی بابەتی ڕووداو و گەیاندنی بە خوێنەر بە ڕواڵەتێکی نوێ.
بابەتیش(١) بۆ چارەسەری مەسەلە ئاڵۆز و گرێ کوێرە دەروونییەکانی ناوەوەی مرۆڤە کە هەریەکێ لە ئێمە بێ گومان



دووچاری بووە و دەبێت وەکو ئەزموونێکی ڕۆژانە و هەمیشەیی و گۆڕاو کە لە ناویان دەکۆڵێ و دەخولێتەوە, هەر کەسە بەپێی ئاستی خۆی و ڕۆشنبیری و زانستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی خۆی هەڵوێستی بەگوێرەی بۆچوونەکانی چارەسەرکردنیشیی بەجۆرێکی زۆر گەشبینانە و زانستی کە سیمای چیرۆکەکەی لە ئاستیا.. هاوشان کردۆتەوە ئەویش بەسەرکەوتنی لایەن و گروپی ئاشتی خواو ڕۆژو چاکەو ڕاستی بەسەر جەمسەری شەڕخواز خراپە شەو درۆ, کە مایەی دڵنیایی و ئارام بەخشن بۆ خوێنەر, کە تۆپاندنی(دێوە بۆرە) کۆتایی(مارە کوشندە) کەیەو(کەو)ە کەیش بە قاسپەی سەر لوتکەی سەرکەش بەسەربەستی خۆی دەخوێنێ و ڕاوکەریش بۆی نییە ڕاوی بکات, هەمان شت لایەنی دابڕیش گۆڕبەگۆڕ دەکرێت وێجاش لە دەستکێشی ڕاوکردنی کەوی دۆستی دەکەوێت و دەبێتەوە بە کەوەکەی پێش(کەومار)
٢- ترس هەروەکو نەخۆشییەکی دەروونی و گرێیەکی غەریزی مرۆڤایەتی و ناخی مرۆڤ سڕینەوەی لە توێی ناوەوەی و جێکردنەوەی, بە بڕواو شیکردنەوەی زانستی و ڕۆشنبیری و دەروونی گەڕان بە دووای هەوراز و نشێوەکانی دەروونی و یەکاڵاکردنەوەی چارەسەرکردنی.
٣- (وەهم) و ڕەنگدانەوەی ئەفسانەیی مێژوویی لە گوزەرانی خەڵکی سادە و کاریگەری دابڕێ لەسەریان و چۆك پێدادانیان لەڕووی کۆسپەکاندا. دەربارەی ناونیشانیش دەمەوێ بڵێم:

(کەومار) وەکو دەرخستنی دوولایەنی هاودژی دەروون و بابەتی (هاودژێتی- التضاد) ی دەروونی مرۆڤایەتی هاودژن لە رووی (جۆرو چۆنیەتی) کە یەکەمیان (کەو) ە کە یەو (باڵدارە و – ئەفڕێ – بێ زیانە- ئەخوێنێتیش) بەڵام دووەمیان کە(مار) ە کەیە (خشۆکەو- قەڵەمبازدەرە- زیان بەخشە- ژەهرێکی کوشندەش دەردەدات)، بەڵام هەرچی هاودژی(کەو)و (کەومار) یشە, جیاوازییەکەیان رێژەییە کە لە(چەند)دا لە یەك دەچن وەکو ئەوەی (باڵدارن- ئەفڕن) بەڵام لە(چۆن) دا هاودژ دەبنەوە وەکو ئەوەی کە لەسەرەتای باسەکەماندا باسکران. ئەمیش پێوانەیەکی سروشتی سەرجەمی قەوارەی گشتی مەسەلە هاودژەکانی ئامێزی سروشت و سروشتی ژیانی بەردەوامی مرۆڤایەتییە لە هەمان کاتیشدا لەبارەی لێکچواندنەوە دەووترێت.

* لە کوردستانی نوێ- ل ٣ ژمارە ١١٣ی سێشەمە ١٩٩٢/٦/٩ ی ١٩/ جۆزەردان/ ٢٦٩٢ دا بڵاوبووەتەوە.



## کاتێك مێژوو بۆ ئەدەب دەبێت بەسەرچاوە، یاخود بەپێچەوانەوە..؟

## خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ رۆمانی (ئەودیوی مانگ تاریکستانە) ی مامۆستا جەلیل محەمەد شەریف

رۆمانەکە دوو ناوی هەلگرتووە: ١- ئەودیوی مانگ تاریکستانە. ٢- سێ رۆژ لە مێژووی شارێك, کە ژمارە ١٦ی لە زنجیرە کتێبی دەزگای شەفەقی پێدراوە. نووسیاری رۆمانەکە مامۆستای خۆخانەنشینکراو(جەلیل محەمەد شریف لەتوێی ١٤٤ لاپەرەی ناوەنجیدا لەبەرگێکی رەنگاڵەی چوار رەنگیدا لە چاپخانەی ئاراس لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوەو ژمارە ١٥١٤ ی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەولێر دراوەتێ. رۆمانی ناوهێنراو مۆرکێکی ریالیزمی لە ئامێزگرتووە باسی رۆژانی ١٤ و ١٥ و ١٦ ی گەلاوێژی ١٩٥٩ ی شاری کەرکوك دەکات کاتێك لە ساڵرۆژی یەکەمی شۆرشی ١٤ ی گەلاوێژی ١٩٥٨ ی ئێراقدا بەدەستپێشخەری زەعیم کەریم قاسم بەرپاکرا. مامۆستا جەلیل لەم رۆمانەدا جگەلەوەی مێژوویەکمان بەبای یادەوەریماندا دەپرژێنێت مێژوویەکی تازەیشمان بۆ دەنووسێتەوە مێژوویەکمان بۆ دەکات بەسەرچاوەی رۆمانێك و رۆمانێکی مێژوویی تازەیشمان بۆ دەچنێت لەرێی گێرانەوەی چیرۆکێکی درێژ و بەزمانی ئامرازی سێیەمی تاك و دیالۆگی گروپێك کارەکتەری ژیاوی سەردەمی

ڕووداوەکانی ئەوسای کەرکوك و ڕاستینەی ڕووداوەکان لە زاری شایەدحاڵەکان و کۆنگرەیەکی ڕۆشنبیرانەدا بۆ تاووتوێکردنی مەجرای کار و کاردانەوەکان و لە ڕوانگەی کەرکوك ناسێکی بێلایەنەوە بابەتیانە هۆکارە ناوەکی و دەرەکیەکان ببینین و شیکاری ژیرانە و زانستیانەی تاکو هێڵی گشتی و پانی و وێنە و گۆشە و لاکانی لۆژیکانە بە زمانێکی سادە و ساکاری ڕاستەخۆ و ڕاپۆرتانە و دیکۆمێنتاریانە لەسەر تەناڤ ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کوچە و گۆشە تاریك و نادیارەکان بۆ خوێنەر ڕۆشن دەکاتەوە. دەکرێ ناوی ڕێپۆرتاژێکی دیکۆمێنتاری لێبنێین یاخود لەشێوەی تۆژینەوەیەکی چیرۆك ئامێزدا تۆماری بکەین، یان یاداشتنامەیەکی مێژوویانە کە نووسەر لە پاڵ پاڵەوانی ڕۆمانەکە (ئەحمەد لوڕ)دا خۆی شاردووەتەوە. پاشان وەکو چیرۆك خوانێك کوڕی بەرخوانی کۆنگرەکەوشیکەرەوەی دەوروخولی ڕووداوو کەسێتی و، داب و نەریت و لایەن و گرووپ تێکچڕژاوەکانی تەوەرە سەرەکیە ململانێکەرانی دیاردەکە(بابەتی ڕۆمانەکە)دا وەکو خدری زیندە دەردەکەوێت. باس و خواسی ڕۆمانەکەتەنیا ڕۆشنکەرەوەی ڕووداوەکانی سێ ڕۆژەکە نییە، بەڵکو دەرخستنی ڕاستییە شاراوەکانی ڕووداوەکانە بەپێچەوانەوە و هاودژی ئەو ڕاستی و قەناعەتە باو و زانراوەکانە ڕۆمانەکە ڕێچکە شکاندنێکی نوێباوە لە بابەتی چیرۆکە مێژووییەکەدا، کە ململانێی نێوان کورد و تورکمان لەسەر و بەندی ساڵیادی یەکەمی شۆڕشەکە



بەڕوانینێکی مرۆڤانە دوور لە هەر هەناسەیەکی ڕەگەز پەرستانە، ڕەهەندێکی ڕۆمانەکە باسی ئاستی توند و تیژی دەکات لە ئەنجامی ململانێی نەتەوەیی نێوان دوو میللەتیدا سەرەڕای هۆکار و پاڵنەرەکانی کە ڕەنگدانەوەی باری گۆڕاوی سیاسی وڵاتێکە لە ماوەی ساڵێکدا. ڕۆمانەکە تەنیا لە دێڕەکانی سەرەتایدا نەبێت هیچ خەیاڵ و ڕەمزێکی تێدا نییە ئەویش بە کەسایەتیەکی سەرەکی(پاڵەوان) دەستپێدەکات، کە هەگبەیەکی بەشانەوەیە دووچاوی هەیە، چاوێکیان هەندێ گوڵە نیسان و گوڵە خاتوونە و حاجیلەی وشکەوەبووی تێدایە، گوڵەکان ژمارە و مێژوویان بەسەرەوەیە، لێرەدا دەپرسین ئایا مەبەست لە چاو چاوی ئاسایی مرۆڤە یاخود چاوی دی؟ ٢- مەبەست لە چاوی هەگبە کە شوێنی سەرەوەی کرانەوەی هەگبەکەیە.. دیارە لێرەدا وەکو لەل روونیدەکاتەوە شیانی دووەمی مەبەستە بەڵام دەبوایە لە جیاتی (چاو)(دەم) ی بەکاربهێنایە چونکە کورد بۆ ئەمە دەڵێ: (گوێنی یان گونیە، هەگبە، جاخ) ە کەی کردەوە یان بیکەرەوە چاویش بۆ کانی سەرچاوەی ئاو بەکاردێت بەڵام بۆ ئەو جۆرە شتانە دەم یا سەر بەکاردێت (چاوەکەی تری هەگبەکەی.. چەندین لاپەڕەی ئەم و مژو هەواڵی شەهید بووانی سەر دیوارەکان و دەست بڕین و چاو هەڵکۆڵین و قەنارەی تێدا ئاخنراوبوون..) شێوازی نووسینی ڕۆمانەکە(دەربڕینی ریالیزمانە- التعبيرية الواقعية) بەم شێوەیە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت جگە لەمانەش نووسەر سوودی

لەشێوازی نووسینی سیناریۆی شانۆیی بینیوە وەك لە دێڕی یەکەمی ل٥ ڕۆمانەکە باس و وەسفی کەسایەتی پاڵەوانەکەی دەکات بەڵام تا کۆتایی نابینین باس لە پەیوەندی نازناوی پاڵەوانەکە  بە بابەتی ڕۆمانەکە بکات یاخود چۆن و کێ ئەو ناوەی پێوە لکاندووە.

بەشەکانی ڕۆمانەکە:

١- لە ل ٥- ١٣ نووسەر بنەمای ڕۆمانەکەی چنیووە(پێشەکی)

ب- لە ل ١٤- ١٦٦ باس و خواسی ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکانە.

ج- لە ل ١١٧- تاکو دێڕی چوارەمی ل ١١٨ باسی ڕۆژی دووەمی ڕووداوەکانە.

د- لە ل ١١٨- ١٢١ ڕۆژی سێیەمی ڕووداوەکانە.

هـ- لە ل ١٢١- ١٢٥ ڕۆژی ١٧ تەمموز(ڕۆژی ٤)

و- لە ل ١٢٥- ١٣٢ ڕۆژی سێیەم(بیرەوەرییەکی نووسەر لەسەر هاتنی سەرۆکی پارتیی بۆ کەرکوك.

ز- لە ل ١٣٢- ١٤٤ حەبکە (بەستنەوەی پێشەکی و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە و کۆتاییپێهێنانی وەك دەردەکەوێت ڕۆژی یەکەم ١١٢ لاپەڕەی بردووە لە کۆی(١٤٤) لاپەڕەی کە دەکاتە چوار لەسەر پێنجی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە ئەمەش لاسەنگیەك بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت لەگەڵ خوێنەردا دەپرسین دەبێ چ وای لە نووسەر کردبێت ڕۆژی یەکەمی کردبێت بە بەشی سەرەکی ڕۆمانەکە.. ڕووداوەکان یان ڕێکەوتی ڕۆژەکان لەگەڵ یادی شۆڕشەکە یان



ژمارەی ١٤ پەیوەندی بە دیوێکی مانگی چواردەشەوە هەیە.. یاخود شتی دیکەیەو نایزانین؟ بەپێی ئەو داتایانەی سەرەوە دەتوانین ڕۆمانەکە بکەین بە(٧) بەشەوە.

(١)پێشەکی ڕۆمانەکە کە (ئەنسێرتەکانی گرتەکانی) دامەزراندنی.

ڕۆمانەکەیە(ب- ج- د- هـ- و) ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە.

(ز) کۆتایی و ئەنجامەکانی ڕۆمانەکە دەستنیشان دەکات چەند سەرنج و تێبینییەکی ڕێزمانی و زمانەوانی و ڕێنووسی ڕەوانبێژیمان لە ڕۆمانەکەدا بەدیکرد نموونەیەك لەوانە دەستنیشاندەکەین، ئەوانیش بریتین:

ل ٦ دەرچوو لە شار- لە شار دەرچوو ل ٧ تخوا- توخوا ل ٨ تەم و مژ- تەمومژاوی ل ٩ دەکردە- دەیکردە ل ١١ هەر لەوساوەی هێشتا ئەحمەد بوو- هەر لەوساوەی هێشتا نازناوی (لوڕ)ی پێوە نەلکابوو. ل ١١ چاویان لێ ئەنجن ئەنجن دەکەنەوە- چاویان لێی مۆڕ دەکەنەوە(ئەنجن) واتە لەتکردن. ل ١٥ توندوتیژی بوو- توندوتیژانە بوو. ل ١٥ سرنج- سەرنجی تێگرد- تێگرت(بەکارهێنانی شێوەزاری ناوچەیی) پشدێن- پشتێن ٣- قلە خورما- دەنکە خورما. ل ١٦ ڕووی هاتن- ڕووبەڕووی هاتن. ل ١٦ بە یەکێکی تەك خۆیەوە ووتی- بە کەسێك کە لە تەك خۆی وەستابوو ووتی. ل ٢٢ پڕیە لە واتای هەڕەشە- پڕی لە واتای هەڕەشەیە. ل ٢٨ توومەت- تۆمەت. ل ٢٨ بشەڵقێ- بشڵەقێت. ل ٢٩ موفناتیس-

موگنـاتیس. ل ٢٩ ملنـات بـۆ مـرۆڤ نابێـت بـۆ ئـاژەڵ بـەکاردێت (هەنگاو نان چوونە پێش) باشترە. ل ٢٩ ئەو سامانەی پێکمانەوە نابوو- ئەو سامانەی پێکمانهێنا بوو. ل ٣٠ بە سایی- لە سایەی. ل ٣١ تۆبزاوە- تۆپزاوا. ل ٣٢ خەمخواری- خەمخۆری. ل ٣٢ (شێخ جەلال) دا لە تەپە- شێخ جەلال لە تەپەدا. ل ٣٥ جیاوازبوون سەربەخۆ- جیاواز و سەربەخۆ بوون. ل ٣٦ زەلام- پیاو(خەڵکی لادێ بەپیاو دەڵێن: زەلام نەك شارستان. ل ٣٧ بابەتی دەروونی- هەست و دەروونی. ل ٣٩ بۆ گەرەکی- بۆ گەڕەکێکی دی یان تر. ل ٤٠ فتیل- پلێتە. ل ٤٨ بەلاوە- بلاوە. ل ٦٢ ئالتر- کالتر. ل ٦٥ سەرتەبەق- سەربەرە, کورد دەڵێ(ئەوەی ژێر بەرەی خستە سەر بەرە) ل ٦٧ ڕێژە- ئاست. ل ٦٧ ڕووباری ڕێرەوی گشتی- شەپۆلی دەریا یان ڕەوتی تەوژم. ل ٧١ کەوت- بەرکەوت. ل ٧١ هەموو- هەمووان. ل ٧٢ هەڵقوولاوە- هەڵقوولابێ. ل ٨٢ پێ بوو- پێبوو. ل ٩٢ لە ترسان- لە ترسانیشدا. ل ١١٥ بەدەم ڕێگاوە کاوێژی کردووە- کاوێژ بۆ ئاژەڵ دێت, وڕێنەی دەکرد باشترە. ل ١١٧ نەبەستراوە- سەرەڕۆ یان بەرەڵڵا باشترە, نەبەستراوە بۆ ئاژەڵ دێت. ل ١١٩ لە- لە بەرانبەر. ل ١١٨ دێڕی(٤- ٥) ڕستەکە ڕوون نییە جگە لە هەڵەیەکی زۆری چاپ کە هەموو لاپەڕەکانی گرتووەتەوە کە لە ژمارە نایەن دەبێ هەڵەچنی کتێبەکە کە خۆیشی تایپیستی ڕۆمانەکەیە ڕاستیەکانی چن کردبێ نەك هەڵەکان.



★ کتێبەکە تیراژ و نرخی بەسەرەوە نییە با پرسیارێك لە خۆمان و نووسەر بکەین.

پ/ نووسەر بۆچی ناوی مانگی کردووەتە تویی ناونیشانی ڕۆمانەکەی. ئەگەر مەبەست لە پیرۆزی مانگ بێت هەروەکو هەر ئەستێرە و هەسارەیەکی بۆشایی ئاسمان لە ئەفسانەکانی پێش مێژوو دووای ئەویش هەر بەردەوامی هەبووە تاکو ئێستاش بۆیە شکاندنی ئەو تەلیسمە ئەفسوناوییە بەوەی مانگ هەروەکو هەر تەنێك لە ڕوانگەی هونەرییەوە لە گۆشەی بینراوییەوە بەپێی (زانستی بینین- علم المنظور)perspective ڕووناکە و دیوی پشتی تاریکی shedaw دایدەپۆشێت, ئەم تێزە هونەرییە بەسەر بابەت position ێکی سیاسییدای ساخکردۆتەوەو سەنتێزێکی فەلسەفی بە نموونە کردووە بە بالای ڕۆمانە گریمانە کراوەکەی و تاقییان دەکاتەوە تاوەکو خوێنەر و ڕای گشتی کوردی و کوردستانی پێ قایل بکات بەمجۆرەی خوارەوە پاساو بۆ بۆچوونەکانی دێنێتەوە. (بۆ نموونە شاعیران کە بەرانبەر ڕووی مانگ ڕادەوەستن و سەیری سیحری ڕووخساری دەکەن, یەکسەر سۆزی شیعر گوشینیان دەپشکوێ, ڕووخساری دڵدارەکانیان دێنێتەوە یاد, بەڵام چەندی لێی ووردبنەوە ئەوەیان بە ئەندێشە دانایە کە ئەودیوی مانگ تاریکە.. بۆیە دەڵێم ڕاستییەکان ڕێژەیین, لەوانەیە ئەوەی لای من ڕاستە و یاساییە لای یەکێکی تر پووچ و بەتاڵ و ناڕاستە) ئەمەش لە دیالۆگی سەر

زمانی(عەبدولسلام)ی شاعیر دەخوێنێتەوە کە کەسێکی پێشکەوتووخوازیشە.

نووسەر بۆچوون و نموونەکەیشی بە کورتی و ڕوونی لە خاڵی ئامانجەکەیدا چڕدەکاتەوە تاوانبارانی ڕۆژانی تەمووزی ئەوساڵە هەر هەموو دەستگیرکران و درانە دادگا و حوکمی خۆیان بەسەردا سەپێنرا.. کەواتە هەرچەند تاوان هەبووبێ سزاکەیشی بە دووادا هەبووە.



## کەڤاڵی و مرۆڤ و.. ئەشکەنجەکانی

کاتژمێر دەی سەرلە بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٧- ٣- ١٩٩٤ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە ئاو و هەوایەکی ئازاریدا پێنجەمین پێشانگەی خودی هونەرمەندی کورد کاك عەلی دەروێش لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغا کرایەوە پێشانگەکە زیاد لە ٥٦ کەڤاڵی هێڵکاری و ئاودار و ڕۆنداری لە خۆگرتبوو کە بەخامەی جافی ڕەش و بۆیەی ئاوی و ڕۆندار کێشرابوون بە دوو شێوازی(دەربڕینکاری- تعبیری) و (ڕیالیزمانە- واقیعی) نەخشێنرابوون. بابەتەکانی لە ژێر ناونیشانی مرۆڤ و ئەشکەنجەکانی مرۆڤایەتیدا بوون کە دەربڕی کارەساتەکانی جەنگ و نەخۆشییە دەروونییەکان و برسێتی و توندوتیژی و تیرۆر و داپلۆسینی ئیمپریالیستانەی ئەمەریکا و ڕژێمە ڕەفتار ئاساکانی لە جیهاندا و ئازارەکانی ئافرەت و خۆشەویستی سەردەم و دیمەنی سروشتی و پۆرترێت و هتد.. بوون ئەوەی جێی سەرنج بوو پێشانگاکە جەماوەرێکی زۆر کەمی لە خۆگرتبوو گەر هاتوو بەراووردیان بکەین لەگەڵ جەماوەرانی هەمان ئەو کەڤالانە کە پێشووتر لە مانگی - ١٢/ ١٩٩٣ لە پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوك ئامادەبوون ژمارەیان پەنجەکانی دەستی پڕ نەدەکردەوە هەروەکو لە دەفتەری تۆماری پێشانگەکەدا

دەردەکەوێت ئەمەیش ناگەڕێتەوە بۆ کەمی جەماوەری ڕۆشنبیر و هونەردۆستی کورد لە بەغایا بەڵکو بەڕای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ڕاگەیاندن و بانگەشە بۆکردنی پێشانگاکە دیاریکردنی کاتی کردنەوەی پێشانگەکەش زۆر. لەبار و گونجاو بوو تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ کۆتایی هاتبوو کاتی دەوامی کۆرسی دووەم بوو هەرچەند بڕیاریش وابوو لە ڕێگەی ئیزگە و تەلەفزیۆنەوە بەسەربکرێتەوە کەچی ئەمەشیان نەبوو بۆیە پێشانگەکە ڕووکارێکی هەژارانەی پێوە دیاربوو کە شایەنی ئاوڕدانەوە و بایەخ پێدان بوو بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ لە لایەنەکانی دییەوە کەمتەرخەمی لەگەڵدا نەکراو بایەخی شیاوی پێدرا لە ئامادەکردن و یارمەتی دڵسۆزانە هیوادارین لە دووا ڕۆژ لە کردنەوەی پێشانگەی دی هونەرمەندانی کوردا زیاتر بایەخ بە لایەنی ڕاگەیاندن و بانگەشە بدرێت. ئەوەی جێی خۆشحاڵی یە ئەوانەی پێشانگاکەیان بینیبوو مایەی شانازی و ڕێز و ڕەزامەندییان بوو ئەوەیش دڵنەوایی کردنێکە بۆ سەرکەوتنی پێشانگاکە لە پێکانی ئامانجەکانی هەروەکو ڕەسوڵ هەمزەتۆڤیش دەڵێ: مەرج نییە ئەو کتێبەی دەینووسم هەموو کەس بیخوێنێتەوە بەڵکو تەنها کەسێك بەسە وەك خۆم لە نووسینەکەم گەیشتبێت)

لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی کەڤاڵەکان ئەوەندە دەهێنن هەر کەڤاڵێك بە کاتژمێر لە ئاستیا ڕابمێنێ و بتدوێنێ کە تۆماری مێژوویی ژیانی مرۆڤ بە (فلاش باك- تداعی) بگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو



هەروەکو یەکێك لە جەماوەرانی پێشانگاکە دەریبڕیبوو ئەوەندەی تریش دەهێنێت لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێت کە شایانی ڕەنج و تەقەلا و هیلاکبوونی هونەرمەندەکەی بێت و هاوسەنگی بێت. سەرکەوتنی هەر کارێکی وێژیی یا هونەری یاخود زانستی هتد.. وەك جووت باڵی کۆترێك وەهان کە باڵێکیان هونەرمەندە و بەرانبەرەکەی جەماوەرەکەیەتی چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت لە گۆشە نیگایەکی هۆشیارانە و ڕۆشنبیرانەوە هەڵبسەنگێنرێت هەروەکو د. حمدی خمیس لەو بارەیەوە ووتوویەتی (دەبێ جەماوەر بە هەمان قۆناخی داهێنەرانەی داهێناندا بڕوات تا بگاتە لوتکەی پێکانی بەرهەمەکە) بەمەش جەماوەر مافی کارەکە و هونەرمەندەکە دەدات و دەیانخەملێنێت و چێژی تەواوی هونەری ڕاستەقینەی خۆیشی لێ وەردەگرێت. بەپێی ئەوەی لە هونەرمەند و کەڤاڵەکانیەوە نزیکم زیاتر لە هەر کەسێکی تر شارەزایی دەروونیم لە بارەیانەوە هەیە هەر بۆ یەش پەیوەندی نێوان هونەرمەند و بەرهەمەکانی زیاتر ئاشنام بۆیە دەتوانم بڵێم کەسایەتی هونەرمەند و کلۆڵی و هەژاری و بێزاری و لایەنە دەروونیەکانی دی کەڤاڵەکان زۆر نزیکن لە ناخی داهێنەرەکەیانەوە ئەمەش خاڵێکی خۆپەرستانە و زاتی و یەکلایی نیە بەڵکو مانای ئەوەیە کە نیگارکێش سەرەڕای ئەوەی وەك هونەرمەندێك واقیعە دەروونی و دیاردە ڕاستی یەکانی بە ڕاستگۆیانە دەربڕیوە وەکو ئینسانێکی ڕاستگۆ و قاڵبووی

ناوجەرگەی کێشە هەڵایساوەکان بێ هیچ رتوش و ئارایشتێك دوور لە ئاوو هەوای پیسبووی دابڕی شارستانێتی دەریانیخستووە کە وەکو هاوکێشەیەکی گشتی لەگەڵ دەروونی کۆمەڵگەدا هاوبەشن گەر هاتوو ئەوانەی لە نزیکەوە هونەرمەندیان بینیبێ هیچ خۆ هیلاك کردنێك ڕاستی کەسایەتی و هونەرەکەیان بۆ دەردەکەوێت هونەریش ئەو ئامرازە پیرۆزەیە ڕاستی و ڕاستگۆیی ژیان دەردەخات و دەیانگۆڕێتە واقیعێکی بەرجەستەی دوور لە وێنەگرتنی فۆتۆگرافیانە بۆیە لێرەدا دەتوانین بە ڕاشکاوی و بێ هیچ زیادەڕۆیی و هەرزەگۆیی و پێدا هەڵدانێك کە پێویستی پێیان نیە بڵێین کە هونەرمەند لەم پێشانگەیەیدا هەروەکو پێشووتری سەرکەوتنی بە دەست هێنا پەیامە هونەرییەکەی خۆی گەیاند بە جەماوەر و پێخۆشحاڵ بووین کە ڕاستییەکان وەکو مێژوویەکی هونەری تۆمارکران و هەڵوێستی خۆی سەلمان لە دەرخستنی نەخشەی ئازار و ئەشکەنجەکانی مرۆڤ و سەردەم بێ هیچ دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و دوودڵی هونەرمەندیش لە پێش داهێنان و ڕەنگدانەوەیان لەبەرهەمی هونەریدا نیشانەی ئەو دوودڵییە هزرییە نەك دوودڵی سایکۆلۆژی کەسی ئاسایی، کە بەراووردکردنیان ئەنجامی جیاوازی هەیە، گەرچی سەرچاوەکەیان یەکە، ئەویش خەمی مرۆڤانەیە، بەڵام مامەڵکردن و ئامراز و چارەسەریی و گۆشەی ڕووانینەکەی ئەو جیاوازییە دروست دەکەن.



## خوێندنەوەی یەکەم و بابەتییانە بۆ ڕۆمانی

" فەرەنسیە ڕۆمانسییەکان" ی ئەردەڵان عەبدوڵڵا

پاش ١٥ سال لە گەشتی ناچاری و گەڕان بەرەو ئەوروپا، کاك ئەردەڵان عەبدوڵڵا توانی دوای خوێندنەوەی زۆر، ڕامان و بینین و بیستن و گوزەران و ئەزموونەکانی خۆیی و ڕەوەندی کوردی، و گەلانی ڕۆژهەڵات و ئەفریکی و ئەمریکای لاتینی و ئەوانەی بەدەستی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەنیان دووچاری کارەسات و ماڵوێرانی و پاشان ئاوارەیی و سەرگەردان و قەلەندەری هەندەران بوون، لەوێش دیسانەوە لە نێوان بەرداشی ( ئێرە و ئەوێدا ) نامۆبوون و مەنفا بووە بە مەنزڵگایان. ئەوروپا جگە لە پەرتەوازەبوونی گیانی و دەروونی، هیچی دیکەی پێنەبەخشیون. ئەردەڵان عەبدوڵڵا توانی هەموو ئەمانە کۆبکاتەوە و لە شاکارێکی داهێنراوی هونەری ڕۆماندا، چڕیان بکاتەوە و پووختەی گەشتەکەی لەم تۆمارە وێژەییەدا بە ئەنجام بگەیەنێت و بیخاتە بەردەست و چاوی خوێنەرانی کوردەوە.

لە زنجیرەی دانراوەکانیدا ژمارە ( ٤) ی چاپکراوەکانی لەنێوان ( ژنە مۆدێرنەکە، کۆمەڵێك کورتە چیرۆك، ساڵی ٢٠٠٤ ) بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا، ٢٠٠٦ تا ( چەند دێرێك لەسەر ژیانی ولیەم رایس، ٢٠٠٦).

ئەم بەرهەمەی یەکەمین ڕۆمانیەتی کە ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ وە دەستی بە نووسینی کردووە و ساڵێکی پێچووە تا دواپاکنووسی کردووە. بۆیە دەستبردن بۆ ڕۆمانەکە دوای ( ٣) ئەزموونی دیکەی نووسین دێت، کە بە هونەرەکانی پەخشان ناودەبرێن. ئەم ڕۆمانە (١٥٤) لاپەرەی قەبارە ناوەنجی پڕکردووەتەوە و بەناونیشانێکی نائاسایی و کۆمیدیای ڕەخنەگرانە دەستی پێکردووە.

سەرەتا کاتێك ناونیشانی سەر بەرگی ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە، وا دەزانین ستایشی ڕۆمانسییەتی فەرەنسەوییەکان لەلایەن نووسەرەوە دەکرێت، بەڵام پاش خوێندنەوەی تەواوی ڕۆمانەکە (کۆنتراست، هاودژی ) و ( لاقرتێ و گاڵتەجاڕی – کۆمیدیای ڕەش – تەنز)انەی ناواخنەکەی دەبینینەوە. بە شێوازێکی ڕیالیزمی ئیکسپریشیسمانە (واقیعی دەربڕیخوازانە )، دیمەن و دیاردەکان وەکو فیلمێکی ڕاستەقینە چیرۆکەکانی ڕۆژانەی پەناهیندەکانی کورد و عەرەب و ئەوانی دی، گرتە گرتە بە وێنەگرتنێکی زمانەوانیانەی سادە و ساکار و دوور لە خۆکردن و زاراوەسازی، ڕەوانبێژییانە وەکو ئەوەی نیازی بێت بڵێ پەیامەکەی بۆ هەمووانە، بەڵام خوێنەری ئاسایی بە بنەما و ئامانج گرتووە و، لەگەڵیاندا خوێنەری نوخبەیش کێشەی لەوەدا نییە، چونکە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە خەمی هەموو ڕەوەندی وڵاتە بە هاووڵاتی و ڕۆشنبیریشەوە. بەو پێیەی کێشەی بوون بە گشت ئاستەکانییەوە



کە بە پەیژەی ( ماسلۆ) ناسراوە لە سێگۆشەی هەڕەمی وێچوویدا خەمەکانی ( نیشتەجێبوون، خواردن و خواردنەوە، خزمەتگوزاری، سێکس، مافە مەدەنییەکان.. هتد) خەمی ژیان و گوزەرانی هەمووانە. لەسەرەکیترین و سەرەتاییترین بونیادی بوونی گشت مرۆڤەکاندا بەبێ جیاوازی و، بە چاوپۆشین لە ڕەنگ و زمان و ئایین و مەزەب و تایەفەگەری و ڕەنگدانەوەی هەستییانە و دەروونیانەی لەسەر هەڵسوکەوت و دەقی جەستە و ڕەوشتیان بێ نکۆڵیکردن و مشتومڕ هەڵناگر دادەنێت. دەگرێ وەکو ئەدەبێکی ڕەوەندی بونیادگەریانەی نامۆگەرایی، چاوی لێبکرێت. چ وەك تاك و گرووپیش.

سەرەتای ڕۆمانەکە بە ئاپۆرەی خۆپیشاندەران، دەستپێکی تەوژمداری بەهێزی وەکو گرتەیەکی وروژاندنی زەینی خوێنەری ئاسایی بۆلای دەقەکەی چەشنی موگناتیس کێش دەکات. ئەم دیمەنەش، سێ جاران لە توێی دێڕەکانی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکدا بە جیاوازی گرووپ و پاڵنەرەکانییەوە دەبینرێت. خۆپیشاندانی یەکەم لەلایەن خەڵکی شاری ( کالێ. Calais ) وە بەرپادەکرێت، کە دژ بە پەناهەندەکانی کەمپی کالێیە، بە مەبەستی داخستنی کەمپەکە و دەرپەڕاندنی پەناهەندەکانە، کە لەمیانەی چەند کەسێکی ژن و پیاوی شارەکەوە و دیالۆگی نێوان خۆیان، کەسایەتی و هۆکاری خۆپیشاندان و داخوازییەکانیان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. پاشان وەکو دەرهێنەرێك ئاوێنەی کامێرا بۆ

کەمپەکە دەگوازرێتەوە، تاوەکو هەردوو تای تەرازووی ململانێکە بەبێ سەپاندن و لۆژیکانە لەلایەن کارەکتەرەکان وەکو خۆیان بەبێ مەکیاژ بگوازرێتەوە.

لە خۆپیشاندنای دووەمدا وەکو کاردانەوەیەك لە درێژەی ئەو واقیعە تاڵەی نێوان کەمپەکە و ڕەفتاری فاشیستانەی خەڵکی فەرەنسەوی دانیشتووانی شاری کالێ بەرامبەر پەناهەندەکان، دانیشتووانی کەمپەکە بەبێ مۆڵەت وەکو دوا پەناگە ناچاری خۆپیشاندان دەبن کە لە بەردەرگەی کەمپەکەوە دەستپێدەکات، تاوەکو ناوەندی شار و سەرکوتکردنیان لەلایەن فاشیستەکان و پۆلیسەوە. بە پێچەوانەی خۆپیشاندانی یەکەم، لە ئاراستە و هەڵوەستەکردن و ئەنجامگیرییەکەی.

خۆپیشاندانی سێهەم لەلایەن بەناو ئاشتیخوازانی فەرەنساوەیە بەرانبەر لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٢.

کۆتایی ڕۆمانەکەیش بەگرتن و دەستگیرکردن و دیپۆرتکردنەوەی چەند پەناهەندەیەکی کوردەوەیە لەلایەن پۆلیسی فەرەنسا، بە دەسەڵاتدارانی بەعسی عێراقی و گەڕانەوەیان لە ڕێی ئوردنەوە بەدەست و چاو بەستراوی و لێدانی عێراق و مەرگی دەستگیرکراوەکان و سێ فەرەنسەوییەکەی کە بەوەفدێك بۆ پشتگیری کردنی عێراق ( دژ بە ئەمریکا هاتوون ) دێت. ئەوەیش ترۆپکی کارەساتەکەیە کە کۆتایی بە ( قەیران، ململانێ، گرێ،



کێشەکان ) دێنێت و مۆرکێکی تراژیدیانە و مەرگەساتبارانە بە ڕۆمانەك دەبەخشێت.

لەدەقی ڕۆمانەکەدا چەند پەیامێك دەردەکەون کە نووسەر دەیەوێت بە خوێنەری بدات. لەسەر ئاستی سیاسی پێمان دەڵێت : بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری وڵاتە ڕۆژئاوایی و ئەوروپیەکان، لەپێش ئەو دروشم و ڕێبازانەوەیە کە لە توێی مێژووی سیاسی و کلتووری و شارستانی و مرۆڤایەتی دا پێیان دەناسرێنەوە، بەتایبەت وڵاتێکی وەکو فەرەنسا، کەخاوەنی مێژووی شۆرشێکی سیاسی و کلتوورییە، کە بە ( شۆڕشی فەرنسا) لە مێژووی سیاسی جیهاندا دەناسرێت، کە لە ساڵی ١٧٨٩ لە ژێر ناوی شۆڕشی ئازادی و دیموکراسی دروشمەکانی (ئازادیی ، یەکسانیی، برایەتی ) هەلگرتووە. واتە ئەوان شۆڕشیان بۆ خۆیان و بەرژەوەندییە هەرێمایەتی و ناوچەگەرییەکانی خۆیان هەڵگیرساندووە و، لە پەیوەندیاندا لەگەڵ خەڵکی دی و وڵاتان، ئەو مامەڵەیەیان لەدوای بەرژەوەندییەکانەوە ڕێدەکات. نموونەی زەقیش بۆ ئەو بۆچوونانە بە بەڵگەوە دێنێتەوە وەکو: داگیرکردنی ڤێتنام لەلایەن فەرەنساوە و بۆچوونی کۆنتراستیشیان بەرانبەر داگیرکردنی ڤێتنام لەلایەن ئەمریکاوە.

هەروەها داگیرکردنی کۆرسیکا و جەزائیر و وڵاتانی دیکەی ئەفریکا و ئاسیاش با لەو لاوە بووەستێت. هەروەها نموونەی دی وەکو فرۆشتنی چەك و فرۆکە بە ڕژێمە داگیرکەرەکانی عێراق و تورکیا،

بۆ سەرکوتکردن و کیمیابارانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان، ئەمانەش نموونەی بەلگە هەڵنەگری دیکەیە بۆ سیاسەتی دووفاقی ئەو وڵاتە ڕۆمانسیە بەرانبەر گەلانی چەوساوە و وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان.

ئەوەی ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە ( گاندی) باوکی رۆحی هیندستانی یاد دەکەوێتەوە، کە چۆن لە بەریتانیا خوێندنی یاسای تەواوکرد و پاشان هاتەوە دژی ئەو وڵاتە داگیرکارە، ڕابەرایەتی گەلەکەی بۆ سەربەخۆبوون لەو وڵاتە بەناو دیموکراس و پێشکەوتووانەی کرد، کە سامانی نەتەوەکانی جیهانی سێهەم، تاڵان و برۆدەکەن و پاشان هەر خۆشیان بەناوی ئازادکردن و پەنادانیان لەدەست ڕژێمە دیکتاتۆرە دروستکراوەکانی خۆیان، دروشمی مرۆڤایەتی و مافەکانیان بەهەرزانفرۆشی بەسەردا دەبارێنن، ئەم بان و دووهەوایە چەندی بە چەند ؟؟!!

پەیامێکی دی تویی دەقەکە، ئەو ململانێ ناسیۆنالیستەی نێوان پەناهەندەکان خۆیانە، کە سەرباری ئەو وەزعە ناسۆر و تاڵەیان لە ئاوارەیی و نامۆبوون، زمانێکی هاوبەشی مرۆڤانە لە نێوانیاندا دروست نەبووە، تاهیچ نەبێت لەکاتی تەنگانەدا بۆ دڵنەوایی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییانە هانای بۆ بەرن، وەکو ئەوەی کە لە دیالۆگی توندی نێوان (ئامانج) ی کورد (عەلی ) ئەمازیگی بەبەردەوام ئامادەگی هەیە، چ جای نەبوونی زمانی دیالۆگی لۆژیکی نێوان یەك هاو ئایین وەکو ( کورد و عەرەب). هەروەکو لە



دیالۆگی نێوان (عەلی ) و مەلای مزگەوتێکی ئیسلامی، یان دیالۆگی نێوان ( جۆرج و قەشەیەکی مەسیحی).

دیارە جگە لەمانەش کۆمەڵێك پەیامی تر لەم ڕۆمانەدا بەدی دەکرێت وەکو :

★ کێشەی ئازادی و بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیا، وەکو دیالۆگی نێوان (عائیشە)ی کچە عەرەبی جەزائیری و بەڕێوبەرە فەرەنسەوییەکە، لەسەر فڕێدانی سەرپۆشەکەی و پاشان بە بنبەستگەیشتنی چارەسەریی و خۆسووتاندنی کچەکە و مردنی.

★ کێشەی ناشتنی مردووەکانی پەناهەندەکان. ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی کە پەناهەندە لە وڵاتانی بێگانە تووشی دەبێت. چونکە کاتێك یەکێك دەمرێت دەبێتە کێشەیەکی گەورە، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی کەسێك بنێژیت ( ٣ هەزار ئویرۆ). واتە مردووەکان هەموو کۆس و خەمەکانی خۆیان لەیاد دەچێتەوە و مردنەکە لە ڕووی ماددیەوە دەبێتە گەورەترین کێشە بۆیان.

★ ململانێی نێوان نەتەوەکانی وەکو (کورد – تورك) ( عەرەب – تورك)

★ ململانێی نێوان نەتەوەکانی ژێردەستی فەرەنسای کۆن و ئێستاو فەرەنسەوییەکان.

★ ململانێی چینایەتی نێوان تاکەکانی یەك نەتەوە، وەکو ئەوەی لە نێوان ( حەمە ڕامبۆ) ی کورد و قاچاخچی و بازرگان و، لەگەڵ کوردە پەناهەندەکانی دیکەی هاوزمانیدا هەیە.

★ ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە خێزانی پەناهەندەکان تووشی دەبن بەتایبەت خێزانە کوردەکان وەکو ( ناپاکی نێوان ژن و مێرد، دەستێکەڵکردنی ژنەکە لەگەڵ قاچاخچییەکە، یاخود بەجێهێشتنی ژنەکە لەلایەن مێردەکەیەوە بەرانبەر دەرچوونی لە کەمپەکە و ڕۆیشتن بۆ وڵاتێکی دیکە)، بەڵام لەبەرانبەر ئەم هەموو ململانێ و کێشانە چەند دیمەنێکی گەش لە خەمخۆری و هاودەنگی نێوان مرۆڤەکانی هاوچینی فرە نەتەوەیشدا دەبینرێت، ئەمەش وەکو گەشبینی و هیوایەك بۆ مانەوەو ژیان و ئاسۆی مرۆڤایەتی نێوان گەلانی هەژار و چینی چەوساوە دەبینرێت، هەروەکو ئەوەی لەکاتی سووتان و بردنە نەخۆشخانەی کچە عەرەبەکە (عائیشە) و هەوڵدانیان بۆ چارەسەکردنی، دەستگیرکردنی ( ئاراس و جۆرج) لەلایەن پۆلیسی فەرەنسییەوە، شەڕکردنی ( عەلی) لەگەڵ کارمەندێکی نەخۆشخانەکە و کۆبوونەوەی سەرجەم دانیشتووانی کەمپەکە لەپاش مردنی ( عائیشە) و هەوڵدان و مشتومڕکردن لەسەر چۆنێتی کۆکردنەوەی پارە و پوول بۆ ناشتنی. هەروەها بڕیاردان لەسەر خۆپیشاندان و ئامادەسازییەکانی بۆ گێڕانی و دابەشکردنی دەور و کاروچالاکی هەمووان بۆ سەرخستنی ئەو خۆپیشاندانە و، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاستەنگییەکان وەکو ( مۆڵەت نەدانی پۆلیس، هەڕەشەکانی حەمە ڕامبۆ، بۆ پشتگیرکردنی پۆلیسی فەرەنسا ). یان داکۆکی کردنی "ئاراس" لە ژن و مێردێکی کوردی پەناهەندە لە دژی



حەمە ڕامبۆی قاچاخچی. پاشان بەشداریکردنی ( ئاراس و جۆرج) لە خۆپیشاندانی سێهەم و ناردنەوەیان لەلایەن پۆلیسی فەرەنساوە بۆ عێراق لەگەڵ ئامانج و یەك چارەنووسیان لە زیندانی بەعسدا.

پەیامێکی هەرە دیار و زەقی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە، نائومێدکردنی پەناهەندەکانە لەلایەن ( ڕێکخراوە کۆمۆنیستی و چەپەکانی فەرەنسا، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، کەنیسە، مزگەوت ) وە، کە هێماو نیشانەی هەرسهێنانی ئایدیۆلۆژیایە لە داکۆکیکردن و هاریکاریکردن و پەنادانی پەناهەندە و هەژارانە، چونکە ئەوانگەل ڕێکخراوی بارگاوین بە سیاسەت و بەرژەوەندی گرووپە ئایدۆلۆژییەکان نەك هەڵگری پەیام و ڕێبازی مرۆڤایەتی. ئەمانیش بەهەمان دەردی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا، کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان لە پێش هەموو هاوچەمکێکی مرۆڤانە داناوە.

بە بڕوای من ئەمە پەیامی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و نووسەر زۆر تیایدا سەرکەوتوو بووە، چونکە تەنیا بە دروشم و بۆچوونی ئایدۆلۆژی بارگاوی نییە، بەڵکو لە ڕێی کارەکتەر و پارادۆکسە زیندووە واقعیەکانەوە و، بە بەڵگە و نموونەی ڕاست و بەرچاوی حاشاهەڵنەگرەوە خراوەتە بەر دید و ویژدانی خوێنەرەوە و، هەستمان بە شایستەبوونی ئەو قەناعەتە نا ئایدۆلۆژیایانە قایل دەکات.

یەکێك لەو خاڵانەی کە جێگای سەرنجە لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە، کاتێك نووسەر باکگراوەندی کارەکتەرە فەڕەنسییەکان دەگێڕێتەوە، تەنیا باس لە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی ژنەکان دەگێڕێتەوە، وەکو پاڵنەرێکی لۆژیکی و دەروونی بەرانبەر هەڵوەستەکانیان دژ بە دانیشتووانی کەمپەکە، لێ نووسەر تایبەتمەندی پیاوەکان باس ناکات. ئەمەش ناهاوسەنگیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژن و پیاو دا دروستکردووەو، لە ئاستێکی مرۆڤایەتییدا لاسەنگ دەبینرێت. بە بڕوای من نووسەر دەبوایە بەیەکچاو سەیری هەردوو ڕەگەزی کارەکتەرەکانی بکردایە.
ئەمەش وەکو تاکە کەلێنێك لە دەقی ڕۆمانەکەدا هەستم پێکرد.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە بە بڕوای من ئەمە یەکەمین ڕۆمانی واقیعییە و گوزارشت لەو ڕۆژگار و شەوگارانە دەکات، کە هێشتا هاووڵاتیانی گێتی سێهەم تیایدا دەژین.

بەدڵنیاییەوە نووسەر سەرکەوتووانە وێنەی دەروونی قووربانییەکانی بەئەمەکداری کێشاوە و هاوژیانی و ئەزموونی لەگەڵیاندا، ڕاستگۆیی زیاتر و ڤایلکەری بێسنووری پێ بەخشیوە.

سەرچاوە :

فەرەنسیە ڕۆمانسییەکان. ئەردەڵان عەبدوڵڵا. چاپخانەی کۆمپانیای ئاوێنە. چاپی یەکەم. سلێمانی - ٢٠٠٨.



ئازاد محەمەد ئەحمەد ناسراو بە (ئازاد گەرمیانی)

* ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی ئازادی لە دایکبووە.
* ساڵی ١٩٦٩ – ١٩٨١ سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوك خوێندووە.
* ساڵی ١٩٨٢– ١٩٩٤ کارگێڕی و ئابووی لە زانکۆی موستەنسرییە و سەلاحەدین خوێندووە.
* ساڵی ١٩٩٦ – ٢٠٠١ شێوەکاری لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانستگەی بەغدا خوێندووە.
* لە ساڵی ٢٠٠١– ٢٠٠٣ مامۆستای هونەر بووە لە هەولێر.
* ئێستا مامۆستای شێوەکارە لە پەیمانگەی سڤیلی هونەرە جوانەکانی کەرکوك.
* لە ساڵی ١٩٧٨ لە چەندین پیشانگەی شێوەکاری لە کەرکوك و بەغدا و سلێمانی و هەولێر بەشداریی کردووە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی:

* رؤيا وتحليقات غير مؤطرة/ شيعر . بەغدا ٢٠٠١.

* سەمفۆنیای نامۆیی/ شیعر. کەرکوك.

دەستنووسەکانی:

* کۆمەڵێك شانۆگەریی وەرگێڕدراو.

* دوو کۆمەڵە شیعری کوردی.

* کۆمەڵە شیعرێك بە عەرەبی.

* کۆمەڵێك کورتە چیرۆك و هەواڵە چرۆك و ڕۆژانە چیرۆك.

* شەوە زەنگ. یاداشتی (١٤٦) ڕۆژ و شەوی ئەشکەنجە لە زیندانی ئەمنی مەنسووری بەعسیە فاشیتییەکاندا.

* ئاوەزی ژینگەیی و هزری شکۆداری – فەلسەفە ژینگە– وەرگێڕان – ٢٠٠٨.

* چەپکێ وتاری ڕۆژنامەوانی سەبارەت ڕاگەیاندنی کوردی (دانان) (٢٠٠٢–٢٠١١).

* هونەری نیگارکێشان لە سەرەتاوە – ئامادەکردن – ٢٠٠١.

* خوێندنەوەگەلێکی ڕەخنەسازیی بۆ دەقگەلێکی هونەری (١٩٩٢– ٢٠٠١).

* شانۆی کوردی لە کەرکوکدا (مێژوو – بەسەرکردنەوەی ڕەخنەسازیی) (١٩٩١– ٢٠٠١).



* جگە لە (٢٥) پرۆژەی کتێب لە بوارەکانی (چاوپێکەوتن، وتاری ڕۆژنامەگەریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی، هونەریی، ڕیپۆرتاژ، ستوونی ڕۆژنامەنووسی، ڕۆشنبیریی، وەرگێڕان، پەروەردەیی، بیرەوەریی، ڕۆمان، کورتە چیرۆك) چاوەڕوانی چاپن.